# بەیداخ

## نۆڤلیێت

حەمە کەریم عارف

١٩٨٧

http://chrakan.com

ناوی کتێب: بەیداخ

بابەت: نۆڤلێت

ناوی نووسەر: حەمە کەریم عارف

دەرهێنانی هونەری: ئەنجام سەعید

لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد– لقی کەرکووك ژمارە (١٣٥)

چاپخانە: کارۆ

چاپی یەکەم– ٢٠١١

تیراژ: (٥٠٠) دانە

# پێڕست


١– گەشتێکی بلەز بە جیهانی چیرۆکڤانی حەمەکەریم عارف دا ................. ٦

٢– خوێندنەوەی چیرۆك لەنێوان لەزەتخوازی و ................................ ٢٥

٣– بەیداخ ...................................................................... ٤٩

٤– دانی مار ................................................................... ١٠٠

٥– بیست و سێ چیرۆکی زۆر کورت .......................................... ١١١

٦– پێشەکییەکی کورت ....................................................... ١٤٢

٧– شەش چیرۆك بۆ منداڵان ................................................. ١٤٨

٨– ژیاننامەی نووسەر ......................................................... ١٧٦

# له جیاتی پێشەکی

## گەشتێکی بلەز بە جیهانی چیرۆکڤانیی
## حەمەکەریم عارف دا

**ن: جەلال زەنگابادی**

**و: دیدار هەمەوەندی**

**(١)**

چیرۆکنووس و وەرگێڕو نووسەر حەمەکەریم عارف کەرکووکییەو لە ساڵی ١٩٥١ لە کەرکووك لە دایکبووە. کۆلیجی ئەدەبیاتی لە بەغدا تەواو کردووە. یەکەم بەرهەمی شیعرێکە لە ژێرسەرناوی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) کە لە ژمارە (١٧٠)ی رۆژنامەی هاوکای ڕۆژی ٨/٦/ ١٩٨٧٣دا بڵاو بووەتەوە..ئیدی لە نیوەی دووەمی دەیەی هەفتاکانی سەدەی رابردووەوە بەبەردەوامی سەرقاڵی کار ئەدەبی و رۆشنبیرییە.. نۆساڵی هەرەتی لاوی لە پێشمەرگایەتیدا بردووەتەسەر. لە زۆربڵاوکراواندا کاری کردووەو بە ناوی خۆی و ناوی





خوازراوەوە بەرهەمی بڵاوکردووەتەوە. حەمە کەریم عارف لە نووسەرو وەرگێڕە پڕ بەرهەمەکانی بواری رۆشنبیریی هاوچەرخی کوردییە: بەتایبەتی وەرگێڕان لە زمانی فارسییەوە. ژمارەی بەرهەمەکانی چ وەکو نووسین و ئامادەکردن ،چ وەکو وەرگێڕان پتر لە هەشتا کتێب دەبن، کە زۆریان چاپ نەکراون، ئەمە جگە لە چوار کۆمەڵە چیرۆك بەناوی: تیرۆژ، کۆچی سوور، داوەتی کۆچەرییان،و لەخۆبێگانەبوون..ناوی ئەم بەرهەمانەی کە قەترە لە دەریان، نیشانەو بەڵگەی هەمەجۆری کارو دروستی هەڵبژاردنن لە لای چیرۆکنووس: نینا، رۆمانی سابت رەحمان، (نامۆ) رۆمانی ئەلبێر کامۆ، (قوربانی) رۆمانی هیرب میدۆ، (دوورە وڵات) رۆمانی ع.قاسمۆف. (هاوماڵەکان) رۆمانی ئەحمەد مەحموود. (ئازادی یا مەرگ) رۆمانی کازانتزاکیس. ( شکست) رۆمانی ئەلکساندەر فەدایەف. (بێناسنامەکان) رۆمانی عەزیز نەسین. چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی. (زندە خەون) کۆمەڵە چیرۆکی چیخۆف. (فاشیزم چییە؟) کۆچیرۆکی یەڵمازگۆنای، (دادپەروەران)و (بەدحاڵیبوون) ئەلبێر کامۆ. (جولەکەکەی ماڵتە) کریستۆفەر مالرۆ. ( ریچاردی سێیەم) شەکسپیر.

(٢)

بەمجۆرە بۆمان بە دیاردەکەوێت کە ئەم ئەدیبە ،هەم لەئاستێن خودی وئەخلاقی هەم لە ئاستێن نەتەوەیی و مرۆڤانی خۆبەخۆو بیٚ هیچ وابەستەگییەکی ئایدۆلۆجی تەسك کەسێکی پەیامدارو پابەندە: ڕۆسۆ گوتەنی( ئەوانەی زەنگ لێدەدەن، بەشداری لە ڕێپێوانی ئاهەنگەکاندا ناکەن!) ئەگەر شلیگل وای بۆدەچوو کە" مێژوونووس پەیامبەرێکە و دەڕوانێتە رابردوو " ئەوا ئەدیبی هونەرمەندی داهێنەر پەیامبەرێکە دەڕوانێتە ئایندەولەوێندەرەوەش دەڕوانێتە ئێستا، واتە بەپێچەوانەی سیاسەتوانەوە کە زۆربەی کات خۆی بە ئێستای سنووردارەوە بەستووەتەوە، هەر لێرەوە گرفتی نێوانیان هەڵدەقوڵێت و چێدەبێت.

بێگومان ئەدیبان و هونەرمەندان ئەگەر هەر لایەنی چاکەی سەردەمی خۆیان بەرجەستە بکەن و خراپەکانی پشتگوێ بخەن، ئەوا گەورەترین خیانەت دەکەن: وەکو چۆن لەسەردەمی کۆمۆنیستی وسۆسیالیستیدا، کاتێ ریاکاری رۆشنبیریی پەرەی سەندو باوی پەیدا کرد،وبەشداری لە هەڵکەندنی گۆڕی ئەو سیستەمەدا کردو تابوتەکانیانی بزمار ڕێژکرد!.





کەواتە ئەرکی بەرو دوای ئەدیبان و هونەرمەندان هەر راستگۆییە: دەبێ پەردەی پیرۆزایەتی لە رووی هەموو نادروست و ناراستێك هەڵماڵن و دابدڕن: بۆیە لامارتین جارێکیان هاواری کرد:"شەرمەزارییە مرۆڤ لەو کاتەدا گۆرانی بڵێ کە رۆما دەسوتێ!"هەر لەم روانگەیەشەوە ماریۆ بارگاس یۆسا دەڵێت:" ئەرکی ئەدەب هەمیشە پیلانگێڕییە".

(٣)

ئەم پێشەکییە تارادەیەك خۆی لە داسەپاندنی حوکم و داوەری پێشوەختە دەبوێرێت و نایەوێت لەزەتی خوێندنەوەی ئازاد لەبار بەرێت، بەڵکو گەرەکییەتی هەندێك باری سەرنجی ئەوتۆ تۆمار بکات کە هەولێك بێ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە: ئایا حەمەکەریم عارفی چیرۆکنووس جیهانی هونەری تایبەتی هەیە، ئەگەر هەیەتی سیماکانی ئەو جیهانە کامانەن؟

وەڵامی بابەتیانە (بەرلەوەی بڵێین:-بەڵێ) وا دەخوازێ ژمارەیەك لە چیرۆکەکانی لە هەردوو ئاستی نێوەرۆك و هونەرییەوە بخەینەبەر خوێندنەوەیەکی ورد... جا فەرموون لەگەڵما بۆ ئەم گەشتە بلەزو خێرایە. چیرۆکنووس لە چیرۆکێن (سێبەری دەنگ) و(ئاوازێك نامرێت)و (کۆچی سوور) و( نیگا)داجەنگ و جەنگین ودەرهاوێشتەکانی شەڕ مەحکووم

دەکات،ئەو شەڕو جەنگەی دەبێتە مایەی ئەوەی کە مرۆڤ لە مرۆڤایەتی بکەوێت وهەموو بەهاکانی بشێوێت و خولاّم و نۆکەران لە بەردستاندا ببن بە ئاغاو دەسەلاّتدار، و ئاژاوە ببێتە پێوانەو خەمساری و هەلپەرستی بلاّو ببێتەوە، ئەمە جگە لە ریاو ریاکاری و گەندەڵی ،کەڵکەڵەی بە بەردبوون لە چیرۆکی (ئاوازێك کە نامریّ)دا ئەو پرسیارەی وەیادهێنامەوە، کە (لیۆنتس)لە پەیکەرە خەیاڵییەکەی (هرمیۆن)ی ناو چیرۆکی (چیرۆکی زستان)دا دەیکات و دەڵێت:-" ئاخۆ بەرد، لەبەر ئەوەی لە بەرد بەردترم ، سەرکۆنەم ناکات؟"

لە چیرۆکی (سێبەری دەنگدا)مرۆڤ بەرادەیەك دووچاری غوربەت و بەشتبوون دەبێت، دەبیّ بە تاپۆ، هیچی لێنامێنێتەوە جگە لە سێبەرو دەنگ.. لەگەڵ ئەوەشدا کۆڵنادات و نابەزێت، بەڵکو دەسبەرداری خەبتین دژی هێزە شەڕانییە ستەمکارەکانیش نابێت، کە هەڕەشەی تالاّن کردنی سێبەرکەشی لێدەکەن! لەم چیرۆکەدا (م) بەبەرچاوی ریاکارانی راپۆرتنووس و پیلانگێڕەوە دەکوژرێت: ئیدی مینای خێزانی دەبێت بە نێچیری تەنیایی و دەردی بە سوێی تەنیایی.. چیرۆکنووس (مینا)ی کردووە بە رەمزی دارستانە ژنێکی کۆست کەوتووی مەینەتبار، چیرۆکەکە بەشێوەیەکی ناماقوولّ خۆی بە دێوان دەسپێرێت. ئەوەتا دڕندەیی و دڕی (مینا)ی





نێچیر بەجۆریّ سەردەکات و تۆڵەیەکی یەکجار سامناك و ناماقوولّ لە پیاوانی پیلانگێڕی گوند دەسەنیّ و تاقەسوارە شەبەیخونیان دەکاتە سەر، شەبەیخونێك کە هاوتای پەلاماری ئەو میلیشیایەیە کە(م)ی مێردیان کوشت.

لە چیرۆکی (زمان)دا رەخنەیەکی یەجگار توند لە بیرۆکراتییەت و دڕندەیی نەوکیسەو تازەپێیاکەوتووەکان هاتووەتە گرتن، لە( پیشانگا)شدا نارەسەنی و قەڵپی واقیعی هونەری خراوەتە روو.

لە (قەڵەمبان)دا ستایشی قەڵەمی سەربەرزی ئابروومەندی خۆراگر لەبەر هەر هەڕەشەو تەماح خستنە بەریێك کراوە.

(نەخشە) سەرەتای هەستی نەتەوەیی لای نەوەی نوێی کورد دەنوێنیّ. لە (هونەرمەند)دا ئارەزووی گەڕانەوەی مەحالّ بۆ بێگەردی و خۆبەخۆیی منداڵییەتی بەدی دەکرێت و پیشاندراوە.

لە (تاژی)دا چیرۆکنووس توانیویەتی دەلالەتی ئاسایی تاژی وەکو حەیوانێکی پەسند لابات و بیکات بە رەمزی نۆکەری بێگانە.

هەروەها (تابوت) بەسەرچاوەی ئەدەبی بەرگری کوردی دژی شۆڤینیستانی فاشیست دەژمێردریّ، ئەوا زۆربەی چیرۆکەکانی دی ، لە مەملەکەتی بەردا ،لە بەردستاندا،

هەموو شتێکی نارەسەن و ڕەفتارێکی شێواوی دژە مرۆڤ ریسواو مەحکوم دەکەن و پەردەیان لەروو لادەبەن، ئەو بەردستانەی لە کۆنەوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ مەڵبەندی هەڵهێنانی دکتاتۆرو خاینان بووە، لە چیرۆکی ( ئاوازێك نامرێ)شدا پرسیارێکی بێ وەڵام خۆی قوت دەکاتەوە:-" ئەمە چ سڕێکە مرۆڤ بەمەرگی یەکدی دەژین و بە ژیانی یەکدی دەمرن؟!"ئا بەو جۆرە لە کوێ بۆمان هەبێ لە واقیعێکی سوریالی لە بنەڕەتدا نا مەعقوول، داوای مەعقوولییەت بکەین، یان مەعقوولییەت بدینین؟!

فرە قارەمانی و هەمەکەسی بەسەر چیرۆکەکانی حەمەکەریم عارفدا زاڵەو لەم رووەوە چیرۆکنووسێکی کوردی دیکە نایگاتێ و هاوتای ناکاتەوە، قارەمانەکانی لە تەمەنی جیاوازو سەر بە توێژو چینی کۆمەڵایەتی جێوازو هەردوو ڕەگەزی نێرو مێن و، هەڵبەتە چیرۆکنووس لایەنگرێکی مەبدەئی ئافرەتەو دژی چەوساندنەوەی ئافرەتە، لە هەمان کاتدا چاوپۆشی لە ئافرەتێن خراپ ناکات، بۆ وێنە بەلایەوە فەرقێکی یەکجار فرە لە مابێنی (مینا)و(پاکیزە)و (سارا)دا هەیە.

جاری واهەیە لە یەك چیرۆکدا دوو کەسایەتی زۆر جیاواز هەیە. لە (وێڵستان)دا لەلایەکەوە (یوسف)ی ڕۆشنبیری غەرقی





بیرکردنەوەو خەیاڵ هەیەو، لە بەرانبەریدا (حاجۆ)ی سادەو واقیعی هەیە.

زۆر کەرەت کرانەوەی گرێیەکانی بەمەرجێن حەتمییەوە گرێ دەخۆن و ڕەگەزی کوتوپڕی بەگەڵ دەکەوێت و کۆتاییەکانی زۆر کاریگەرانە دەکەونەوە، هەروەکو لە (سێبەری دەنگ)و (تاژی) و(ئاوازێك نامرێ)دا دەردەکەوێت و نیشاندراوە. زۆرجار کۆتایی چیرۆکەکانی تەئکیدە لەسەر نەشونماو گەشەکردن و پەرەسەندنی قارەمانەکانی. ئەو کۆتاییانەی مەگەر بەدەگمەن کۆتایی سەرڤەسەرڤەو وشکیان تێبکەوێت. لە کۆتایی (زاوا)دا (ڕێحان)ی گەوجی دڵڕەق لەوانی دی پتر بۆ کوڕە خنکاوەکەی دەگری: چونکە هەست بەتاوانباری خۆی و ئازاری ویژدان دەکات. لە (سێبەری دەنگ)دا (مینا)ی ناسکە مرۆڤ دەگۆڕێ و دەبێ بە دەڵەدێوێکی دڕندە. لە (ئاوازێك نامرێ)دا (پاکیزە) دەبێ بە کەوێك و پاش خوێندنی خۆشترین ئاوازی خۆی فەوت و فەنا دەبێت، لێ لە ڕاستیدا فەنا نابێت: چونکە بیری خۆی لە ئاوازێکی نەمردا بەرجەستە کرد.

(٤)

چیرۆك و کورتیلە چیرۆکەکانی حەمەکەریم عارف لە چوارچێوەی تەکنیك و وبونیادێن هونەری پتەوو هەمەجۆردا

بەرجەستە کراون.پێدەچێت بونیادی پشت بەستوو بە (فلاش باك) بەسەر زۆر چیرۆکیدا زاڵ بێ وەکو لە چیرۆکێن (زمان)، (گومان)، (تابووت)و (وێڵستان)دا دیارە.

چیرۆکنووس لە (نیگا) دا دژە فلاش باکێکی داهێناوەو دیمەنێن ناو چیرۆکەکە بەمجۆرە کەوتووەتەوەو ڕێککەوتوون ( ئێستا-ئایندە-ئێستا). لە چیرۆکی (گومان)دا شتێکی داهێناوە دەتوانین ناوی بنەین دەقاندەقی خەیاڵی (التناص الخیالی )و چیرۆکنووس لێهاتووانە، وەستایانە کورتیلە چیرۆکێکمان لە نێو کورتیلە چیرۆکێکدا پێشکەش دەکات و گوتیار(راوی) لە ڕێگەی قارەمانەکانەوە دەمانبات بۆ ناو کورتیلە چیرۆکی (گومان)ی ناو ڕۆژنامەکە.

چیرۆکی( ئاوازێك نامرێ) نەقڵێکی فۆلکلۆری تازە داهێنراوە، گێڕانەوەی نەقڵەکە لە دوو شێوازدا پیشاندراوە: ئاسۆیی (بەزمانی گوتیار)ەوە، ئەستوونی (بەزمانی قارەمانەکان و دەنگی قارەمانەکانەوە).

چیرۆکنووس حەمەکەریم عارف بە زەبری توانای خەیاڵەوە، دیمەنێن هاماجی چیرۆکەکانی دەخولقێنێ، ئەو دیمەنانەی تەژی دینامیکییەتی وێنەن و ، ژینگەی کوردی بە سروشت و بەشەرو حەیوانییەوە زاڵە تیایدا، چیرۆکنووس خودان شێوازێکی کورتبڕو ئیختیزالییە لە وێنەگرتنی قارەمان و





کەسایەتییەکاندا، بەم شێوازەش زیاترلایەنە هەرە پێویستەکانی سیماو خەسڵەتی دەروونی و فیکری قارەمانەکان نیشان دەدات تا لایەنە بەدەنییەکانیان، ئەم شێوازەش کورتبڕی لە وەسفدا دەخوازێت.

وەکو دەزانین دەستپێکی چیرۆکی کورت قورسترین بەشییەتی ، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا لە زۆربەی چیرۆکەکانی حەمەکەریم عارفدا خۆشدەست و ئیشتیا بزوێنە، بەڵکو هەندێ جاران دەگەڕێتەوەو چیرۆکەکەی پێ کۆتایی دێنێ وەکو لە (وێڵستان)و (تابووت)دا دیارە. بەڵام چیرۆکەکانی حەمەکەریم عارف لە باری هونەری ئەستاتیکەوە وێنەی کۆمەڵگەیەك دەنوێنن، کە ناکۆکی و شەڕەنگێزی ئەنجن ئەنجنی کردووە. هەڵبەتە ئەم دیاردەیە کار لە چارەنووسی هەر تاکێکی ناو ئەو کۆمەڵگەیە دەکات. ئەم چیرۆکانەی تەژی کاراکتەرو قارەمان و کەسانی شەڕەنگێزو شەڕزەدەن ( ئیدی قارەمانی راستەقینە بن یان زادەی خەیاڵ) ئاشکرایە ئەو زۆرانبازی و ململانێیەی مرۆڤ دەستی دەداتێ ، کەسایەتی ڕاستەقینەی ئەو مرۆڤە بەدیار دەخات و بەرجەستەی دەکات. بەڵام قارەمانی ملایم و بێوەی وبێلایەن لە پۆرترێت بەولاوە چیدی نییە. ململانێ جۆری هەیە ،هەم لەئاستی کۆمەڵ و هەم لە ئاستی تاکدا هەیە،و لەوەشە هەردووکیان یەکانگیر بن،

جۆرە ململانێیەك هەیە مرۆڤ لەگەڵ خودی خۆیدا دەیکا و بەزۆری لایەنی دەروونی و ئەخلاقی دەگرێتەوە، ئەم ململانێیە لە نێوان کەڵکەڵە لێك دژەکاندا روودەدات وەکو لە (گومان)دا دیارە. جۆرە ململانێیەکی دی هەیە لەگەڵ بەرانبەردایە، لەگەڵ سروشتدایە، ئەم جۆرەیان ململانێیەکی دەرەکییە.

ململانێ لەگەڵ بەرانبەردا، کە هەندێ جار ململانێ لەگەڵ خوددا شەفاعەت و پاکانەی بۆ دەکات، بەسەر چیرۆکەکانی حەمەکەریم عارفدا زاڵەو زۆرجار شێوەیەکی درامی توند وەردەگرێت چ لە شێوەی کردارا و چ لە بیرو هزراندا، چ لە دیالۆگدا بێ، ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوەی چیرۆکەکانی تەژی بزاڤێن پێشقەچوون بکات، ئەو ململانێیە رەگەزی هەڵچوواندنی لێدەکەوێتەوە،و تانوپۆی گرێ دەچنێ و بەهێزو خێرای دەکات.. جا من لێرەدا لایەنی پراکتیکی بۆ خوێنەری بەڕێز بەجێدێڵم: با بەخۆی ئەم لایەنە گرینگە لە چیرۆکەکاندا دیاری بکات.. چونکە دیمەنێکی دیکەی هونەری چیرۆکنووس وردەگرم، کە لە دیمەنەکانی نوێئاوەرییەو پەیوەندی پتەوی بە ململانێوە هەیە یان گەلێك لە ململانێیەکان لە چوارچێوەو لە میانەی ئەوەوە بەدیار دەکەوێت و بەرجەستە د ەبن، ئەویش بۆلیفۆنیزمە (فرەدەنگی) جا بۆلیفۆنیزم (چ وەکو دیالۆگ و چ وەکو مەنەلۆگ) بەشدارییەکی کاریگەر لە گەشە سەندنی





دیمەنێن چیرۆکەکان و هەڵدانەوەی ناخی قارەمانان دەکات و ئازادی تەواویان دەداتێ تا گوزارشت لە تایبەتمەندی خۆیان بکەن، بۆ وێنە دستڕەنگینی چیرۆکنووس لە بەکارهێنانی بۆلیفۆنیزمدا لەم چیرۆکانەدا بەدیار دەکەوێت: (گومان،سێبەری دەنگ، قەڵەمباز، وئاوازێك نامرێت)کە لێرەدا گوتاری گێڕانەوە بەیەکانگیری دەنگە جیاوازەکان تەواو دەبێت.

لە چیرۆکی (سێبەری دەنگ)دا کە بەشێوەیەکی گشتی بونیادی حیواری بەسەردا زاڵە، ئەم دەنگانە هەن:

١-دەنگ (بریتییە لە دەنگی گوتیار)

٢-دەنگی یەکەم (دەنگی "م"ی کوژراوە کە مێردی مینایە)

٣-دەنگی دووەم (دەنگی مینای ژنی "م"ی کوژراوە)

٤-دوادەنگ (دەنگی نووسەر- گوتیارە)کە خۆی بەناو دەنگەکاندا دەکات و گونجان و سازانی کاسارسیسزم"پاکبوونەوە" دەشکێنێ.

بەمجۆرە قارەمانان و کاراکتەران لە بۆلیفۆنیزم:ئازادانە گوزارشت لە خۆیان دەکەن: دەنگیان بەرزدەبێتەوە، بەرەبەرە دەنگی چیرۆکنووس پاشەکشە دەکات و دەسەڵاتی بنجبڕی باوکانەی نامێنێ تا قەناعەتە تاکرەوانەکەی خۆی بەتۆبزی بەسەر هاماجی چیرۆکدا بسەپێنێ : ئیدی ئاوازی ریتمی

ئەگەرایەتی و گومانئامێز زاڵ دەبێت و کێشەو گرفتی کاراکتەرەکان لە هەموو ئاستێکدا بەرجەستە دەکات: ئینجا خوێنەر بەناو هەزارتوێی ئەو گرفتە مرۆڤانییانە دەکەوێت کە کاراکتەرەکان پێوەی دەناڵێن: نەك بۆ ئەوەی لە پێودانگی باڵادەستی، یان هاوسۆزییەوە یەکبگرن لەگەڵیاندا، وەکو چۆن ئەمە لە رۆمانی تقلیدیدا باوبوو، بەڵکو لە پێودانگی کەشفخوازییەوە، کە وادەخوازێت بەروونی لە هەڵوێستی رۆمان بەدەربێت، ( بڕوانە د. صبری حافظ، القصه العربیه والحداثة ص ١٨٨، چاپی بەغدا، ١٩٩٠)

بۆلیفۆنیزم لە دوا قۆناغ و لە دوا ئاکامدا بەشداری لە وەلاخستنی تاکڕوانگەیی، تاکدەنگی و تاکبۆچوون دەکات، کە لە رێگەی رووداوەکانەوە دەگێڕدرێتەوە.. ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەکاتە پەککستنی گرێی تەقلیدی ،وفۆرمی هونەری چیرۆکەکان ئازاد دەبێت و تەژی دینامیکییەت دەبێت.

هەر بۆیەش زۆربەی چیرۆکەکانی ئەم نووسەرەمان شایستەی ئەوەن بکرێن بە شانۆنامەو فیلم.

(٥)

بێگومان زمان رەگەزێکی هەرە گرنگی هونەری چیرۆکی نوێی هاوچەرخە و بگرە دەشێت ببێت بەکۆڵەکەی





هەرەسەرەکی رەگەزەکانی دیکەی رۆنانی هاماجی چیرۆکڤانی.

حەمەکەریم عارفی چیرۆکنووس زمانێکی جیای هەیە. زمانی لە نێوان هەموو هاوسونحانی خۆیداو لە چیرۆکی هاوچەرخی کوردیدا دیارە، کەم کەس لە تەقاندنەوەی توانای شاراوەی وشەدا دەیگاتێ و شان لە شانی دەدات. دەلالەت و چەمکی نوێ بە وشە دەبەخشێت و دەلالەتە کۆن و باوەکان وەلاوەدەنێت. دارشتنی زمانەوانی تازە لە رێگەی وەکارهێنانی ئاوەڵناو و ئاوەڵناوی کراو وخواستنی فرمانان و تەواوکردنەوە دێنێتە ئاراوە، کار دەگەیەنێتە رادەیەك بە وشەێن تازە مانای تازە بخولقێنێ و پاشگرو پێشگر و لێکدانی دوو وشەو خوازە بکات بە کەرەستەی خولقاندن، بۆ وێنە بڕوانە وشەێن: (قەڵەمباز، دۆزەشت،شۆڕشگێ، دەموچاوی مزر، دارستانە ئافرەت).

شایانی باسە ئەم ئەدیب و وەرگێڕە بەوە راهاتووە کە وشەی تازە بەزمانی کوردی ببەخشێت، لەوانە: (گوتیار= راوی)، ساڵیاد،هونەراندن، بەدحاڵی بوون). بێگومان ئەم خولیای تازە خوازییە زادەی سەرگەرمکردن و رابواردن و گەمەی کوێرانە بە وشە نییە، بەڵکو زادەی ئەو پێداویستییەیە کە زمانی ئاسایی دەرەقەتی نایەت و زمانی ئاسایی کۆڵە لە

دەربڕینی، واتا ئەو پێداویستییە وادەخوازێت چوارچێوەی قسە تێك بشكێ، باو لەرەواج بكەوێ، تا ئەوە بڵێت كە لەسەرووی توانای قسەوەیەو گوتاری مەبەست بێتە دی. ڕەنگە هەر ئەم كەڵكەڵەیە وای لە چیۆكنووس كردبێ، كە بایەخێكی یەكجار زۆر بە هۆزانییەتی زمانی چیرۆكڤانی خۆی بدات. هیچ زێدەڕۆیی نییە گەر بڵێین زمانێكی شیعری ئەوتۆی هەیە كە هاوتای شیعرییەتی باشترین شاعیرانی هاوچەرخمانە!. شیعرییەتی زمانەكەی لە كورتبڕیدایە، زمانێكی چڕو گورج و بلەز و دوور لە هەر داوەشین و ئینشانووسییەكی دەڵبە،(ئەزرا پاوەند) گوتەنی "زمانێكی تا ئەوپەڕی توانا ئاوس بە چەمك و مانا".

بۆیە هیچ سەیر نییە لێرەو لەوێ رستەو دەستەواژەی شیعری جوانی ئەوتۆی بەگەڵ بكەوێت كە گوزارشت لە هەست و هزری كاراكتەرو كەسانێ بكات وەكو چۆن چیرۆكنووس تامەزرۆیەتی و حەزی لێدەكات. لێرەدا چەند نموونەیەك دەخەینە روو:

-" ئەم دەرو بەرە دارستانێكە لە ژنانی خەمین"چیرۆكی (سێبەری دەنگ).

-" هەركەسێك خاكی نەبێ، دەبێ گۆڕی خۆی بە كۆڵدا بدات و بە ئاوارەییدا بیگێڕێت!"چیرۆكی (خاك).





- "دڵیشی نایەت لە كەمینی پرسیارانی بخات" (چیرۆكی عوزرخوایی)

- "كەسێك ئەڤینی لەسەردا بێ، لە دێو ناپڕینگێتەوە" چیرۆكی (عوزرخوایی)

- "دەستی وەڵامدانەوەی تێكەڵ بە دەستەكانی كرد" چیرۆكی (هەستێكی وڕوژاو)

- "چاوی خۆشەویستی بڕوایی نەدەهات" چیرۆكی (هەستێكی وڕوژاو)

- "چنگی ،ڕاست لە قژی ئاسمان گیر دەكرد" چیرۆكی (شێتخانە)

- " ئەم كەللە سەرە چییە پێت؟ - ئەمە فەرهەنگێكی وێنەدارە" چیرۆكی (شێتخانە)

- " وەتەن ئەگەر بنجە دڕكێكیش بێ ، هەر شیرینە!." چیرۆكی (ئاخ وەتەن)

- "مرۆڤ گیانی بەوەیە كە بۆخۆی گۆڕێكی قووڵە، وساتەكانی خۆی لە خودی خۆیدا دەنێژێت" چیرۆكی ( ئاوازێك نامرێت)

- "..ئەقڵ هەربەرد،ویژدان هەر بەرد، سۆز هەر بەرد، مێژوو هەربەرد،ئەم بەرد پەروەرییە تیرەی بەشەری وێڵ كردووە.." چیرۆكی (ئاوازێك نامرێ).

شیعرییەتی زمانی چیرۆکنووس هەر لەم رادەیەدا ناوەستێ ، بەڵکو هەندێ جار دەگاتە رادەی شیعراندنی سەرانسەری کورتیلە چیرۆکەکە وەکو لە ( بەرد و لە وێڵستان)دا دیارە. یەکەمیان کورتیلە چیرۆکێکی شیعری رەمزییە و دووەمیان چامەیەکی شیعری ئیرۆتیکییە لە زۆربەی دیمەنەکانیا، هەروەها کۆتایی چیرۆکی (ئاوازێك نامرێ) دەبێت بە چامەیەکی زۆر جوانی هێمائامێز..

بێگومان ناکرێت لێرەدا هەموو دیمەن و وێنە شیعرییە پەرش و بڵاوەکانی ناو چیرۆکەکانی نووسەری کەم وێنەمان دیاری بکەین ، کە لێکچوون و خواستن و رەمزو تەورییە و خوازەی ناسك و زیندوو تانوپۆیەکەی دەهۆنێتەوە، زندوویەتی پتر بە رستەو دەستەواژەکانی دەبەخشێت.. بەڵام چار نییە دەبێ لە ئاستی (ئیلتیفات) لەلای برای نووسەرمان هەڵوەستەیەك بکەین ( پێویستە لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە بۆ ئەم مەبەستە هانام بۆ تێوری و پراکتیکی سەعید غانمی لێکۆڵەرەوە بردووە، بڕوانە (دەمامکێن دەق) بەغدا- ١٩٩١)

ئاشکرایە کە( ئلتیفات) وەکو مەبەستێکی رەوانبێژی لە شیعری کۆن و نوێی عەرەبیدا باو بووە کە دەکاتە : (ئاماژە بۆ کەسێك بە راناوێکی نەگونجاو..) بۆ وێنە وەك ئەوەی کەسێك بە راناوی یەکەم و دووەم و سێیەم کەسی تاك خۆی بدوێنێ :





چونکە ئیلتیفات لە نێوان هەرسێ راناوی یەکەم و دووەم و سێیەم کەسدا دێ و دەچێت، بۆیە پرۆسەی گەیاندنی ئاسایی لەنگ دەکات و دەشێوێنێ ، بە تایبەتی پەیوەندی نێوان هەردوو دیوی ناوەوەو دەرەوەی زمان : بۆیە ئەرکی ئیلتیفات بەزۆری بریتییە لە گومڕاکردنێکی بە ئانقەست، وەکو دەمامك کردن وایە. بەزۆری بەشێوەیەکی خۆڕسك جۆرە غوربەتێکی لێدەکەوێتەوە: جا بەم پێیە "چونکە ئیلتیفات کەسێکی دی بانگ دەکات و خۆی دەدوێنێ و خودی مەبەستە، بۆیە مەحکوومە بە دووفاقی و، غوربەتی لێدەکەوێتەوە" ئەمەش وادەگەیەنێ کە ئیلتیفات دەبێت بە دوو لقەوە، ئیلتیفاتی بەرجەستەکاری (تەشخیسی) وئیلتیفاتی رووتەڵکاری (تەجریدی) یەکەمیان لەسەر بنەمای تواندنەوەی مرۆڤان (کە هەردووکیان ئیفتیرازین) چێدەبێت. دووەمیان لەسەر بنەمای غوربەت و بەشتبوون دروست دەبێت، کە هەردووکیان دەرهاوێشتەیان لێدەکەوێتەوە (ئەگەر ئیلتیفاتی بەرجەستەکاری لە رێگەی بانگکردنی شتێن نائاقڵەوە بێتە دی : ئەوە ئیلتیفاتی تەجریدی لە رێگەی وەسفکردنی خود بەغەیرو دوواندنی بە ڕاناوی سێیەم کەسی تاك دێتە دی، جا لێرەدا راناوی سێیەم کەسی تاك نەکەسێکی واقیعییەو نە کەسێکی گریمانەییە، بەڵکو وێنەیەکە لە وێنەکانی دیکەی

**"من" کە ئیلتیفات گوزارشتی لێدەکات" جا بەم پێیە هەردوو جۆرە ئیلتیفاتەکە لە چیرۆکەکانی حەمەکەریم عارفدا بڵاون و زۆر بە لێهاتووی و سەرکەوتووانە بۆ وەدیهێنانی مەبەستە هزری و هونەرییەکانی بەکاری دێنێ . جا لێرەدا وەکو نموونە بۆ ئلتیفاتی (تەشخیسی) ئاماژە بۆ چیرۆکێن (بوکەڵە، بەرد،و تاژی) دەکەین. سەبارەت بە ئیلتیفاتی تەجریدی ئەوا لە زۆربەی چیرۆکەکانیدا هەیە وەکو ( زمان، گومان،تابووت و شێتخانە).**

**لڤێرێ هەر سەبارەت بە زمانی حەمەکەریم عارفی چیرۆکنووس، دەبێ ئاماژە بۆ مەبەستخوازی هەڵبژاردنی ناوەکان بکرێ کە دەورێکی یەکجار گرینگ لە بەرجەستە کردنی نێوەرۆکی چیرۆکەکانی دەبینن. خوێندنەوەیەکی ورد، ئانقەستی هەڵبژاردنی ناوی قارەمان و کاراکتەرو کەسەکانیمان بۆ بەدیاردەخا کە ئەنقەستییەکی دوو لایەنەیە.**

**– مەبەستی جووت هاتنەوە (جووت بوون لە نێوان( دال و مەدلوول)دا واتە ناوەکە خۆبەخۆ مەبەستەکە بگەیەنێ ،واتە ناوەکە پڕ بە پێستی مەبەستەکە بێ وەك ( گزنگ= بەرەبەیان)، ( مینا= شووشەی ساف و بێگەرد)، (پاکیزە= پاك و بێگەرد)، ( سارا= بیابان)، (ئەنوەر)، ( فەهد) ،(مەدەن) و (مستۆ) لە رۆمانۆکی (کۆچی سوور)دا..هتد. ئەم جووت بوونە دەلالییە**





**دەگاتە رادەی رەمزاندن وەك (مەهدی= فریارەس، چاوەڕوانکراو) لە چیرۆکی (سەربهووردی ناوێك)دا**

**– مەبەستداری دوورکەوتنەوە ( داماڵینی دەلالی لە ناوەکە کە زیاتر داماڵینی پیرۆزیی لە هەندێ شتێن کەلەپورو باو دەگرێتەوە) وەکو ( یوسف، خەجێ ،حاجۆ، تاژی، و مەحموود).**

**– بەڕاستی زمانی ئەم چیرۆکنووسە مەیدانێکی بەپیت و دەوڵەمەندە بۆ لێکۆڵینەوەێن تازەی وەکو بونیادگەری و تەفکیکی و تەئویلی ، لێ ئیدیعاچیانی رەخنەی لای ئێمە نەك هەر لەم دەسکەوتە گەورەیە غافڵن، بەڵکو لە بنەڕەتدا لێی حاڵی نابن و دەرەقەتی نایەن: تا لەسەر ماشینەوەی بەرهەمێن کەسانی دی و، بەناوخۆکردنی بەرهەمێن خەڵکانی دی و پینەوپەڕۆ و کەسایەتیکاری قێزەزەوەر وشەرماوەر و سووك بڕۆن، هەر ئەمە حاڵیان دەبێت و مەگەر تەنیا ئەو شاعیرۆکانە هاوتایان بکەنەوە کە وەکو مێش و مێشوولان پورە دەبەستن و تەنانەت زۆربەیان ناتوانن بەباشی بەزمانی کوردی بخوێننەوە!..**

**لێرەدا بەداخەوە ئەو گوتەیەی (ئۆکتاڤیۆ پان)م بیر دەکەوێتەوە کە دەڵێت: *"گەلی بێ شیعر، گەلێکی بێگیانەو، نەتەوەی بێ رەخنە نەتەوەیەکی کوێرە"* بەڕاستی ئێمە**

***نەتەوەیەکی بێ رەخنەین،چونکە بەشی هەرە زۆری کەلتووری ئێمە بەزەقی سواوە،لە کاتێکدا ئۆگوستینۆنیتۆی شاعیرو تێکۆشەر گوتەنی: "ئێمە تەنیا کەلتوورەکەمانین".***

**(٦)**

**لەکۆتاییدا نەهەقی ناکەین گەر بڵێین ئەم چیرۆکنووسە گەورەیە هێشتا هەر زۆر غەدرلێکراوە، بەهۆی نەبوونی رەخنەی راستەقینەو جددی لە قۆناغی ئەمڕۆی ڕۆشنبیریمان و هەروەها بەهۆی ئەو تەرجەمە ناکامانەی بەرهەمەکانییەوە- کە پڕن لە هەڵەی زۆر زەق- دەنا دیارترین چیرۆکنووسی هونەرمەندو بێهاوتایە لە نێوان هاوسونحانی خۆیدا، و چاوەڕوانی داهێنانی پتری لێدەکرێت لەم بوارەدا، بگرە هەقە نەوەکانی داهاتووی بواری چیرۆکی کوردی، لە دەسکەوتە ئەدەبییەکانییەوە فێربن.**

---

ژێدەر: ظل الصوت و قصص اخرى، تقديم و ترجمه: جلال زنگابادى
مجله (گولان العربى) العدد (٧٤) ٣١/تموز/ ٢٠٠٢





# خوێندنەوەی چیرۆك لە نێوان لەزەتخوازی و شیکردنەوەدا

((١))

**خوێندنەوە پرۆسەیەکی فرە لایەن و پڕلق و پۆپە و لەوەتەی مرۆڤ فامی کردۆتەوە و کەوتووەتە لاواندنەوەو دڵدانەوەی خۆی و گەردوون و پاشان ویستوویەتی جیهان دەرك بکات، خوێندنەوەش هەبووە. جا بەم پێیە خوێندنەوە لە لەزەتخوازی و دەرکخوازی و شیکردنەوە بەدەر نەبووە.**

**ئەوەی لێرەدا مەبەستە پتر خوێندنەوەی دەقە، بەتایبەتی دەقی چیرۆکڤانی . دیارە کە خوێنەر چیرۆکێك دەخوێنێتەوە هەقی خۆیەتی عەودالی ئەوپەری لەزەت وەرگرتن بێ، رەنگە گەلێك لە شارەزایانی ئەم وارە پێیان وابێ بەخشینی لەزەتی ئەستاتیکی یەکێکە لە ئەرکەکانی دەق و هەر دەقێك بەجۆرێك لە لەزەتی ئەستاتیکی ئاوس نەبێ، دەبێ بخرێتە بەر پرسیار. لێ رەنگە ئەو لەزەتەی کە مافی رەوای خوێنەرە بەئاسانی خۆی بەدەستەوە نەدات و پێویستی بەوەبێ کە خوێنەر لایەنی کەمی توانای شیکردنەوەی دەقەکەی هەبێ و بە جوانی وردەکارییەکانی دەقەکە بفامێ وبە دروستی شیبکاتەوە.**

چونکە ئەم توانایە یارمەتی دەدا کە ئەو پەڕی لەزەت لە دەق وەربگریّ. هەڵبەتە ئەم جۆرە خوێنەرە چیوای لە رەخنەگر کەمتر نییەو دکاریّ رۆڵی گەورە لە بەرهەمهێنانی دەقی مەزن و باشدا بدینیّ. بەهەرحاڵ شیکردنەوە لێرەداو بۆ خوێنەری هەندیّ فامیدە دەکاتە دەرککردنی دروستی دەقەکەو دەست نیشانکردنی بەشە جیاوازەکانی دەق و پەیوەندییەکانی نێوانیان، واتە ناسینی دەق وەکو یەکەیەکی یەکپارچەی هونەری تا ئەندازەیەك ئاڵۆز. کەواتە شیکردنەوە لێرەداو بۆ ئەو جۆرە خوێنەرە، بۆ ئەوەیە لە رێگەی شیکردنەوەیەکی دروستەوە بگاتە لەزەتێکی نائاسایی ، لەزەتی تەجرەبەکردنی دەقەکە..

((٢))

هەڵبەتە خوێنەر هەقی ئەوەی نییە کە نووسەر محاسەبە بکات کە بۆچی ئەم وشە یا دەستەواژە یا رستە یا بابەتەی هەڵبژاردووە. چونکە زۆر جار نووسەر بەخۆیشی هۆی ئەوە نازانیّ و ئەگەر پرسیاری لێبکریّ وەڵامی بنجبڕی پیّ نییە ،بۆیە مەبەستی خوێنەر ئەوەیە کە بفامیّ وتێبگات کە چۆن هەڵبژاردەکانی نووسەر پێکەوە جۆشیان خواردووەو دەقێکی یەك دەستیان پێکهێناوە، دیارە نووسەر تەنیا بابەت کەشف ناکات، بەڵکو رێگەی هەڵبژاردن دەگریّ و هەنگاو دەنیّ و





بەهەر نرخیّ بووە دەبیّ خۆی بگەیەنێتە ئاوەدانی و دەقێك ئاوا بکات کە ژیانی لێوە هەڵبقوڵیّ. بێگومان دەقیش بەبیّ ناوەرۆك نابیّ، دیارە ناوەرۆك بابەت نییە ، چونکە بابەت ئەو کارانەیە کە لەچوارچێوەی دەقداو لە واقیعدا هەیەو دەشێت لە دەقیشدا تەوزیف بکریّ. بەڵام ناوەرۆك لەگەڵ خوڵقان یا خوڵقاندنی دەقدا دێتە ئاراوەو دەمەییّ وفۆرم وقاڵبی خۆی وەردەگریّ. جابابەت کەرەستەیەکی ئامادەیەو کەسانی هونەرمەند دەتوانن بەزەبری داهێنانی هونەری دەق بیگۆڕن بۆناوەرۆك، هەر بۆیە دەبینین یەك بابەت لە لای چەند نووسەرێك چەند نێوەرۆکێکی جیاواز وەردگریّ و هەر دەقە شەقڵی تایبەتی خۆی وەردەگریّ. چونکە هەر نووسەرێك بەگوێرەی خوێندنەوەی هونەریانەی خۆی و بەپێی شێوازی خۆی ئەو بابەتە دەگۆریّ بۆ نێوەرۆك کە دەکاتە رۆحی دەق. بەم پێیە بابەت بەتەنیاو لە چوارچێوەی خودی خۆیدا زۆر گرنگ نییە بە گوتەیەکی دی بابەت بەتەنیاوبە مجەرەدی خراپ یا باش نییە. وەختیّ بایەخی تەواو پەیدا دەکات کە لەسەر دەستی نووسەرێکی کارامەی لێهاتوو بگۆردریّ بۆ ناوەرۆکێکی هونەریانەو لە دەقێکی سەرکەوتوودا جۆش بخوات ، پێوەر و عەیاری دەق ناوەرۆکەکەیەتی نەك بابەتەکەی.

((٣))

کەواتە خوێنەر هەقی خۆیەتی کاتێ دەق دەخوێنێتەوە داوای لەزەتی ئەستاتیکی لەو دەقە بکات. ئەمەش بەوە دەبێ کە دەقەکە هەڵسەنگێنێ نەك بابەتەکە، واتە دەبێ ئەوە کەشف بکات کە چۆن بابەت گۆڕاوە بۆ ناوەرۆك. گوتمان بابەت بە تەنێ و بە مجەرەدی نە باشەو نە خراپ، بابەت وەختێ بایەخ پەیدادەکات کە دەبێ یا دەکرێ بە ناوەرۆك، واتە دەبێ بەدەق. دیارە بابەت لەواقیعداو لە دەرێی دەقدا وەکو بابەتی مجەرەد هەیە. لەم حاڵەتی تەجریدەدا کەرەستەیەکی خاوە، نە دەخرێتە خانەی خراپ و نە دەخرێتە خانەی باشەوە. بەڵام دەشێت بابەتێك لای نووسەرێك باش و پەسندبێ و هەمان بابەت لای نووسەرێکی دی ناپەسندو خراپ بێ. واتە نووسەر لەم حاڵەتەدا بەدووی بابەتێکدا دەگەڕێ کە لەگەڵ تواناو بەهرەو مگێزی خۆیدا بگونجێت و بتوانێ بەئاسانی بیگۆڕێ بۆ ناوەرۆك، واتە بۆ دەق. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە نووسەر لەسەرێتی بابەتگەلێك هەڵبژێرێ کە توانای بە سەردا بشکێ و لەباری بونیادی هونەرییەوە هونەرمەندانە دەرەقەتی بێ.

جا بابزانین هونەرمەندێك چۆن بابەتی دڵخوازی خۆی ، بابەتی هەڵبژاردەی خۆی دەگۆڕێ بۆ ناوەرۆك، واتە چۆن





بابەتێك دەکات بەدەق؟ ! ئێمە لەسەرەتادا ئاماژەمان بۆ چیرۆك وجیهانی چیرۆك کرد. هەڵبەتە چیرۆك دەکاتە دەقاندنی هەموو گەزەکانی خۆی لە: ((پلۆت، سروشتی پلۆت، یاساکانی پلۆت، کەسایەتی ،کەسایەتی سادەو ئاڵۆز، رەوش و رێبازی وەسفی کەسایەتی،پێگەو مەوقیعیەت،رەگەزەکانی ئەو پێگەیە، ئەرکی ئەو پێگەیە، بوئرەی گێرانەوە، بوئرەی گێرانەوەی مانا، شێوازو تۆن، تەبیعەتی شێواز، جۆری هەڵبژاردنی وشە، وێنە گرتن، بونیادی رستە، بونیادو هونەر، وەسف، هونەری گێرانەوە، دیالۆگ، مەنەلۆگ، رەمزو راز، دیمەن و پانۆرامای بەرین و زەمەنی هونەری و زەمەنی واقیعی...هتد)) هەڵبەتە لێرەدا دەرفەتی ئەوە نییە بە دوورو درێژی لەسەر هەر رەگەزێکی چیرۆك بوەستین وشرۆڤەی بکەین،چونکە زۆر جار هەر چیرۆکێك لە قولایی پرۆسەی دەقاندندا رەگەزێن تایبەت بە خۆی بەرهەمدێنێ، و تەنیا لە ناو خودی دەقەکەدا وەکو یەکەیەکی هونەری یەکپارچە چەمکی هونەری خۆی وەردەگرێ و لە دەقەکە دابڕدرێ لە هونەرییەت دەکەوێ و نابێ بەرەگەزێك کە پێناسە هەڵبگرێ، واتە لە دەرێی دەقەکەدا ناسنامەی نابێ، ئەگەر بۆ ئاسانکاری پەنا وەبەر تەقسیمبەندییە کۆنەکەی چیرۆك ببەین وبڵێین بریتییە لە سەرەتاو ناوەراست و کۆتایی، ئەوا رەنگە ئەم تەقسیمبەندییە

زۆر قەناعەتبەخش نەبێ، چونکە مەرج نییە هەموو چیرۆکنووسێك پابەندی ئەو تەقسیمبەندییە بێ، بەکورتی دەبێ ئەوە بزانین کە چیرۆك بریتیە لە زنجیرە هەڵبژاردنێك و زۆرفاکتەری هونەری دەور لەو هەڵبژاردنانەدا دەبینێ و بەم پێیە سەرەتای هەر دەقێکی چیرۆکڤانی دەکاتە زەمینە سازی بۆ چوونە ناو دەقەکەو لەو بەشەدا چیرۆکنووس هەندێ زانیاری بە خوێنەر دەدات تابێ بە پێشەکییەك بۆ دەرککردنی دەقەکە، هەڵبەتە ئەو زانیارییانە ئەوەندەیە کە کەڵکەڵەی بەردەوامبوون لای خوێنەر بوروژێنێ و دەستی بگرێ بۆ ئەوەی لە (سەرەتا) بپەڕێتەوە بۆ (ناوەراست) دیارە مەرج نییە هەموو سەرەتایەك وەکو یەك بێ، چونکە هەر نووسەرێك کۆمەڵێك هەڵبژاردنی خۆی هەیە و جیاوازە لە هی نووسەرانی دی. نەك هەر ئەمە ، بەڵکو زۆر جار سەرەتاو دەستپێك لەلای یەك نووسەر لەچیرۆکێکەوە بۆ چیرۆکێکی تری دەگۆڕێت، بەهەرحاڵ لە قۆناغی سەرەتادا رونکردنەوەیەکی ئەوتۆ سەبارەت بەدەق بە دەستەوە نادرێ، چونکە رەگەزەکانی ئەم قۆناغە دەڵەمەو ناجێگیرن و زەمینە بۆ قۆناغی ناوەراست خۆشدەکەن.





((٤))

پاش سەرەتا، ناوەراست دەست پێدەکات، ئەم قۆناغەش کۆمەڵێك رەگەز لە خۆ دەگرێ، لەوانە: ململانێ وکێشمانەکێش، گرێ و گرێچن، لوتکە.. هتد ئەگەر لەبەشی (سەرەتادا) جۆرێك لە دەڵەمەیی و ناجێگیری و تەم ومژو بێ سیمایی بەدی بکرێ، ئەوا لەم بەشەدا بەرەبەرە رەگەزەکان بەرەو بە دەقبوون دەرۆن وفۆرم و قاڵب و سیما پەیدا دەکەن، هەڵبەتە ئەم تەقسیمبەندییەی کە ئێمە لێرەدا لە رووی ناچارییەوە دەیکەین بەو مانایە نییە کە سنوورێکی پۆڵایین لە نێوانیاندا هەیە و لە بەزاندن نایەت، بەڵکو بەپێچەوانەوە رەگیان لە یەکتردایەو بە جۆرێ ئاوێتەن کە لەباری هونەرییەوە ئەستەمە بێنە دابڕان، مەگەر زەرورەتی شیکردنەوە ناچارمان بکات. بۆ نموونە ململانێ رەگی لە سەرەتادایە ولوتکە زادەی گەشەکردنە و گرێچن پێکدێنێ. هەر کاتێ گرێ گەییە بالاترین ئاستی خۆی ، ئیدی ئەنجامی دەقەکە بە پێی دەگوترێ لوتکەی دەق بەرەبەرە بەدیار دەکەوێ و لەناوەوە تیشك دەخاتە سەر خۆی وبەرەو کۆتایی دەستی خوێنەر دەگرێ.

هەڵبەتە گرێچن لە چیرۆکدا گرینگییەکی ئەوتۆی هەیە کە بەبێ گرێچنی گونجاو، کێشمانە کێش لە کاریگەری دەکەوێ.

توانا هونەرییەکانی نایەتە دی. نووسەر لە چاودێری و سەرپەشتی رەگەزی گرێچندا بەرەبەرە کایگەری چیرۆکەکەی خۆی زیاد دەکات و خوێنەر ئامادە دەکات تا دەرك بە کاریگەری تەواوی لوتکە بکات .هەڵبەتە رەگەزی گرێچن زۆر گرنگەو نووسەری لێهاتوو وکارامە بەشی هەرە زۆری چیرۆکەکەی بۆ ئەو رەگەزە تەرخان دەکات ، چونکە نووسەری گەورە لەوێدا بلیمەتی خۆی بەتەواوتی دەنوێنێ و ئاشکرا دەکات. ئەوجا دێینە سەر( کۆتایی) کە لە لوتکەوە تا ئەنجامی چیرۆکەکە دەگرێتەوە.

بەم پێیە (سەرەتا) دەستپێك و زەمینە خۆشکردنە بۆ پەرینەوە بۆ سەرەتای ململانێ و کیشمانە کێش و(ناوەراست)لە ململانێوە بەرەو گرێچن و لەوێندەرەوە بەرەو لوتکەمان دەبات و(کۆتایی) لە لوتکەوە بەرەو ئەنجاممان دەبات. هەڵبەتە لە چیرۆکدا ململانێی جۆراوجۆرهەیە، دەشێت ململانێ دەروونی بێ و قارەمان لەگەڵ خۆیدا بیکات، یا ململانێ لە نێوان قارەمانانی چیرۆکەکەدا بێ یا لەنێوان قارەمان و کۆمەڵگەدا بێ یا لەنێوان قارەمان و سروشتدا بێ..هتد.

بەهەرحاڵ پێویستە لێرەدا ئامازە بە گرینگی رەگەزی پلۆت(نەخشە) بکرێ و ئەوە دووپات بکرێتەوە کە دەرککردنی





پلۆت گرنگترین فاکتەرە لە پرۆسەی دەرککردنی چیرۆکدا. پلۆت دەشێت بەرۆحی چیرۆك بژمێردرێ.

((٥))

پلۆت(نەخشە) رەگەزێکی هەرە گرینگی چیرۆکەو ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی نووسەرەو لە واقیعدا بە مجەرەدی بوونی نییە، لەبن و بناواندا فۆرم بەخشینە بە ئەزموون و تەجرەبەیەك کە لە بنەرەتدا بێشێوەیە، بێ فۆرمە، یانی پرۆسەی فۆرمبەخشینە بەتەجرەبەیەکی بێ فۆرم.بە وتەیەکی دی چیرۆکنووس ئەزموونە خاوەکانی ژیان هێندە هونەرمەندانەو لێهاتووانە ریز دەکات کە لە میانەی یەکێتی ئەو ئەزموونانەوە پەیوەندی نێوان هۆو ئەنجامی بویەرو رووداوەکان بە دیار دەکەوێ، و کۆی رووداوەکان شێوەیەکی هونەریانە دەگرێتە خۆی. ئەگەر پلۆت لە واقیعدا نەبێ و دەستکردی نووسەر بێ و ئێمە تا ئەندازەیەك ئەم دەسکردبوونەی پلۆت قبووڵ بکەین، ئەوا بۆ کاراکتەر حەز دەکەین لە خەڵکانی ناو ژیان بچن و دەستکرد نەنوێنن و لە گەڵ واقیعی چیرۆکڤانی دەقەکەدا بگونجێن و لەو واقیعە هونەرییەدا واقیعی بن. ئەگەر چی مرۆڤ تا رادەیەك لەناو ژیانی واقیعیدا ئازادە، بەڵام کاراکتەری چیرۆکڤانی بە تەواوەتی ئازاد نییە.چونکە کاراکتەری چیرۆکڤانی

بەپێچەوانەی مرۆڤی واقیعیەوە، بەشێکە لە کۆی کارێکی هونەری ودەبێ لە خزمەتی پێداویستییەکانی ئەو کارە هونەرییە یەکگرتووەدا بێ..واتە کاراکتەر بەشێکە لە کارێکی هونەری یەکپارچەی یەکگرتوو وپەیوەندی راستەوخۆی بە رەگەزەکانی تری ئەو کارەوە هەیە و بەشێك لە بونیادی ناوەوەی چیرۆك(دەق) پێکدێنێ.دیارە کاراکتەر دەبێ لە واقیعی رۆژانە بالاٌتربنوێنێ جۆرە پەیوەندییەك لەگەڵ تەجرەبەی شەخسی خوێنەردا پەیدا بکات و بە کورتی تەجرەبەکانی ژیانی بۆ هەست گۆریبێ.کارەکتەرانی ناو چیرۆك لەناو پرۆسە هونەرییەکەی دەقاندنی ناوەرۆکدا گەشە دەکەن و شێوەو سیمای تایبەتی خۆ وەردەگرن.هەر کاراکتەرێکی هونەری وەربگری، لە روویەکەوە دەچێتەوە سەر خەڵکانی ناو ژیانی واقیعی یا بەپێچەوانەوە هەر کەسێکی ناو ژیانی واقیعی بگری هەندێ خەسڵەت و تایبەتمەندی ئەو قارەمانە هونەرییانەی تێدا بەدی دەکرێ. ئەمەش خۆی لە خۆیدا هەستکردنە بە جۆرەپەیوەندییەك لە نێوان کەسایەتی هونەری و کەسایەتی واقیعیدا،

بەهەر حاڵ زۆربەی رەخنەگران وشارەزایان کارەکتەرانی هونەری دابەش دەکەن بەسەر کارەکتەری سادەو کارەکتەری توێدارو ئاڵۆزدا، کارەکتەری سادە ئەوەیە کە بتوانرێ لەیەك





فرمۆلدا بەرجەستە بکرێ و یەك رەهەندو یەك لایەن بێ و بەئاسانی بناسرێ. کاراکتەری توێدارو ئاڵۆز ئەوەیە هەزار توێ بێ و بەئاسانی پەی پێ نەبرێ و غافڵگیرت بکات. دیارە بۆچوونی جیاواز لەمەر ئەو دوو جۆرە کاراکتەرە هەیە. بەلاٌم بە شێوەیەکی گشتی کاراکتەری ئاڵۆز لەبارترە بۆ پر کردنەوەی بۆشاییە هونەرییەکانی ناو هەر کارێکی هونەری. بەلاٌم کاراکتەری سادە ئەو توانایەی نییەو لەسەرانسەری چیرۆکەکەدا یەك راستە رێ دەگرێ و بەگەڵ رەوش و رەوتی چیرۆکەکە دەکەوێ و ئەمە هەندێ لە واقیعەوە دوورە. کاراکتەری ئاڵۆز دەتوانێ وەکو خەڵکانی واقیعی غافڵگیرمان بکات و سەرسامامان بکات و ئەمەش جۆرە واقیعیەتێکی پێ دەبەخشێت کە پتر حەزو کەڵکەڵەی خوێنەر پاراو دەکات. بەهەرحاڵ دەبێ ئەوە دووپات بکەینەوە کە کاراکتەری چیرۆکڤانی چەند ئاڵۆزیش بێ، ئینسانێك نییە ،بەڵکو خەڵقەندەیەکی هونەرییە و بەشێکە لە کارێکی هونەری یەکگرتوو.ئەوەی ئێمە لە هونەرمان گەرەکە شێوەیەکە کە لە ژیاندا دەستمان ناکەوێ، جیاوازی بنەرەتی هونەرو ژیانیش لەوەدایە.بەهەرحاڵ چونکە مرۆڤ بەخۆی بوونەوەرێکی ئاڵۆزە، بۆیە کاراکتەرانی ئاڵۆزی پێ پەسندترە. چونکە پتر لە ژیان دەچن.هەڵبەتە ئەگەر کاراکتەر بۆخۆی بەتەنیا و جیا لە

ڕەگەزەکانی دیکەی چیرۆك لەبەر چاو بگیرێ، لەو حاڵەتەدا دەکرێ بایەخێکی گەورە بە ئاڵۆزی بدرێ.بەڵام ئەگەر کاراکتەر لەبەر ڕۆشنایی چیرۆك وەکو یەکەیەکی یەکپارچە تاقی بکەینەوە لەو حالەتەدا بۆمان دەردەکەوێ کە ئاڵۆزی فەزڵێکی زیاتری لە سادەیی نییە.دەبێ حەساو بۆ ئەوە بکرێ کە چ کاراکتەرێك لە چیرۆکدا دەور دەبینێ، چیرۆکنووس دەبێ کاراکتەری گونجاو بۆ مەبەست و ئامانجەکانی خۆی هەڵبژێرێ.

((٦))

هەڵبەتە پێویستە لێرەدا زۆر بەلەز ئاماژە بۆ ڕەگەزی وەسف لە دەقی چیرۆکدا بکرێ. چیرۆکنووس دەبێ شارەزاییەکی چاکی لەم بوارەدا هەبێ.گونجاوترین شێوازی وەسف لەگەڵ دەقی چیرۆکدا وەکو یەکەیەکی یەکپارچەی هونەری هەڵبژێرێ.دیارە هەر شێوازێکیش عەیب و خەوشی خۆی هەیە. بەڵام چیرۆکنووس دەبێ کەم عەیبترین شێوازی وەسفی بەکاربێنێ. جۆرە باوەکانی وەسفیش پتر بریتین لە: وەسفی مەنتیقی، وەسفی دراماتیکی و وەسفی قەرینەیی و مەجازی. لە وەسفی مەنتیقیدا پتر گوتن زاڵە، واتە لە دەرێڕا تیشك دەخرێتە سەر کاراکتەران، ئەمەش جۆرە جڵەو کردنێکی خەیاڵی خوێنەری لێدەکەوێتەوە. لە وەسفی دراماتیکیدا نیشاندان زاڵە. نووسەر





یا گوتیار(ڕاوی) زیاترنیشاندەدا تا بڵێت. چیرۆکنووس لەم جۆرە وەسفەدا ڕێگە بە قارەمانەکانی دەدا کە خۆیان بنوێنن و خۆیان نیشان بدەن، واتە قارەمانەکان لە ڕێگەی دەم و دوویانەوە یا هەڵسوکەوت و ڕەفتاریانەوە خۆیان بە خوێنەر دەناسێنن. لەم شێوازەدا خوێنەر بە گەرمی دەعوەت دەکرێ کە چالاکانە لە چیرۆکەکەدا بەشداری بکات. بەهەرحاڵ ڕەنگە ئەم شێوازە وەسفە لە شێوازە وەسفەکانی دیکە پەسندتر بێ.لەوەشە یەکێك لە خەوشەکانی ئەم شێوازە وەسفە ئەوەبێ کە لە وەسفی مەنتیقی درێژدادرتربێ، چونکە نیشاندان کاتی فرەتر دەبات لە وتن.شێوازی وەسفی قەرینەییش ئەوەیە کە کاراکتەر لەڕێگەی ئەو قسانەوە کە دەربارەی دەکرێ بناسین.بەکورتی بۆچوونی باوی ئەم ڕۆژگارە ئەوەیە کە دەقی سەرکەوتووی چیرۆك دەبێ پتر نیشاندان بێ نەك گووتن. دیارە هەر دەقێکیش بەدەم پرۆسەی خوڵقانەوە یاساو ڕێسای خۆی بەرهەمدێنێ و هەر نووسەرەش دەبێ ئاگاداری ئەوەبێ کە دوا ئەنجامی کاری ئەو کە بریتیە لە بەرهەمهێنانی یا خوڵقاندنی کارێکی یەکگرتووی یەکپارچەی هونەری و دەسترەنگینی و مۆرکی ئەو لە چۆنیەتی دەقاندنی هەموو ڕەگەزە وردو درشتەکانی ئەو کارەدا دەردەکەوێ و ناسنامەی تایبەتی وەردەگرێت..

((٧))

رەگەزێکی دیکەی گرینگ لەئەدەبیاتی چیرۆکڤانیدا هەیە کە پێی دەگوترێ شوێنکات. بێگومان بویەرو رووداو لە شوێن وکاتدا روودەدات.ئیدی مەرج نییە شوێن تەنیا یەك شوێن بێ یا کات و زەمان تەنیا یەك کات بێ. دەشێت شوێنکات بە گوێرەی زەرورەت و پێداویستی هونەری دەق بێتە هەڵبژاردن و مۆنتاژکردن. دیارە رەگەزی شوێنکات جۆری هەیە. لەوانە شوێن یا دیمەنی بێ لایەن، لێرەدا تەنیا ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێ کە شوێنەکە کوێیە ،شارە یا لادێ یا...هتد. نووسەر ئەو زانیارییانە دەدا و ئیدی ئەوەندە گوێی ناداتێ و بەتانیا ناچێت. ئەم زانیارییانە لە خزمەت پلۆت و رووداوی دەقدا دەبێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم بێ لایەنیە موتڵەق و رەها نییە، واتە مەوقیعیەتی بێ لایەن زۆر کەمە.

بێگومان شوێنکات یا دیمەن یا مەوقیعیەت دەشێت لەناو بەرهەمی چیرۆکڤانیدا ببێ بە رەگەزێکی کاریگەری بەرجەستە. بەڵام دەبێ ئەوە بزانرێ کە مەوقیعیەت شتێکی سەر بەخۆ نییە، هەمیشە بەشێکە لە کۆی کارە هونەرییەکە وەکو یەکەیەکی یەکپارچەو دەبێ لەو چوارچێوەیەدا حەساوی بۆ بکرێ. خۆ ئەگەر لە چوارچێوەی کوللیەتەکە دەرچوو و لە رەگەزەکانی دیکەی دەق زاڵتر و زەقتر کەوتە بەرچاو ئەوا دەبێ





بەخەتاو هەڵەی هونەری لە قەڵەم بدرێ. چونکە لە باشترین چیرۆکدا نیشاندنی مەوقیعیەت مەبەستی سەرەکی یا بنچینەیی نییە. بەڵکو مەوقیعیەت دەبێ رەگەزێکی چیرۆك بێ لەناو کۆی رەگەزە هونەرییەکانی دیکەدا بتوێتەوەو هەموو رەگەزەکان پێکەوە لە بۆتەی هونەردا دەقێك بخوڵقێنن کە پێی دەگوترێ چیرۆك..

(( ٨ ))

گۆشەنیگا، یەکێکە لەو بابەت و رەگەزانەی کە بایەخی گەورەی هەیە لە ناو پرۆسەی خوڵقانی دەقی چیرۆکدا.دیارە لێرەدا مەبەست لەگۆشەنیگای چیرۆکنووسە ، واتە کردەی گێرانەوە لە روانگەی چیرۆکنووسەوە، کە هەر چیرۆکنووسێك بە گوێرەی نۆرینی خۆی دیاردەو بویەرو بابەتەکان دەخوێنێتەوەو دەگێرێتەوە. هەڵبەتە مەبەست لە نۆرین و خوێندەوەی هونەرییانەیە، دەنا دەق پێك نایەت و نایەتە خوڵقاندن. دیارە مەسەلەی هەڵبژاردنی گۆشە نیگا یەکێکە لەو مەسەلە ئاڵۆزانەی کە دەبێ چیرۆکنووس زۆر بە پارێزەوە مامەڵەی لە تەکدا بکات، چونکە نووسەر بە سەرچاوەی بنەرەتی هەر کاراکتەرێکی ناو چیرۆکەکە، شوێن، هاماج ورووداوەکانی ناو بەرهەمەکەی دەژمێردرێ. یانی ئەو دەقە

بەهەموو رەگەزەکانییەوە ئافەریدەو خەڵقەندەی خەیاڵی ئەوە. نووسەر زۆر شت دەربارەی خەڵقەندەکانی خەیاڵی خۆی دەزانێ ولە سەرێتی بریار بات چۆن سوود لەزانیارییە تایبەتییەکانی وەربگرێ. یانی نووسەر دەبێ گونجاوترین گۆشە نیگا بۆ ئەو چیرۆکەی کە دەیەوێ بیگێڕێتەوە یا بڵێ هەڵبژێرێ و بدۆزێتەوە. هەڵبەتە گێرانەوەش جۆری هەیە،دەشێت بۆ نموونە لە رێگەی یەکەم کەسەوە بێ یا لە رێگەی سێیەم کەسەوە بێ، دەتوانرێ چیرۆکێك لە دەرێڕا یا لە ناوەوە بگێردرێتەوە، مەبەست لە گێرانەوەی ناوەوە ئەوەیە کە یەکێك لە قارەمانەکانی ناو دەق چیرۆکەکە دەربڕێ، ئەو بابەتە چیرۆکە پتر بە راناوی یەکەم کەس دێتە گوتن و گێرانەوە.. ئەو چیرۆکانەش کە لە لایەن گوتیارێکی بێناوەوەو لە دەرێڕا باس دەکرێ و دەگێردرێتەوە، پتر بە راناوی سێیەم کەس دێتە گێرانەوەو بەیانکرن. جا لێرەداپێویستە ئاماژە بۆ گوتیار(راوی) بکرێ.گوتیار هەیە هەموو شتێکی جیهانی دەقەکە دەزانێ و گوتیار هەیە زانیاری سنوورداری لەمەر دەقەکە هەیە. جا گوتیاری هەمووشتزان دەتوانێ خۆی لە ژیانی هەر کەسایەتییەك هەڵقورتێنێ و بەخوێنەر بڵێ کە قارەمانی نێوبراو بەتەمای چییە و چۆن چۆنی هزردەکات. دەتوانێ ئێستا لە شارێك بێ، دوای تۆزێکی دی لە شارێکی





دیکە بێ. دەتوانێ لە دەستەواژەیەکدا لە کاتی ئێستادا لە گەڵماندا بێ ولە رستەیەکی دواتردا بمانباتەوە بۆ رابردوو. جا ئەم جم و جوڵەی ئەو لە خۆیەوە بۆخۆی، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی و لە زەمانێکەوە بۆ زەمانێکی دی لەبەر ئەوەیە کە بەو پەری کارامەیی و چاکی چیرۆکەکەمان بۆبگێرێتەوە. گوتیاری هەموو شت زان لە هەموو هونەرەکانی گێرانەوە ئاسایی ترە، هەر لەبەر ئەوەشە ئاساییترین گۆشەنیگاو گێرانەوەیە بۆ زۆربەی چیرۆکنووسان.چونکە زۆر بە ئاسانی بەم رەوشە چیرۆکەکانیان دەگێڕنەوە.

هەرچەندە گوتیاری هەموو شتزان لە لایەکەوە هونەرێکی ئاساییە، بەڵام لە لایەکی دییەوە بە تەکنیکێکی نائاسایی و تایبەتی دەژمێردرێ. چونکە لە ژیاندا کەس نییە هەموو شتێك بزانێ، ئەمە جگە لەوەی گۆشەنیگای گوتیاری هەمووشتزان هەندێ جار جڵەو لە دەستی نووسەر دەسەنێ و بابەتەکان تووشی گێرەشێوێنی دەکات.. دیارە لێرەدا دەبێ سووکە ئاماژەیەك بۆ هەندێ عینوانی دیکەش بکرێ لەوانە: شاقارەمان لە دەوری گوتیاردا، گۆشەنیگای قارەمانی لاوەکی، گۆشەنیگای بابەتی و ژمارەی گۆشەنیگایان.

((٩))

کەس ناتوانێ نکوڵی لە زمان و ڕۆڵی زمان لە پێکهاتەی دەقی ئەدەبیدا بکات. بۆیە نابێ بەزێدەڕۆیی گەر بگوترێ دەق دەکاتە بەرهەمهێنانێکی هونەریانەی زمان. واتە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی بگرین بەلای کەمەوە دەبێ هەردوو تایبەتمەندی شێوازو ئاواز یا ستایل و تۆن بگرێتە خۆ. دیارە شێواز بۆ هەر دەقێکی چیرۆکڤانی هەم گرنگەو هەم ئاڵۆزەو دەورێکی کارا لە خولقاندنی تۆندا دەگێڕێ، واتە دەتوانرێ بگوترێ شێواز ڕێگەیەکە دەگاتە تۆن. بەهەر حاڵ ئێمە نامانەوێ بچینە ناو تول و تەفسیلی شێوازو جۆرەکانییەوە، ئەوەی بۆ ئێرە مەبەستە زیاتر شێوازی تاکە،واتە چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان لە لایەن نووسەرێکەوە. هەڵبەتە دەشێت شێوازی تایبەتی نووسەرێك لە نێو چوارچێوەی گشتی شێوازی باوی سەردەمێکدا دەربکرێ و بناسرێتەوە. دیارە هەر نووسەرێك بەجۆرێك مامەڵە لەگەڵ زماندا دەکات و بەنەفەسێکی تایبەتییەوە بەکاری دێنێ، جا بەم پێیە هەموو نووسەران خودانی شێوازن، بەڵام مەرج نییە هەموو شێوازەکان سەرکەوتوو و پەسندبن.کەواتە شێواز بەو چەمکەی کە چۆنییەتی بەکارهێنانی زمانە لە لایەن





نووسەرەوە،چاکتر یا خراپتر نییە، بەڵکو بە گوێرەی بەکارهێنانی لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی ترجیاوازە. کەواتە دەبێ کار بۆ ئەوە بکرێ کە شێوازی هەر نووسەرێك لە ناو بەرهەمەکانی ئەو نووسەرەوە دەربکبکرێ و بناسرێتەوە، نەك بۆچوونەکانی خۆمان سەبارەت بەشێواز لە دەقەکانی ئەو نووسەرە بار بکەین. کەواتە شێواز دەبێ بەشێوەیەکی گونجاوو هاوسەنگ شانبەشانی ڕەگەزەکانی دیکە بەشداری لە پێکهاتەی دەقەکەدا بکات و بە هەموویان یەکەیەکی یەکپارچەی هونەری بخوڵقێنن. بەهەرحاڵ شێواز شتێکی شەخسییە و جیاوازی شێوازی نووسەران دەگەرێتەوە بۆ جیاوازی زەینییەت و کەسایەتی خودی نووسەرەکان.

هەڵبەتە شێواز بەشێوەیەکی گشتی ڕەگەزێکە لە نێو ڕەگەزەکانی دیکەی دەقدا و دەورێکی گرینگ لە ئیجادی تۆن لەناو بەرهەمی چیرۆکڤانیدا دەگێڕێ. دیارە تۆنیش دەکاتە دەربڕین و نیشاندانی ڕوانین و دیتنەکان. بەهەرحاڵ ئەم ڕەگەزو بابەتە لە گەڵ ڕەگەزو بابەتەکانی دیکەدا تان وپۆی دەق پێکدێنن و بەئاسانی بۆ خوێنەر جیا ناکرێتەوەو تەنیا خوێندنەوەو موتالای زۆری چیرۆکان ، ڕەنگە ئاسۆی داوەری خوێنەر فراوان بکات و بتوانێ بەباشی شێوازو تۆن

بناسێتەوەو پەیوەندی هەموو رەگەزەکان لە چوارچێوەی کارەکەدا وەکو یەکەیەکی یەکپارچەی هونەری دەرکبکات.

((١٠))

هەندێ رەگەزی چیرۆك بەهۆی کاریگەری بنەرەتییان لە پێکهاتنی سەرلەبەری بەرهەمەکەدا بە رەگەزی کاراو گرنگ حەساو دەکرێن و هەموویان لە ژێر خێوەتی بونیادو تەکنیکدا کۆدەبنەوە. واتە پاش ئەوەی لە پێکهاتەی گشتی بەرهەمەکەدا ئاوێتە دەبن پێیان دەگوترێ بونیادو تەکنیك، لەوانە وەسف کە بریتییە لە نیشاندان و دەربرینی راستەوخۆی خەسڵەتێن یەك کەسایەتی یا یەك شوێن یا یەك شت. جا جاری واهەیە وەسف نیشاندانی خەسڵەتێن نامادییە و جاری واشە تەنیا نیشاندانی خەسڵەتێن بەدەنی دەگرێتە خۆ.. هەڵبەتە وەسفی کاریگەر یا سەرکەوتوو ئەوە نییە کە نووسەر هەرچییەکی بەبیردابێ نیشانی بدات یا دەریببرێ.نووسەر دەبێ ئەو لایەنانە هەڵبژێرێ کە پتر لەگەڵ مەبەستەکەیدا دەگونجێت و ئەو لایەنانە بەجۆرێك ریز بکات و رێکبخات کە مەبەستەکەی بێننە دی .هەرچەندە وسف رەگەزێکی تارادەیەك وەستاوە، بەلاّم نووسەری کارامەو لێهاتوو جوڵەش لەبەرچاو دەگرێ و فەرامۆشی ناکات.





پانۆراماو دیمەن، رەگەزی بنەرەتی چیرۆکن و چیرۆکنووس دەتوانێ هونەرییانە بیانخاتە خزمەتی پەرەسەندن و گەشەکردنی دەقەکەیەوەو بەزەبری بەکارهێنانی پانۆراماو دیمەن خۆی لە یەکنەوایی بپارێزێ، ئەمەش بەوە دەبێ کە لە دیمەنی دراماتیکییەوە بگوازرێتەوە بۆ دیمەنی پانۆرامایی.

دیالۆگیش لە رەگەزە گرنگەکانی چیرۆکەو لە شێواز نایەتە دابران و پێویستە لە چوارچێوەی کوللیەتی دەقدا مامەڵەی لەتەکدا بکرێ، دیارە دیالۆگ لەناو چیرۆکدا دەبێ ئاسایی بێ، هەڵبەتە سەبارەت بە جیهان و واقیعی ناو چیرۆکەکە ئاسایی بێ و تەواو لەگەڵ واقیع و جیهانی چیرۆکەکەدا بسازێ. لە گەڵ ئەو دنیایەدا بگونجێت کە نووسەر خوڵقاندوویەتی نەك ئەو جیهانەی کە نووسەرو خوێنەر بە واقیعی تیایا دەژین. واتە نووسەر دەبێ خۆی لەوە بپارێزێ کە لە جیاتی قارەمانان قسە بکات، چونکە ئەمە سەنگەلایی هونەری لێدەکەوێتەوە. بەڵکو دەبێ جڵەو بۆ قارەمانان شل بکات، وەکو چۆن خۆیان لەناو کارەهونەرییەکەدا هەن ئاوا قسەو گفتوکۆبکەن وبەشێوەیەکی ئاسایی گوزارشت لە خۆیان بکەن.

((١١))

رەگەزێکی زۆر گرنگ هەیە لە دەقی چیرۆکڤانیدا،کە کەم و زۆر ، راستەو خۆو ناراستەو خۆ پەیوەندی بەرەگەزەکانی دیکەی دەقەوە هەیەو لە کارلێکی بەردەامدایە لە گەڵیاندا، ئەویش رەگەزی تیمەیە کە رەنگە بشێت ناوی نێوەرۆکی لێ بنرێ، دیارە نێوەرۆك و بابەت یەك شت نین، بەڵام زۆریش لێکدی نزیکن. تیمە دەکاتە مانا، یا هەوێنی چیرۆك. چیرۆکیش نە رێگەیەکە بۆ وێنە گرتن و بەر جەستە کردنی هزرو بیران و نە هەڵاتنی نامەسئولانەیە لە واقیع.. جا لەم پێودانگەوە دەشێت تیمە مانایەك بێ کە چیرۆك بە زەبری ئەوزارە هونەرییەکانی خۆی کەشفی دەکات. زۆرجار مرۆڤ حەزدەکات جۆرە مانایەك بە ئەزموونی خودی خۆی ببەخشێت،یا لە ئەزموونی خودی مانایەك دروستبکات، دەیەوێ بزانێ کێیە،هەڵوێستی خۆی بزانێ، پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ خەڵکان و بوونەوەراندا بزانێ. تیمە هاوتاو قەرینەی ئەم بزوێنەرە ئاساییە مرۆڤانییەیە لەناو چیرۆکدا...دەبێ ئاماژەش بۆ ئەوە بکرێ کە کردەی نووسین تەنیا کردەی دەربرین ونیشاندان نییە ،بەڵکو کردەی کەشفکردنیشە،کەواتە تیمە(نێوەرۆك) مانایەکی تەواوە کە





نووسەر لەکاتی نووسیندا و خوێنەر بەهەم خوێندنەوەوە کەشفی دەکات. هەڵبەتە ئەم پرۆسەی کەشفکردنە کارێکی سادەو ئاسان نییە، و تیمەی چیرۆك تەنیا بە موتالاو خوێندنەوەی جدی و مەسئولانە دێتە کەشفکردن، وئەم کارەش وادەخوازێت کە خوێنەر ئاگای تەواوی لە پەیوەندییەکانی نێوان بەشە جیاوازەکانی چیرۆك و لە هەڤبەندی بەشە جیاوازەکانی چیرۆك لەگەڵ کوللیەتی چیرۆکدا هەبێ.کەواتە بەم پێیە تیمە رەنگدانەوەی ئارەزوو حەزی مرۆڤە بۆ دروستکردنی مانا لە ئەزموون، واتە ئەدەبیاتی چیرۆکڤانی رێگەیەکە بۆ دروستکرنی مانا لە ئەزموون. گۆرینی ئەزموونە بۆ مانایەکی هونەری.تیمە لەو رەگەزانەیە کە یەکێتی تەواو بەدەقی چیرۆك دەبەخشێت، هەر تیمەیە، کەنووسەر والێدەکات شێوەو فۆرم بە پلۆت بدات و قارەمانان بخۆڵقێنێ، واتە تیمە گرنگترین پرەنسیپی هەڵبژاردن بە نووسەر دەدات. کەواتە چیرۆك بەشێوەیەکی گشتی هەوڵێکی راستگۆیانەیە بۆ مانا بەخشین بە ئەزموونی ئینسانی. ئەوی چیرۆکی باش بۆ ئێمەمانانی دەرەخسێنێ ئەوەیە لە چاوی کەسێکی ترەوە بروانینە ئەزموونی مرۆڤ کە زۆر جیاوازە لە خوێندنەوەی وتارێکی فەلسەفی . ئەو جۆرە وتارە دەرفەتی ئەوەمان بۆ دەرەخسێنێ ئاگامان لەوەبێ کە

کەسێکی دی دەربارەی ئەزموونی مرۆڤ دەیڵێ. بەڵام چیرۆکنووس دنیایەك دەئافەرێنێ کە بۆ ئەو دنیایەی ئەو و ئێمە تیایدا دەژین بایەخی هەیە، روانینێکی راستەو خۆمان دەربارەی دنیای چیرۆکەکەو دنیای خۆمان پێ دەبەخشێت. یانی روانینمان لە رۆتینبینی رزگار دەکات و هێزی خەیاڵمان لە مت بوون دەخەلەسێنێ و دەوڵەمەندی دەکات...

سەرچاوە:

١- چگونه ادبیات داستانی تحلیل کنیم : دکتر دبلیو. ئی. کنی..ت: دکتر مهرداد ترابی–محمد حنیف چاپ اول ١٣٨٠

٢- فجر القصه المصریه – یحیی حقی

٣- القصه العربیه والحداته / دکتر صبری حافڤ ١٩٩٠ بغداد

٤- فن کتابه الاقصوصه/ ت: کاڤم سعدالدین ١٩٧٨

٥- التحلیل البنوی للقصه القصیره/ رۆلان پارت/ ت: د. نزار صبری ١٩٨٦

٦- فن القصه القصیره/ د. رشاد رشدی/ بیروت ١٩٧٥





# بەیداخ

(١)

دەمەو ئێوارە بوو. هێدی هێدی لە ژێڵا بەسووکە هەورازەکە دا هەڵدەگەڕاین. من و کامەران لە دوای دواوە بووین. تەنیا من لە ریز دەرچوو بووم و شان بەشانی کامەران دەڕۆیشتم. ریزی پێشمەرگە دەتوت قەتاری قورینگانەو مژدەی سەرکەوتن، لە چیاو دۆڵەوە بۆ گەل دەبەن! ئاخر و ئۆخری مانگی سێ بوو، کزەبایەکی ساردی دەهات. سەرم هەڵبڕی، تەم سەری پیرە مەگروونی گرتبوو، بەفرەکەی بە ئاستەم چوو بووەوە. کۆمەڵێك بیرەوەری سەردەمی منداڵیم لا وڕوژا، کۆنە زامم هاتنەوە سوێ.

خاڵە عومەرم پێشمەرگە بوو، ئەوسا پۆلی شەشەمی سەرەتایی بووم، کەسوکاری پێشمەرگە لە زەیەقەتدا بوون، حکومەت گاڵەی پێدەکردن، مەگەر کەسوکاری پێشمەرگە بە دزییەوە سەریان دابان. زۆر جار هەواڵ و راسپاردەو شتیان بە

مێر منداڵاندا بۆ دەناردن، كەمتر گومانیان لێدەكرا، بابم لە ژووری ئیعدام بوو.

– "... كەڕە كوردی هیچ نەزان، هەر بۆ ئیعدام باشن!!..."

ئێستەش نەم زانی مامۆستا عەدنان بۆ ئەو قسەیەی كرد، لەگەڵ مامۆستا غازی دا قسەی دەكرد... بە گوێی خۆم ئەو قسەیەم لێ بیست! تا ماوم ئەو قسەیەم لە دڵ دەرناچێ!

* * *

مانگی سێ بوو. دایكم، شەوێ پێی وتم: سبەینێ جومعەیە، من دەچمە كن بابت، حەز دەكەی تۆش لەگەڵم وەرە، لەوێندەرەوە بچۆ بۆ كن خاڵە عومەرت، لە ڕێگەی سلێمانییەوە دەڕۆین، خەمی مەكتەبیشت نەبێ، شەممە تەعتیلە. تۆ لە ڕێگە دادەگرم و هەر لە ئاستی پیرییەوە سەر بكەوە، گەر خەڵكی لێیان پرسیت كێوە دەچی؟ بڵێ خوارزای عومەر قارەمانم و بۆ كنەوی دەچم، ئیدی ڕێگەت پێ نیشان دەدەن و لەگینە لەگەڵیشت بێن.

موچوڕكێك لە تەوقی سەرمەوە هات و لە بنی پێمەوە دەرچوو. ترسێكی بە لەزەتم لێ نیشت:

– هەر بە تەنێ!

– بۆ، دەترسیت؟!





– ها! نە ء.

دایكم وەك بڵێی لە مەبەستم گەیی:

– باشە حوسێنی میمك زاتیش لەگەڵ خۆت بەرە.

هێندە خۆشحاڵ بووم، بە من بوایە هەر چاو بنوقێنم و ڕۆژ بێتەوە. بەیانی زوو لە پاڵ دایكمەوە دانیشتین. هەركە ئۆتۆمبیلەكە بە گەڕ كەوت، من و حوسێن كەوتینە ملەقوتێ، وەك كێوییان هەر شتێكمان دەدی لێی خێڵ دەبووینەوە، وەكم ئەوەی دنیایەكی نوێمان كەشف كردبێ بە شادییەوە بە یەكترمان نیشان دەدا.

لە نێو ئۆتۆمبیلەكەدا وام هەست دەكرد دار و درەخت و ئاوەدانی و دارتەلی ئەم بەرو ئەو بەری جادەكە دەڕۆن و من لە جێ خۆم وەستام. لەسەر ئەوە لەگەڵ حوسێن دا لێمان بوو بە مشت و مڕ.

– وەڵڵاهی دەڕۆن.

– نەخێر، ناڕۆن.

چیوای نەمابوو دەست بنەمە یەخەی، خۆ ئەگەر بە غیرەتی دایكمەوە نەبا من حوسێنم بۆ بەرهەق نەدەكرا. لە من باخۆشتر و بزێوتر بوو، خزمانیش هەندێ نازیان هەڵدەگرتم، دەنگی میمكمە:

- حوسێن گەوجە ئەوە لەگەڵ لەتیفی خاڵە ساڵحت بەشەڕ دێی! ئەدی تۆ هەموو جار ناڵێی خاڵە ساڵحم بە قەد هەر دوو چاوم خۆش دەوێ!.

حوسێن دەستی سارد دەبووەوە، بۆ ماوەیەك خیشی دەكرد، پاشان دەهات ئاشتی دەكردمەوە.

- وەڵڵاهی دەڕۆن.
- نەخێر ناڕۆن.

حوسێن، هەندێ داما، كەمێك لێوی بزوا، بە دەنگێكی نزم وتی: خاڵۆژن! دەستم نایە سەر دەمی حوسێن، دەترسام شكاتی دایكم لێ بكا.

دایكم وەك یەكێك لە شیرین خەو راپەڕێنرێ، بە دەنگێكی نووساو وەك لە بنەبانی ئەشكەوتەوە بێ وتی: ئەوە بۆ داناساكێن رۆڵە! خۆ میرات بەش ناكەن!.

* * *

گەیشتینە شار، لەگەڵ حوسێندا بەسەرسامی دەمانڕوانییە هەموو شتێك، هەرچییەكمان دەبینی لەلامان تازە بوو!.

ئۆتۆمبیلەكە لەبەر مەكتەبێكدا راوەستا، دوو بە دوو كەوتینە حونجەی تابلۆی سەر دەرگەی مەكتەبەكە.

- قوتابخانە هوی سەركەوتن.





حوسێن خێرا راستی كردەوە: قوتابخانەی سەركەوتن جاران من زەینم لە حوسێن رۆشنتر بوو، بەڵام لەو ساوە مامۆستا عەدنان چاوترسێنی كردم، هەندێك لە مەكتەب و دەرس و دەور تەوەلا بووبووم. خۆ ئێمە لە مەكتەبیش بە كوردی نەمان دەخوێند! بابم لە ماڵەوە فێری نووسین و خوێندنی كوردی دەكردین.

مامۆستا عەدنان، كابرایەكی سەر روتاوەی ورگنی دەم و لێو ئەستور، سورفلێكی سمێڵ بچووك بوو. دەیانوت تۆرانییە. رۆژێك بانگی كردم و بە توركمانی پێی وتم:

- وەرە لەتیف، بڕۆ بزانە هەر كەسێك بە كوردی قسە دەكا ناوەكەیم بۆ بنووسە و بۆم بێنە.

حەیزەرانێكی بە دەستەوە بوو لێكدا لێكدا بە پوتەكانیا دەكێشا. دەستە خرپنەكانی هێند سپی بوون دەتوت قەت هەتاویان نەدیتوە، ئەڵقە زێڕەكەی دەستی چەپی لە قامكی ختم بووبوو، هەر چەند چارەم چارەی نەدەویست، ئەوجاش هێندەم بەلاوە جوان بوو، هەر كە دەم بینی فێنكی و ئۆخژنێكی ئاڵوزم لە دڵ و دەروون دەگەڕا، چاوم بڕییە ناو چاوی، وەك یەكێك لە فكران رابچێ، هەندێ دامام، ئەوسا قیروسیام لێكرد و وتم:

- خۆ من جاسوس نیم...

چاوە مەیلەو زەردەکانی ئەبڵەق بوون، لە بن لێوانەوە مینگە مینگێکی بۆ کرد، دەم ڕێژێ جنێوی پێوە نام. بە توندی پەلاماری گوێی دام، تا توانی گوێی سوومەوە، یەك بە خۆم دەم زرینکاند، ئەویش بە تورکمانی:

– وا دەڵێی کەڕە کورد، بڵێ تۆبە، جارێکی دی وا بڵێی دەڕیمە ناو دەمت.

من دەم زریکاند و ئەو گەنم گردی: بڵێ تۆبە.

هەر بۆ ئەوەی قسەکەی ئەو سەر نەگرێ و تۆبە نەکەم، جار لە دووی جار قایمتر دەم زریکاند.

* * *

کاتی خۆی بۆ بابم گێڕایەوە، زۆری ستایش کردم:

ئافەرین قەت جاسوسی نەکەی، جاسوس هەرگیز خاوەنی خۆی نەبووەو نابێ، هەمیشە ماشەی دەستانە، وەك گرێی مووە پشتی پێ نابەستری!

زۆرم کەیف بە ستایش و ئافەرینەکەی بابم هات، هەردوو دەستم خستە ئەم لاو ئەولای دەمم و بە گوێمدا چپاند: باوکە تۆش لە مەکتەبەکەی خۆتان لە منداڵە تورکمانەکان بدە.

بابم دەستێکی بە سەرمدا هێنا:

– ئاخر نابێ رۆڵە، خۆ ئەوان خەتایان نییە مامۆستا دەبێ خۆشەویستی و دۆستایەتی بخاتە دڵی قوتابیانەوە نەك





رق و کینە، گوێی مەدەیێ لەتیف گیان، ئەوی ناهەقی بکا، درەنگ یا زوو لە گەرووی دێتەوە.

ئەوی راستی بێ ئەوسا چیوام لە قسەکانی بابم هەڵنەدەکراند، هەر ئەوەندەم لا دروست بوو کە بابم مامۆستایەکی باشە، بزەیەك بەسەر لێوی بابمەوە تاسا بوو، دەتوت چاوەڕێی منە. منیش بە روویا گرژیمەوەو هیچم نەوت.

* * *

من و حوسێن، لە ئاستی "پیری ی" دابەزین، هەر کە ئۆتۆمبیلەکە وەگەڕ کەوتەوە، ئێمەش دوو بە دوو ملی ڕێگەمان گرت.

هەردوو مات و ئەبڵەق غەرقی تەمەشا کردنی دەشت و دەر، هەڵەت و زورگ، کێوو قەدپاڵ، درەخت و دەوەن، کانیاوو بەرخەل و پەزو ئاوازی باڵندەو مەلان و نەغمەی سروشت بووین، نازانم چەندمان پێ چوو، خۆمان لەسەر پیرەمەگرون بینییەوە... هەندێك دانیشتین:

– حوسێن دەزانی ئێمە زۆر ئازاین!

– چۆن؟

– سەرکەوتوینەتە سەر ئەم شاخەبەرزە!

– ئاخر، دەزانی ئەم شاخە لە کەرکووکەوە دیارە؟

– نە بابە!

– بەخوا، لەوێوە بەفرەکەی دیارە.

– ئەدی بۆ لێرەوە کەرکووك دیار نییە؟!

هەندێ داما، سەری داخست، چیلکەیەکی گرتە دەستەوە، لەسەر تەنکە بەفرەکە نووسی: کەرکووك.

– ئەوە نییە دیارە!

لە قاقای پێکەنینم دا، هەستاینە سەر پێ، هەردوو رووەو کەرکووك روانیمان، حوسێن وتی:

– رەنگە لەبەر دووکەڵی باوەگوڕگوڕ دیار نەبێ، دەنا دیار دەبێ.

وەڕێ کەوتین ،حوسێن هەڵیکردە گۆرانی، دەنگی هێندە لە گوێمدا خۆش بوو، ناخی خرۆشاندم، منیش بە دەنگە ناسازەکەم کەوتمە سەندنەوەی گۆرانییەکەی و هەردووکمان بووین بە بەشێك لەو تەبیعەتە ئەفسوناوییە.

* * *

کە چووینەوە نامەیەکم لەگەڵ وێنەیەکی خۆمدا بۆ بابم نارد، باسی سەرکەوتنە سەر پیرەمەگرون و بەفرو تیپی فوتبۆڵی مندالآنی گەڕەکی خۆمانم بۆ بابم نووسی بوو، زۆر بە پەرۆشەوە چاوەڕێی وەڵامی نامەکە بووم رۆژێك دەرسم ئامادە نەکردبوو، بۆ نەگبەتی من دەرسی مامۆستا عەدنان بوو هەڵی





ساندم، هیچم نەزانی. جگە لەوەی گوێی بە ئارەزووی خۆی سوومەوە، لەبن لێوانیشەوە بە تورکی وتی:

– کەڕە کوردی هیچ نەزان، هەر بۆ ئیعدام باشن.

ئیدی چۆنی زانی بوو بابم لە ئیعدامخانەیە، نازانم!بۆ وا رقی لە کورد بوو؟ ئەو دەمە نەمدەزانی....

جەڕەس لێی دا، چووینە ساحەکە، لە پڕ هاوڕێیەکم هات:

– نامەت بۆ هاتووە!

کە نامەکەم لە فەتحوڵڵای فەڕاش وەرگرت، هەستم کرد بووم بە پیاوی تەواو. نامەکەم هەڵپچڕی:

خۆشحالم رۆڵە، زۆر خۆشحالم پاش ئەوەی نامەکەتم خوێندەوە، فۆتبۆڵێنەکەتانم هێنایە بەرچاوم تۆو حوسێن–م وەك جووتە شەهێنێك بەسەر ترۆپکی بەفر گرتووی پیرەمەگروونەوە بینی، هێند خۆشحاڵ بووم کە چوار دیواری زیندانەکەم لەلا سرایەوە، جوانی ئێوە، بەرزی پیرەمەگرون و ناسکی بەفر کە جوان و شیرینن! ئەوەندە دەزانم یاری بە کۆمەڵی تۆپێن، بەرزی چیان ئەویش لەگەڵ حوسێن و برادەرانی دیکەدا، ناسکی و پاکی و بێگەردی بەفر بۆ تەمەنی ئێوە چ دەرس و پەندێکی بەنرخی تێدایە... رەنگە ئێستە لەم قسانەم تێ نەگەی، بەڵام ئەم نامەیە وەك یادگارێکی بابە هەڵبگرە! سڵاوی بابە بگەیەنە برادەرەکانت وێنە جوانەکەت

ئەوە نیشان دەدا کە خەریکە دەبی بە پیاو... خۆشحاڵم کوڕی شیرینم. خۆشحاڵم لەتیف گیان.

(٢)

وەختێ سەرم هەڵبڕی، هەورازەکەمان بڕی بوو، لەپڕ پێم هەڵنوتاو رەتم برد، کامەران خێرا پڕی دامێ و نەیهێشت بکەوم. تفەنگەکەم بۆ شانی چەپم گواستەوە، کامەران پرسی:

– ئەرێ ئەمڕۆ چەندی مانگە؟

– نۆزدەی سێیە.

هەناسەیەکی هەڵکێشا.

– خۆزگە ئێستە لە شار بوایەم.

– بۆ؟

– بەڵکو ژنە سوور پۆشەکەم بدیبایە.

– ئەرێ بەڕاست ئەو ژنە چییە، زۆر کەس باسی دەکەن بەلام کەس شتێکی ئەوتۆی دەربارە نازانێ، تۆ هیچی لێدەزانی؟

– منیش زیاتر بیستوومە، خۆم نەم دیوە، بەلام زۆر شتی دەربارە دەڵێن، ساڵ بە ساڵیش پتر دەکەوێتە سەر زاران و داستانی دەربارە دەهۆنرێتەوە، هەندێ دەڵێن: روحێکی





شەیدایە، هەر کەسێك بیبینێ مرازی حاسڵ دەبێ! من پێم وایە کەس تا ئێستە نەیدیتوە، دەڵێن هەموو ساڵێك لە نۆزدەی ئەم مانگەدا دێتە چوار ریانەکەی خوار شارو چاو دەبڕێتە ئاسۆو لەجێی خۆی ناجوولێ کەسیش نازانێ کەی و لە کوێوە پەیدا دەبێ. پاش رۆژئاوا نامێنێ و ئیدی کەس نازانێ عەرد قوتی دەدا یا ئاسمان هەڵی دەکێشێت، دەڵێن: سەراپا سوورپۆشە، جل و بەرگەکەی هێندە ناسك و ئاڵە ئۆخژن دەخاتە نێو دڵ و دەروونان، دەشڵێن: تەنیا خۆی بە هەژاران نیشان دەدا!! گوایە دەڵێ: من هەوێنی شۆڕشم، شۆڕشیش کاری هەژارانە، زۆربەی کات دەچێتە خەونی ژنانی سك پڕ. جا زۆرجار ژنان دەهاتنە لای دایکم گوایە وەك ژنێکی خوا پەرست و پڕ دیانەت خەونەکانیان بۆ لێك بداتەوەو سێبوری دڵیان بێت، رۆژێ ژنێکی دەم و چاو پەڵە پەلاوی، لێو وشك، چاو بە قولا چوو لە دەرکەی حەوشەی داین، من بە دەنگییەوە چووم، کە دەرکەم کردەوە وتی:

– ئەمە ماڵی باجی غوربەتە؟

– بەڵێ، فەرموو.

یەکسەر زانیم بەزمی خەونە. خۆم لە پەنایەکەوە مەلاس دا. دایکم زۆر بە روو خۆشی خێر هاتنی کرد، بەر ماڵەکەی هێناو لەسەری دانیشت، ژنە دەستی بە خەون گێڕانەوە کرد:

– دیتم. ئەریّ وەڵڵا بەم دوو چاوەی خۆم دیتم، ژنە سوور پۆشەکەم بینی، شەویّ دەست نویّژم هەڵگرت، نویّژی شیّوانم کرد، دوور لە تۆ هەندیّ لەشم قورس بوو، رووەو قیبلە بەسەر شانی چەپا راکشام، نازانم چەندی پیّ چوو خەوم لیّکەوت: لە من وایە یەکیّك بە ئەسپایی دەرگاکەی کردەوە، ئافرەتیّکی بالاّ بەرزی سوور پۆش بە دیارمەوە وەستا.

ژوورەکە پڕ بوو لە نوور، بە دەم و لەبزیّکی شیرین پیّی وتم: شلیّر خان هاتووم مژدەت بدەمیّ کە کوڕت دەبیّ، دەبیّ کوڕەکەشت نیّو بنیّی "ئەحمەد فەتاح" دەنا لیّت زویّر دەبم و غەزەبم شار دەگریّ، تا شار پڕ نەبیّ لە "ئەحمەد فەتاح" من ئەم شارە بەجیّ ناهیّلم....

دایکم هەندیّ لیّوی بزواند، فوویەکی بە دەوروبەری خۆیدا کردو بە ئەسپایی لیّوی لەبەر یەك هەڵهیّنان:

– خیّرە بیّ کچم. خەونیّکی چاکە، نیّوی بنیّ "ئەحمەد فەتاح" بە نازی دایك و باوك گەورە بیّ، بە حەولو قووەتی خوا بەم زووانە رۆژی خۆشی لە خەڵکی هەڵدیّ و نەگبەتی شار بەر دەدا.

ئیدی دایکم چی حەزی خۆی هەبوو بۆ ژنەی بەلەنگازی هەڵڕشت و بەریّی کرد، ئەوەندە ژنان هاتن و خەونی ژنە سوور پۆشەکەیان بۆ دایکم گیّڕایەوە منیش وردە وردە باوەڕم پیّ





هیّنا. بۆیە پڕ بە دڵ حەزم دەکرد ئیّستە لە شار بوایەم. زۆر سەیرە "ئەحمەد فەتاح" ناویش خەریکە زۆر دەبیّ. من بەخۆم چەندین کەس دەناسم، ناوی "ئەحمەد فەتاح" یان لە کوڕی خۆ ناوە.

* * *

وەختیّ کامەران قسانی دەکرد، سەراپام بووبوو بە گویّ و مووم لیّ نەدەبزووت، لە پڕ وەك یەکیّك تەزووی کارەبای لیّ بدەن، موچوڕکەیەك ئازای لەشی پڕ کردم. وەك یەکیّك دوو دڵ بیّ لە درکاندنی رازیّکی پیرۆز وتم:

– باشە ئەم شتە لە کەیەوە سەری هەڵداوە؟!

– هەشت ،نۆ ساڵیّك دەبیّ. ساڵ لە دووی ساڵیش پتر دەکەویّتە سەر زاران.

– باشە کەس هیچی دەربارە دەزانیّ؟

– باوەڕ ناکەم، هەر شتیّکەو کەوتۆتە سەر زاران و ساڵ بە ساڵ پتر برەو دەستیّنیّ.

– دەزانی لەوەیە من شتیّکی لیّ بزانم.

– چۆن؟!

زۆرمان نەما بوو بۆ ئاوەدانی.

– وختیّ لە دەڤەری بادینان پیّشمەرگە بووم، شەویّك نۆرە سەر شاخم بوو، هەر ریّك ٣/١٩ بوو. هەشت – نۆ ساڵیّك

لەمەوبەر. دەمەو بەیان بوو، بایەکی ساردی دەهات، هەر لە بای پێش بەفر دەچوو، لە پڕ لە بەرایی شاخەکەوە ئاگرێك کرایەوە، لە دڵی خۆدا وتم: رەنگە رێبوار یا شوان بێ.

هەروا چاوم بڕی بووە تروسکەی ئاگرەکە، تروسکە ئاگری باوەشی شەو دیمەنێکی گەلەك غەریبی هەیە! زۆری پێ نەچوو بلاَچەیەك لە پایگاکەی بەرانبەرمانەوە شۆقی دایەوەو لە تاریکییەکەدا ون بوو. گرمەیەك کپی و خامۆشی بەرە بەیانی شڵەقاند. تروسکە ئاگرەکە چوو بە ئاسماناو کەوتەوەو پاش ماوەیەك لە جێی خۆی دامرکایەوە. لێم بوو بە مەراق، بەیانی چوومە شوێن ئاگرەکە. سێ زەلامی خڵتانی خوێن لەو گۆڕەی کەوتبوون. دوانیان جلی سەربازییان لەبەر بوو، تفەنگیشیان پێ بوو. شتاقیان رۆحیان تێدا نەمابوو، دیار بوو فیراریان کردبوو. ئەوی دیکەشیان جلێکی عەنتیکەی لەبەر دابوو. هەر لە جلی زیندانی دەچوو، بە ئاستەم رۆحی تێدا مابوو. رەنگی بووبوو بە لیمۆی زەرد. هێندە بەدەم سوێی ئازارەوە هەڵپلا بوو بە جارێ لە پەل و پۆ کەوتبوو.

هەر ئەوەندە فریاکەوت ئیشارەتێکی بۆ بەڕکی کردو گیانی سپارد. کە دەستم بۆ بەڕکی برد لە پڕ هەستێکی ئاڵۆز دەستی کێشاندمەوە. بە خەمگینیەوە روانیمە دەوروبەری خۆم. کەمێك لە فکرانڕا چووم، ئەوجا لە دڵی خۆدا وتم: قەیدی نییە،





خۆی ئیشارەتی بۆ بەڕکی کرد، دیار بوو دەیویست... کۆمەڵێك کاغەزی نووسراوی لە بەڕکا بوو. دیار بوو بەپەلە نووسرا بوون. کاغەزەکانم لەگەڵ خۆدا هێناو لەسەر رێگامەوە خەڵکی ئاواییەکەی بنار چیام ئاگادار کردەوە کە: بچن ئەو جەنازانە کفن و دفن بکەن... وا دەزانم ئەو کاغەزانە کلیلی ناسینی ئەو ژنە سوور پۆشە بن کە تۆ باست کرد. شەوێ دوای نان خواردن، وەختێ گەڕاینەوە بۆ مزگەوت بۆتی دەخوێنمەوە.

(٣)

جون، جون هاتینەوە بۆ مزگەوت. هەر تاقمەو لە شوێنێکەوە جێی خەوتنیان خۆش کرد. هێشتا بە تەواوی تاقم و رەختەکەم نەکردبووەوە، کامەران هاتەوە. وەك یەکێك نهێنیەکی گەورەی چاوەڕوان نەکراوی کەشف کردبێ، یا حاڵ گرتبێتی و کەوتبێتە وەجد، هاتە تەنیشتمەوەو بەچپە وتی:

– دەزانم دیتم: جلەکانی هێند سوورو ئاڵ بوون ئاوی چاویان دەبرد. سیمای نورانی ئاسودەیی دەخستە نێو دڵ و دەروون.

– چیت دی؟!.

– ژنە سوور پۆشەکە.. لە ڕێگە دیتم! دەیوت ئێوە دەبنە تاجی سەری مێژوو!

دەی خێراکە لەتیف کاغەزەکان دەربێنە.

جێگەمان چاك كرد. كۆمەڵە برادەرێکی دی لە دەورمان خڕ بوونەوە. کاغەزەکانم لە بەرکم دەرهێنا، نایلۆنێکم تێوە ئالاند بوو، لە نایلۆنەکەم دەرهێنان و دەستم بە خوێندنەوە کرد؟

سەیری سەعاتم کرد. یانی عومری درێژم سێ سەعاتێکی دییە!.ئاخ زەمەن!! بوەستە، چۆنت رابگرم؟!

لە پڕ رۆیی. کەوتەوە هاتوچۆی خۆی. بلاچەیەك بۆ ساتێ ناخی رووناك کردەوە: دیتمەوە! داوای کاغەزو قەڵەم دەکەم، بەڵکو بتوانم ئەم چەند ساتە زەمەنە لە وشەدا بەند بکەم.

قەڵەم و کاغەزی بۆ هێنام. زۆرم بەلاوە سەیر بوو! لە سوچێکی ژوورەکەدا دانیشتم کەوتمە نووسین، ئەویش لە پشتی دەرگەکەوە بە نیو نەخت چاوی لێم نەگواستەوە یا من وام هەست دەکرد. هەر سا نا ساتێ دەڕۆیی و بەپەلە دەگەڕایەوە بەر دەرگەکەو چاوی بە کونەکەوە دەنا. نیگای یەکجار سەیر بوو. دەتوت دەست و قەڵەمەکەم بەنج دەکا. زانتم دایە خۆو بەردەوام بووم. ئێستە ٣/١٩یە وام لە ژووری یەکێك لە ئیعدامخانە زۆرو زەبەندەکانی ئەم سەر زەمینە و بە دەنگی





بەرز دەڵێم: ژیان ئەوەیە لە ناو جەرگەیدا بژیت، کەنار گرتن و خۆ بە داوینەوە هەڵواسین بۆ رۆڵەی گەلی مەزلۆم نەهاتووە.

شەهید بوون فەتحی ژیانە. سەرکەوتن و خەتەر دوو فاکتەرن و هاوکێشەی فەتحی پڕ لە شانازی پێك دێنن. ئەمن بۆ خۆم هەنگاوم ناوە، ئامانج دوورە، بەڵام ئەگەر لێشی نزیك نەبووبمەوە، ئەوا هەر بە ئومێدەوە سەیرم کردووە.

تازە ئەو چەند دێڕەم رەش کردبۆوە. سەرم هەڵبڕی پۆلیسەکە چاوی بڕی بووە کاغەزو قەڵەمەکەم. نیگای ناخی دەسمی. سەیری سەعاتم کردەوە، بە هەموو حیساباتێ هەردوو سەعاتێك لە تەمەنم ماوە. بە ئەسپایی لێوی لەبەر یەك ترازاند:

– هەستە بڕۆ.

– بۆ؟!

– هەستە بڕۆ. هەوڵ مەدە بزانی بۆ، کارێکی بێ سوودە!.

وەك یەکێك زۆر نیگەران بێ و خۆی بدوێنێ لێکدا لێکدا لەبن لێوانەوە دەیوت هەستە بڕۆ. دەزانم رۆیشتنی تۆو ئیعدام کردنی من یەك دەبێ، بەڵام بە تەما مەبە پێت بڵێم، کارێکی بێ سوودە.

گوێم نەدایێ. بەری کونەکەی بەردا. گوێم لە داکورکاندنی بوو!! دەستم بە نووسین کردەوە:

هەر زوو دەمزانی... کەچی گەلێك ساردو هێمن و لەسەرخۆ بووم، حەماس و هەڵچوون و دڵە خورپەو گەشکە بەشێکن لە سروشتی هەموو لاوێك: کەچی من هەواڵەکەم بەلاوە ئاسایی بوو. خۆم شێلو نەکرد و بێ چ قسەیەك گەڕامەوە دواوە.

پاش ئەوەی لە مەحکەمەدا! قەراری ئیعدامەکەیان خوێندمەوەو هاتمە دەرێ، بە ئیشارەت پاسەوانەکەم تێگەیاند کە دەچمە سەر ئاو.

دەرگەی ئاو دەستەکە رێك بەرانبەر ئەو دەلاقە بچووکەی نزیکی بن میچی ئەو ژوورە چکۆلەیە بوو کە "٣٢" کەسی هەمە جۆریان تێ تەپاند بوو. گەنج، مێر منداڵ، میانە ساڵ و تەنانەت پیریش. عادەتەن کە یەکێك بۆ مەحکەمە بانگ دەکرا، ئەوانەی ژوورەوە دەهاڕوژان، چارەنووسی نامەعلوم هەموو ئینسانێك دەهاڕۆژێنێ! ئەنجامی دیار، بەچاك و بە خراپ هەندێ دڵنیایی بەخشە.. هەموو جارێ کە یەکێك بانگ دەکرا بۆ مەحکەمە، ئەوانەی ژوورەوە دەچوونە سەر شانی یەکدی و لە دەلاقەکەوە دەیانڕوانییە ئاودەستەکە تا بانگ کراوەکە بە ئیشارەت لە چارەنووسی خۆی ئاگاداریان بکاتەوە. وەختێ ترس هەڕەشە لە مرۆڤ دەکات، میزی دێ. هەر بۆیەش دەزانم چ باکێکم نەبوو کە چوومە ئاودەستەکەوە نەمیزم دەهات و نەمیزیشم کرد. کە درزم خستە دەرگەکە تا بێمە دەرێ. نیگام





لەسەر چاوە درشت و خەمگینەکانی (ابو انقلاب) گیرسایەوە کە لە دەلاقەکەوە تەماشای دەکرد. نیگای ئەو لە بڕیاری مەحکەمەکە پتر رای چڵەکاندم، تا ئەو دەمە هێندەم خەم لە هیچ نیگایەکدا نەدی بوو. بێ ماتەڵ بوون دەستم خستە گەردەنی خۆم و بزەیەکم بە روویا دا...

چەند راڕەوێکیان پێکردم. چاویان بەستمەوە سواری ترومبێلیان کردم و بازۆ. ئای (ابو انقلاب) یادت بەخێر ئێ نەدەبوو ئەو خەونە نەبینی! بەڵام باوەڕ بکە ناهەقت نییە، تینو هەر ئاوی لە بیرە. مرۆڤی ئازادی سەلب کراویش دیارە هەر دەبێ ئینقلابی لە بیر بێ. بەڵام بۆ گێڕاتەوە؟! یا هێشتا هەر مەستی خەونەکەت بوویت و ترست لا سڕا بووەوە بۆیە بێ باکانە... ئەنجام نەمردی و بووی بە هاوزیندانی من.

(ابو انقلاب) پیاوێکی باڵا بەرزی چوار شوانە، قژی ماش و برنج، چاوەکانی درشت، نیگای مات و ماندوو، میانە ساڵ، هێند هێمن و کەم دوو بوو لە تۆ وایە سات بە سات پیر تر دەبێ و خوا خوایەتی بەزووترین کات پەیمان و دۆستایەتی لەگەڵ تەنیاییدا ببەستێ!

کە یەکەمجار توڕیان دامە ژوورەکەی (ابو انقلاب)و جەمەعات، وەك جلە کۆن کەوتمە ناوەڕاستیانەوە. بە هەزاران ناری عەلی هەستامەوە. هەموو بەسەرما دارژان و پرسیار بارانیان کردم.

خووم بە بێدەنگی زندانەکەی پێشترەوە گرتبوو. خۆم کردبوو بە کەڕو لاڵ، وام لێهاتبوو خەریك بوو باوەڕ بە خۆ بکەم کە بە ڕاستی لاڵ بووم و تەواو. قسەی هەوەڵ و ئاخیرم ئەمەندە بوو: ئیا، ئیا.

* * *

ڕۆژێك کابرای ئەشکەنجەچی بە خۆی و کێبڵەکەی دەستییەوە هاتە دیار سەرم، کێبڵەکەی راوەشاندو وتی:

– ئیعتراف دەکەی؟!

– ئیا، ئیا، ئیا...

هەر لە پەلم نەوی و بۆ لای ئەفسەری تەحقیقی بردم:

– قوربان ئیعتراف دەکا.

کابرای ئەفسەر، بە روو خۆشییەوە کەوتە ئامۆژگاری کردنم.

ئیعتراف بکەی ئازاد دەکرێی و.....

زۆری رست، بەڵام بێدەنگی، یا لاڵیەکەی من هەموو ریسەکەی کردەوە بە خوری.. نیو سەعاتێك وازیان لێهێنام...

ئەفسەرەکە هاتەوە گەنم گردی بە پرسیارو ئامۆژگاری و هەڕەشە دای گرتمەوە، منیش وەك ئەوەی بە زگماگ لاڵ بم، ئیا، ئیا..

ئەفسەرەکە وەك یەکێك لە فکران رابچێ، هەندێك داماو ئەوجا قەڵەم و کاغەزێکی هێنایە بەر دەستم و وتی:





– گریمان تۆ راست دەکەی و زمانت شکاوە! فەرموو ئیعترافەکەت بنووسە.

خۆشبەختانە رۆژی پێشووتر لە پشتەوە دەستیان بەستبووم و بە دەست هەڵیان واسیبووم. هەردوو دەست و باسکم سڕ بووو بوون و جووڵەیان لێ بڕا بوو. تەنیا هەردوو گرێی شانم دەجووڵان. هەندێ شانەکانم جووڵاندن و ئەوجا نیگایەکی ئەفسەرەکەم کرد. وەك یەکێك بیەوێ بڵێ: واتان لێکردوم!.ئیعتراف چی بنووسم؟!

ئەفسەرەکە بە ڕقێکی ئەستوورە لێم مۆڕ بووەوە و وتی:

– باشە، ئێستا دەتبەم بۆ مستەشفای عەسکەری... بە شەرەفم گەر بە درۆ خۆت لاڵ کردبێ هەر لەوێ زمانت دەبڕم.

– ئیا... ئیا...

چاویان بەستم، لە ترومبێلیان نام و باژۆ.. تەواو ترسم لێ نیشت!.. جا چ بکەم! بەو خوایە زمانم دەبڕێ، جا چ بکەم! پەشیمان ببمەوە، عوزر لە قەباحەت خراپتر. تۆ بڵێی دکتۆرەکان هێند ئینسان بن دەستەکەم نەخەنە روو! باوەڕ ناکەم. بۆ نە ء خۆ دکتۆریی پیشەیەکی ئینسانییە.

– .... دە دەمت داخە چەتیو، دکتۆر دکتۆرت لێ گرتومەتەوە!بۆچی بچمە لای دکتۆر، گوایە گومانت لە پیاوتیم

هەیە!نۆبەتی ئەو قەوانەیە، ئەدی کێ شەوی حەوت جارانت رادەچڵەکێنێ!

دەنگی نازەیەو ئازای گیانم فەتح دەکا.

نیوەڕۆ بوو. لە قوتابخانە دەگەڕامەوە، لە برسانا لاکەی سەرم دەهات. خۆم بە حەوشەدا کرد. دایکم لە ماڵ نەبوو، گەر جار جارێ بەلایەکا چووبا، ئەوا کلیلەکەی لای نازەی کرێدارمان دا دەنا. تەنیا ئێمە کرێ چییان بووین.خەمی هەرە گەورەی نازە منداڵ نەبوون بوو. دایمە بە رێی شێخ و مەلاو شەخس و دکتۆرانەوە بوو. نازە ژنێکی کەڵەگەت، چاوگەش، نیگا میهرەبان، مەمك قوت، سمت و کەفەڵ پان، کە داخاوت یا نەرمە پێکەنینێکی دەکرد، بە ئاستەم چاڵییەك دەکەوتە خوار گۆنای راستی.

بە شەرمێکەوە چووم بۆ لای نازە تا کلیلی دەرگەی ژوورەکەمانی لێ وەربگرم.

– وەرە لێرە نان بخۆ، دایکت چووە بۆ تەعزێ.

– تەعزێی کێ؟

– تەعزێی ئەو ئاهووە هەش بەسەرە. بەستەزمانە کوڕەکەی ئیعدام کراوە. بە دەستی خۆی قوڕی بۆ خۆی گرتەوە.

– بۆ؟!





– ئەمە بە ناخێری کونێکی دۆزی بووەوە، تا سۆراخێکی کوڕەکەی بکا، پارەیەکی زۆری بە بەرتیل دا تا بردیانە دیدەنی کوڕەکەی. کوڕەکەی وەك پیاو تا ئەو رۆژە چ ئیعترافێکی نەکردبوو. خۆی لەبەر هەموو ئەشکەنجەیەك راگرتبوو. کەچی ئەم سەر بە قوڕە کە چاوی بە کوڕەکەی دەکەوێ، ئەوەندە فرمێسك هەڵدەرێژێ و بە گوێیدا دەخوێنێ: رۆڵە ئیعتراف بکە بەر دەبی. کوڕم بیکە بە رەزای خوا، یاسین-ی زاوای سمایل ئاغا وەعدی شەرەفی داومەتێ هەر کە ئیعتراف بکەی کارێکی وا بکا ئازاد ببی. ئەویش بەرگەی لالانەوەو فرمێسکی دایکی ناگرێ و پوختە ئیعتراف دەکا. هەش بەسەرە هەفتەی رابردوو لە خۆشیاندا پێی بە عاردی نەدەکەوت کە ئەکرەمی کوڕی ئەم هەفتەیە بەر دەبێ. خۆ ئەگەر یەکێك قسەیەکی بە نەوعێکی کردبا، بە گژیا دەچووەوە. وای دەزانی ئەو کەسە پێی ناخۆشە کوڕەکەی ئەو بەر ببێ!.

– بەو خوایە کاکە یاسین بە خۆی وەعدی داومەتێ کە ئەم هەفتەیە بۆم بێنێتەوە ماڵێ.

* * *

بەدەم ئەم قسانەوە سفرەی نانیشی بۆ من حازر دەکرد.رەفتای تەواو لە رەفتاری یەکێك دەچوو، ئۆینێکی لە ژێر سەردابێ.

**هێند سەیرو نەوسن نیگای دەکردم، لە شەرماندا نانەکەم پێ نەخورا. چەند پاروویەکم خواردو قاپەکەم دایە لاوە.**

- **بەزیاد بێ.**
- **ئەوە بۆ، خۆ هیچت نەخوارد!**
- **خوا نەیبڕێ، خۆ شەرم ناکەم.**
- **کوڕە بەو خوایە شەرم دەکەی.**

**سفرەو نانی پێچایەوە. لە تەنیشت سەماوەرەکەوە دانیشت. هێندە لە نزیکمەوە دانیشت، چۆکی تەواو لە چۆکم گیر بوو. بۆنێکی هێندە خۆشی لێدەهات نەك هەر هەوەسی من بگرە هەوەسی مردیشی دەبزواند.**

**چایەکی بۆ داکردم، بە دەم دانانی چایەکەوە زیاتر خۆی لێ هەڵسووم. سەری هەڵبڕی و بە نازێکەوە وتی:**

- **دەزانی گلەییم لێت هەیە.**

**واقم وڕما، دەستم خستە سەر نافەکی پانتۆڵەکەم، وەك یەکێك لە فکران را چووبێ، دوای تۆزێ وتم بۆ؟**

- **باشە دوێنێ شەو گوێتان لە مشت و مڕو شەڕی من و غەریب نەبوو؟**
- **با.**
- **ئەدی بۆ نەهاتی بۆ نێو بژیمان؟!**





**هەناسەم سوار بووبوو. خوێن زایی بووە دەم و چاوم. سەرم داخست و هیچم نەوت.**

* * *

**بە راستیش بە دایکم وت:**

- **دایکە دیسان شەڕیانە، بۆ ناچی..**
- **هەقمان چییە رۆڵە، ئێمە بابایەکی کرێچین، خۆیان کاری خۆیان دەزانن، شەڕی ژن و مێرد تا وەختی نوستنانە.**

* * *

- **دەزانی شەڕەکەمان لەسەر چی بوو؟**

**سەرم هەڵبڕی. چاوم بڕییە ناو چاوی و هیچم نەوت.**

- **ئاخر چوومەتە لای هەر دکتۆرێك پێی وتوم: لە تۆ نییە، رەنگە لە پیاوەکەت بێ. منیش دەمم سووتا وتم:**

**پیاوەکە گیان دەتۆش سەرێکی دکتۆر بدەو فەحسێکی خۆت بکە بەڵکو خوا دەروویەکی بە رەحمەتمان لێ بکاتەوەو لەم مەراقە رزگار بین. کەچی وەك فیشەکە شێتە چوو بە ئاسمانا ،دەستی نایە قژم! قەحپە دایك، دکتۆر دکتۆرت لێ گرتوومەتەوە! بچمە لای دکتۆر.. گوایە گومانت لە پیاوەتیم هەیە، نۆبەتی ئەو قەوانەیە، ئەدی کێ شەوی حەوت جارانت رادەچڵەکێنێ!..**

منیش لێی نەوەستام و هەر هات بە دەمماو وتم: دایکی خۆت قەحپەیە، بەسەر سپییەوە و بە بەرچاوی منەوە پێت دەڵێ: کوڕم چاری بێستانی بێ بەر بەرەڵلا کردنە.

ئەویش هەندی کەرێکی کوتام.

ئەوجا وەك یەکێك بیەوێ کاریگەری قسەکانیم لە چاواندا بخوێنێتەوە، نیگایەکی شەهوەت ئەنگێزی کردم و وتی:

– توخوا ژنی تۆبم دڵت دێ لێم بدەی!

هەر کە ئەو قسەیەی کرد، تەزوویەك لە تەوقی سەرمەوە هات و لە بنی پێمەوە دەرچوو. لە دوا موچوڕکەی خۆم و دەنگی خەواڵوی ئەوا کە بە هەناسە بڕکێوە لێکدا لێکدا دەیوت: ئۆخەی... ئۆخەی!.

بە ئاگا هاتمەوە. هەر پانتۆڵەکەم لەپێ کردو وەك تاوانبارێکی گەورە ملم شۆڕ کرد، کلیلەکەم هەڵگرت و بەرەو ژوورەکەی خۆمان..

گوێم لێ بوو دەیویت: شەرتم شەرتی خوا بێ گەر کوڕم ببێ بە ناوی تۆوە ناوی بنێم: ئەحمەد فەتاح.

ژوورەکەمان کپ و خامۆش و بێدەنگ، غوربەت و خەم و ترسی لێ دەباری... نازانم چەند خەوتم! دەنگی دایکم:

– ئەحمەد فەتاح، ئەحمەد فەتاح هەستە رۆڵە، وا ئێوارەیە.. تۆ کەی بە رۆژەوە نووستووی!





کە چاوم هەڵێنا دەمەو ئێوارە بوو. وەختێ چوونە دەرەوە نەما بوو، چ کارێکیشم لە دەرەوە نەبوو.

* * *

کە چاویان کردمەوە لە ژووری دکتۆران بووم. ئەفسەرەکەش لەگەڵم هاتبوو! هەر کە چاوم بە دکتۆرەکان کەوت، موچڕکێکم بە قالبی داهات. کەوتمە، ئیا، ئیاو سەر خوار دەکردەوە، چاوم دەنوقاند، ئێ بەڵکو دڵیان نەرم بێ و لە خەستەخانە بم خەوێنن و، بۆ چەند رۆژێك لە ئەشکەنجە بخەڵەسێم!.

دکتۆرەکان فەحسێکی تەواویان کردم، دڵم لەسەر هەزار لێی دەدا، پاشان داوای بەرنامەی چۆنیەتی ئەشکەنجەدانمیان لە ئەفسەرەکە کرد. پاش ئەوەی سەیری بەرنامەکەیان کرد، روویان کردە ئەفسەرەکە:

– حاڵەتێکی ئاساییە، ئەنجامی ئەشکەنجەیە، بەڵام بە ئەسەحی چاك دەبێتەوە.

گەر لە ترسی گیانی خۆمو بە درۆخستنەوەی دکتۆرەکان نەبوایە هەر لەوێدا یەك بە خۆم هاوارم دەکرد: ئۆخەی ئۆخەی!

کە بە راڕەوەکەدا گەڕانمیانەوە، هێشتا چاویان نەبەستبوومەوە! رەنگە لە شەرمی دکتۆرەکان بووبێ. دڕندەو شەرم!! ئاوێنەیەکی باڵانما بە دیواری راڕەوەکەوە هەڵواسراو

بوو، خۆم کە لە ئاوێنەکەدا بینی، سیما هەمان سیمای منداڵە هەشت ساڵانەکەی جاران بوو. زۆر شت لە ناخما هاروژا، ترسێکی وەك ئەوسام لێ نیشت، چاویان بەستمەوە و لە ترومبێلیان نامەوەو باژۆ.

شەو بوو، لە پڕ لە خەو راپەڕیم. تا چاو بڕیکا هەر تاریکی بوو. باوەڕم بە چاوی خۆم نەدەکرد. دوو سێ جار چاوەکانم هەڵگلۆفتن. چاوم بڕییە ئاسمان، ئاسمان ئەستێرەی لێ هەڵدەقوڵی. چاوم بەرە بەرە لەگەڵ تاریکییەکەدا راهات. شەوێ کە نووستین هەر من و دایکم بووین. دیار بوو دایکیشم بە خەبەرە، بە دەستێکی چەرچەفە تەنکەکەی راکێشایەوە سەر من و... هەستم دەکرد سووری شەرم نیشتۆتە سەر گۆناکانی.

خۆ بابم بە قسەی خۆی ئەو شەوە نۆرە حەرەسیاتی بوو، لە مەرکەز دەمایەوە. ئەدی ئەم زەلامە کێیە وا بە بیجامەوە خۆی خزاندۆتە بەینی من و دایکمەوە! هەستێکی گومان ئەنگێز ناخی جۆش دەدام، تۆ بڵێی دایکم ئافرەتێکی خۆفرۆش بێ! نا، نا... ئەدی بابمە لەگەڵماندا؟! پێ دەچێ ترس و نیگەرانی کلافەیان کردبێ. کەوتمە مەراقەوە. عەسر کە نازە و غەریبی مێردی رۆیشتن، نازە بە دایکمی وت: باجی غوربەت ئێمە ئەمشەو لە ماڵی خەسووم دەبین، ئاگایەکت لە ماڵەکەم بێ.





– دایکە... دایکە... تینوومە.

– ئەحمەد فەتاح وەرە لای دایەوە.. جارێ راوەستە تۆزێکی دی ئاوت بۆ دێنم.

لە پڕ دەرگەی حەوشەمان بە توندی خرایە سەر پشت و شریقەی دەرگەکە رای چڵەکاندم، لە ترسان خۆم بە دایکمەوە قەرساند و متەقم لە خۆم بڕی، تیشکی بلاجکتۆر لەسەر بانەوە ناو کوللەو حەوشەکەمانی کرد بە رۆژی نیوەڕۆ. عەسکەر سەربان و نێو حەوشەیان لێ گرتین، یەکێکیان بە عەرەبی وتی:

– ئەو سەگبابە کێوە چوو؟

دایکم بە کراسی خەوەوە و بە قژی شێواوەوە لە کوللەکەوە سەری بردە دەرێ و وتی:

– چیتان دەوێ باوکم.؟

نازانم چۆن بوو، یەکێکیان کە دایکمی بەو شێوەیە دیت وتی: ببوورە خوشکێ، دووی خراپکارێك کەوتبووین، خۆی بەم کۆڵانەدا کرد، وامان زانی هاتۆتە ئێرە..

ئەوجا بە عەسکەرەکانی وت: بگەڕێنەوە، گەوادە چاك لە دەستمان دەرباز بوو... ئەمانە عەینی جنۆکەن لە هەموو شوێنێ هەن و لە هیچ شوێنێ نین!

* * *

بەیانی زوو بابم لە مەرکەز گەڕایەوە. دایکم لە موبەقەکەدا خەریکی چا لێنان و ئامادەکردنی قاوەڵتی بوو. بابم هێشتا جلە پۆلیسیەکانی دانەکەند بوو. بە چاوی خەواڵوەوە باوەشم لە ملی کرد. هەردوو دەستم خستە بناگوێی، چاوم بڕییە موبەقەکەو ئەوجا بە چپەوە وتم: دەزانی چی بابە؟! ئەویش بە هەمان نەزمی قسەکەی من وتی: چییە بابە؟

– ئەمشەو پیاوێك هاتبووە ماڵمان!

بە شپرزەییەوە وتی: هەر لێرەش نووست؟

– ئا، لەلای من و دایکمەوە نووست، بەڵام دوایی ڕۆیی.

– هیچی نەوت؟!

– با، وتی: زۆر مەمنون باجی رزگارت کردم. پیاوێکی چاك بوو بابە.

– چوزانی؟!

– هەروا، پیاوێکی چاك بوو، من خۆشم ویست.

بابم رەنگی تێك چوو، لێوی کەوتە تەتەڵە، مووی لەشی راست بوونەوە. خەنجەرت لێ دابا خوێنی لێنەدەهات.

بەبێ دەنگی پیشی دەخواردەوە. لەو کاتەدا دایکم بە تاقمی چاو بەرچاییەوە وەژوور کەوت. هەرکە شتەکانی دانا، بابم بە شەق تێیان بەربوو، بە توندی پڕی بە قۆڵی مندا کردو بردمییە بەر ئاوێنەکە، دەم و چاوی خۆی لە دەم و چاوم نزیك





خستنەوە. وەك یەکێك بەراوردی دوو سیما بکا، کەوتە دیقەت دانی سیمای من و سیمای خۆی، ئەوجا وەك یەکێك خۆی بدوێنێ کەوتە پرتاندن: نا، نا لەمن نییە، چ شوێنێکی لە من ناچێ. چاوی سەوزە، گەنم رەنگە، کەپوی بچووکە.. لێوی تەنکە. ریك پێچەوانەی منە، دەستی بە قۆڵمەوە سست بوو. قۆڵی بەردام، ئاوڕێکی تووڕەی لە دایکم دایەوە:

– تف بێ حەیا ئەوا من بۆتی بەجێ دێڵم و سێ بەردەکەشت بۆ دەنێرم.

دایکم نیگایەکی سەرزەنشت ئامێزی کردم.

– ئەوە بۆ وا شێت بووی پیاوەکە. ئینسان چۆن هێندە دڵ پیس دەبێ، کابرا پێشمەرگە بوو، عەسکەر تەنگە تاویان کردبوو پەنای هێنایە بەر ئێرە... ئەدی ئێمە داڵدەی نەدەین کێ داڵدەی بدا؟ ئەدی ئەم رەنجە بۆ ئێمە نادەن؟!

بابم بە رقەوە وتی:

– پێشمەرگەیە، پێشمەرگە نییە چاوی دەرەهات! خۆ بۆ من پێشمەرگە نییە، پێشمەرگە لەسەر حیسابی ئابڕوو غوروری من! خەوو خۆراکیان لە عالەم حەرام کردووە گوایە پێش تەڕەماشن!.

لەو رۆژە بە دواوە ئیدی بابی خۆم نەبینییەوە، هەر لەو شارەش نەما. حەسۆی پۆلیس لە شار سڕدرایەوە.

* * *

...وەك جلەكۆن كەوتمە ناوەڕاستیانە. پاشان بە هەزار ناری عەلی هەستامەوە. بە سەرمدا داڕژان و پرسیار بارانیان كردم.

– ناوت چییە؟

– لەسەر چی گیراوی؟

– خەڵكی كوێی؟

– دەنگ و باسی دەرەوە؟

– لە كەیەوە گیراوی؟

هەموو كەسێكم لێ بووبوو بە موحەقیق و ئەشكەنجەچی. بە دەم شان جوڵاندنەوە:

– ئیا.. ئیا.. ئیا...

– وەڵڵا بابە خۆشت گۆ. خۆشی خۆشی خەبەری دەریمان بۆ هاتووە، كەچی شێتێكتان بۆ هێناوین.

– نەبابە شێتی چی، بە ئەشكەنجەدان وایان لێكردووە، سەرم لەقاند. یەكێكیان هاتە نزیكمەوە، دڵسۆزانە كەوتە شێلانی دەستەكانم و دڵدانەوەم.

– چیت خەم نەبێ ئێمە (٣٢) كەسین لەم هۆدەیەدا، بە تۆوە دەبین بە (٣٣) كەس. ئیدی لێدان و ئەشكەنجەت نابێ تا دوای ئەم (٣٢) كەسە. ئێمەش هەموو وەك تۆین. ئەوە (ئەبو ئینقلاب) خەونی دیتوەو لەو وایە ئینقلاب بووەو وا لە سەر





ئەو ئینقلابەی گیراوە. هۆوەش مامە قالەی حەماڵە و لەسەر كەر گیراوە. شەوێك كەرەكەی لێ ون دەبێ و دەكەوێتە تاقیبی، ئیدی دەیگرن و هەواڵەی ئێرەی دەكەن: لە دڵی خۆدا وتم: ناكرێ ئەم (٣٢) رۆژە هەر قسان نەكەم. زۆرم حەز بە قسە كردن بوو. زەق زەق چاوم تێ بڕین. خەیاڵ بردمییەوە بۆ رابوردوو. دەنگی ئەنوەرە:

– تۆ مستەقبەلێكی سیاسی گەورەت دەبێ. كەسێك بیەوێ لەم مەیدانەدا كار بكا دەبێ بە جورئەت و چاو نەترس بێ..

هەر چەند ئەو قسەیەم بیر دەكەوتەوە هێندەی دی لەسەر كاركردن رژد دەبووم. خۆر لە زەردەی ئێوارە بوو. لە ماڵ هاتمە دەرێ. دەنگی دایكم بەرۆكی بەر نەدام:

– رۆڵە بەم بێ وەختە بۆ كوێ دەچی. ئامان ئەحمەد فەتاح ئاگات لە خۆ بێ. وەختەكەی خراپە... عەسكەری دوابڕاو تەڕو وشك لێكدی جیا ناكەنەوە. كوردێك كەم بێتەوە بۆ وان باشە.

لەگەڵ داكشانی هەتاودا، دیمەنی ئاسۆی ئەرخەوانی تێكەڵ بە خەمەكانی شار دەبوو. كلكەی هەوری ئاڵی دەم كەل تەزووی سامناكی بەگیاندا دەهێنا. هەر چەند دەمڕوانییە شار، لە قەڵایەكی ئەفسانەیی نەفرەت لێكراوو دەچوو. ئا ئەم شارە،

ئەم قەڵا نەفرەت لێکراوە، پێ ناچێ ڕۆژێ خۆشی بە خۆیەوە دی بێ. کوشتن و بڕین لە چارەی نووسراوە.دوکان و ماڵی ڕوخێنراو و بەلادا کەوتوو، شەقام و کوچەو کۆڵانی بە سەربازو پۆلیس تەنراو، سێدارەو مێرمنداڵی لێرەو لەوێ هەڵواسراو، پشکنین و داواکردنی ناسنامەو پەڵپ و بیانووی بەنا هەق: هەناسەیان لەبەر شار بڕیوە... کەچی ناش تەقێتەوە. تۆ بڵێی ئەو عالەمەی لەم شارەدان هەر هەموو مەسخ بوو بن!.

هاڕەی دەستڕێژێك ڕای چڵەکاندم. کە ئاوڕم دایەوە زەلامێك لە خوێنی خۆیدا دەگەوزی. ئەفسەرێکی جل بەڵەك بەروو خۆشییەوە رووی کردە ئەو سەربازەی کە هێشتا تفەنگەکەی هەر بە دەستییەوە بوو وتی:

– ئەوە بۆ تەقەت لێکرد. خۆ هێشتا چارەکێکی مابوو بۆ مەنعە تەجەول.

– دەزانم گەورەم. من ئەو سەگبابە دەناسم، ماڵیان دوورەو بەو چارەکە ناگاتەوە. خۆ ئەگەر منیش نەیکوژم ئەوا یەکێکی دی هەر دەیکوژێت.

کە گەیشتمە لای ئەنوەر، ڕووداوەکەم بۆ گێڕایەوە... قەرار بوو ئەو شەوە هەر یەکەمان لە قۆڵێکەوە بەیان بە نێو شارا بڵاوبکەینەوە. کە سەفتە بەیانێکی دامێ وتی:





– گوێ مەدەیێ، ئەو شتانەش دەبن. داگیرکەرن ئیتر... خۆشبەختانە تەعەسوب چاوی کوێر کردوون یەك تۆزقاڵ مەنتیقیان لەلا نەماوە. ئەم حاڵەتەش کلیلی لەناو چوونیانە دەبێ ئێمە بیقۆزینەوە. ئەوەش بزانە تا خەبات سەخت تر بێ... تامی سەرکەوتن شیرین تر دەبێ.. هەر هەموو ئەم گەف و هەڕەشانەش نیشانەی ئەوەیە لێمان دەترسن، بەپەلە وەدەرکەوتم. کەوتمە نێو کوچەو کۆڵانەکان، هەر کە بەیانێکم هەڵدەواسی ئاهێکم پێدا دەهات و لەبەر خۆوە دەموت: تا خەبات سەخت تر بێ، تامی سەرکەوتن شیرین تر دەبێ.هەژاران یەکگرن، گەلی بن دەست ڕابن...

دوا بەیانم پێ مابوو. لە سێ و دووی ئەوەدا بووم کە هەڵی بواسم یا بۆ خۆمی هەڵبگرم و بچمەوە بۆ ماڵێ. بە خۆم وت: نا، نا ئەحمەد فەتاح هەڵیواسە با خەڵکی بیخوێننەوە، با دیوە گەشەکەی ئەم شارە نەفرەت لێکراوە ببینن.

– ڕۆڵە بەم بێ وەختە بۆ کوێ دەچی. ئامان ئەحمەد فەتاح ئاگات لە خۆ بێ، وەختەکەی خراپە... خۆتم لێ مەکە بە کۆسپی مردن...

هێشتا دەستم بە دیوارەکەوە بوو کە لە پڕو لە گەڵ زیڕەی برێکی ئۆتومبیلدا قوەخاسە چەشنی گورگی برسی بەسەرمدا دابارین.

* * *

هەروا بە دەم ئەم خەیاڵانەوە تەمەشام دەکردن، لە پڕو بێ ئاگا وتم:

– بە بەیانەوە گرتیانم. منیش بۆ وەی چ شتێك نەدرکێنم خۆم لێ لاڵ کردوون.

– ئافەرین، حاشا بکە. گەر ئیعتراف بکەی ئیعدامی. گەر ئیعتراف نەکەی ئەوا لە ئیعدام دەخەلەسێی.

* * *

دوای ماوەیەك جودا کرامەوە. بە تەنێ خرامە ژوورێکی دییەوە. تاك خستنەوەش جۆرە ئەشکەنجەیەکی رۆحییە. دوای چەند رۆژێك، رۆژنامەیەکیان بۆ هێنام، زۆرم بەلاوە سەیر بوو! تۆمەز دایکم ئاگری جەرگ هەڵی دەگرێ و وەك ون بوویەك، بۆ سۆراخ ئەدەرس و ناوو مواسەفاتم دەداتە رۆژنامە. تکایە هەر کەسێك سۆراخی کوڕێك بەم مواسەفاتانەی خوارەوە دەزانێ پێوەندی بە تەلەفۆنی ژمارە (٢٥١٨٤٦) بکا:

– ناو: ئەحمەد فەتاح
– باب و باپیر: حەسۆ میران
– باڵا: ١٦٧ سم
– زێد: سلێمانی
– رەنگی چاو: سەوز





– رەنگی پێست: گەنم رەنگ
– پیشە: قوتابی.
– تەمەن: ١٧ ساڵان

* * *

لە فکران راچووم هاکا دایکم پەیدا ببێ. ئەم حاڵەتە دەقۆزنەوە و دەی هێنن. بەڵکو لە رێگەی ئەوەوە بمهێننە قسە. بەڵام خەیاڵیان خاوە..

هەر هەوەڵ رۆژی گرتنم. تەسکەرەکەیان لێ ستاندم.

رۆژێك فرسەتم بۆ هەڵکەوت و بە ئیشارەت لە حەرەسێکم پرسی:

– بۆ تەسکەرەکەیان لێ ستاندووم.

بەبێ مەیلییەوە وتی:

– ناردوویانە بۆ دایەرەی نفوسەکەت. ئیشی خۆیان پێیە.

تەسکەرەکەم لێ بوو بە مەراق. رۆژنامەکەم توڕدا، سەرخ خستە نێو هەردوو لەپم: دایکم بزانێ چ دەکا! من دەزانم دایکم لەبەرچی ئەدەرس و ناونیشانی داوەتە رۆژنامە. دەنا کێ هەیە نەزانێ کە کەسێك لەم وڵاتە پۆلیسخانەیەدا دیار نەمێنێ، لە کوێیە! نا، نا دەزانێ، من دایکی خۆم دەناسم.بۆیە ئەوەی کردووە تا بەو فێڵە جارێکی دی بمدینێ و لێی نەبمە کۆسپی مردن.

هەر ئەو هەفتەیە دایکمیان هێنا. شپرزەو غەمگین، تەواو تێك شکا بوو. ژنە بالاّ بەرزەکەی جاران نەبوو. دەتوت بالاّی چۆتە ئاو. چاوە درشت و میهرەبانەکانی بووبوون بە خەفتخانەو خەمی هەموو دنیایان تێدا کۆبوو بووەوە. کە ئینسان دەکەوێتە تەنگانەو ئاستەنگەوە لە هەموو کاتێ پتر پێویستی بە سۆزو حەنان هەیە، باسی تەسکەرەم بۆ نەکرد. چ شتێکم بۆ باس نەکرد. زۆر ئاسایی کەوتمە پرسیاری دۆست و ناسراوان، گریان لە ئەوکی گیرا بوو. فرمێسك لە چاوانی قەتیس مابوون.

– دایکە چت خەم نەبێ. بەزمەکەی ئاهو بەسەر خۆت مەیەنە، خۆت مەکە بە حەماڵی عەزابی ویژدان.

بە دەنگێکی نووساو، دەتوت لە بنەبانی ئەشکەوتەوە دێ:

– ئەیەڕۆ چۆن وا دەکەم رۆڵە، ژیانی سەر شۆڕی کەی بۆ هەژاران هاتووە!.

بزەیەك کەوتە سەر لێوم و زوو ئاوا بوو. دەنگی ئەنوەرە:

– تێکوشان و زیندان وزۆر شتی دیکەش قەدەری رۆڵەی گەلی مەزڵومە.

دووبارە دەنگی دایکم:



بەیداخ ............................................................. حەمە کەریم عارف

– هەر بە فێڵ ناوم دایتە رۆژنامە. تەنیا بۆ ئەوەی جارێکی دی بتبینم و لێم نەبێ بە کۆسپی مردن... بۆ ئەوە نەهاتووم ورەت پێ بەر بدەم. بەرخی نێر بۆ سەر بڕینە کوڕم. پڕ بە دڵ حەزم دەکرد باوەش لە ملی وەرێنم و تێر تێر ماچی بکەم.

– دایکە گەر جارێکی دی هاتییەوە بۆ لام حەز دەکەم جلی سوور لەبەر بکەی: دایکە بە راست نازەو غەریب چۆنن بەینیان چۆنە؟!

– وەڵلاّ باشن. ئێستە زۆر رێك و تەبان. نازە سکی هەیە.

رۆژێ پێی وتم: باجی غوربەت قسەیەك بکەم زیز نابی؟

وتم: بۆ زیز دەبم؟ وتی گەر کوڕم ببێ حەز دەکەم نێوی بنێم ئەحمەد فەتاح. لە دلاّ زۆرم پێ ناخۆش بوو، بەلاّم بەسەر خۆمم نەهێنا. هەر ئەوەندەم وت: چ قەیدییە کچم، بە نازی دایك و باوك گەورە بێ.

* * *

دوای ماوەیەك دایکمیان دەرکرد. تا لە چاو ون بوو نیگام لێ نەگواستەوە. هەستم دەکرد لەگەڵ هەر هەنگاوێکا بالاّی بەرزتر دەبێ و گوڕو تینی شانازی لەشی سستی دەبوژێنێتەوەو رۆحی تینوی پاراو دەکا.

ئای نازەنین دیارە سوورە لەسەر بەڵێنەکەی خۆی. دەنگی لە گوێمدا دەزرنگێتەوە.

– من ئەمە بۆ رابواردن و لەزەت ناکەم. هەر بۆ ئەوەیە لە پرتەو بۆڵەی خەسوو ودشەکانم رزگار بم... دەنا ئەگەر بۆ رابواردن بوایە دەمێکە خەجە دەڵاڵ هەوڵم لەگەڵدا دەدا...

– ئاخر نازەخان گەر بۆ رزگار بوون لە پرتەو بۆڵە بێ جارێك بەسە...

بە دەم خۆتێ هەڵسونمەوە، بۆنی عەتری بەسەرما هات.برژانگە پڕەکانی هێندەی دی چاویان خومار و شەهوەت ئەنگێز دەنواند. بە نازێکی پاڕانەوە ئامێزەوە وتی:

– ئاخر لێم نەگرتوویت. بەو خوایە بمگرتبایە رووم لێ نە دەنایتەوە.. بە قوربانت بم ئەحمەد فەتاح گیان هەر ئەم جارە. دەی خێراکە هەتا کەس دیار نییە، نەوەك یەکێك بێ بە سەرمانا.

بەدەم قسەکردنەوە دەستی بۆ ناو گەڵم برد

– چەند زلە!

ئاگری لەزەت بەر بووە دوا شانەکانی لەشم و....

* * *

لە پڕ هاتن بە دواما. شل کوتی عەمریان کردم. وەڵام هەر: ئیا... ئیا.. بوو. بە نیوە گیانی گەڕاندمیانەوە بۆ ژوورە (٣٢)





کەسیەکە. وەك جلە کۆن کەوتمە ناوە راستیان. پاشان بە هەزار ناری عەلی هەستامەوە. هەموو بەسەرما داڕژان و پرسیار بارانیان کردم.

نازانم چەند رۆژی پێ چوو، لە پڕ بانگیان کردمەوە... چت خەم نەبێ تا دوای ئەم (٣٢) کەسە.... یەکسەر بۆ ژووری حاکمیان بردم. حاکم جانەوەرێك بوو بۆ خۆی. قەراری مەحکەمە خوێندرایەوە.

ناو: ئەحمەد فەتاح. تاوان کوردو ئەنتەرناسیونالیست. سزا ئیعدام و (٢٠) ساڵ حەپس. چ ئیعترازێکت هەیە؟!

هاتمە زمان:

– باشە من تەمەنی قانونیم تەواو نەکردووە!

چەکمەجەی مێزەکەی راکێشا. ناسنامەیەکی دەرهێنا. تەماشایەکی کرد. لە قاقای پێکەنینی داو:

– تەمەنت (٢١) ساڵە، ئەگەر باوەڕ ناکەی فەرموو...

وەك یەکێك خۆی بدوێنێ لە بن لێوانەوە وتم:

... ئەدی بۆ دەڵێن حکومەت بەخشندەو دیموکراسی نییە! خەڵکی بۆ ئەو بوختانەی بۆ دەکەن! لە کوێی ئەم دنیایە تەمەن بەخشراوە! تەمەن بەو بەنرخییەو چوار ساڵیش بە هاسانییە!!

خۆ وەڵلا هێشتاش کەمە، چونکە هەر رۆژێکی ئەم جۆرە شوێنە بە ساڵێك دەچێ.

پاسەوانەکە بردمییە دەرێ. پێم وت: دەچمە سەر ئاو. دەرگەی ئاو دەستەکە رێك بەرامبەر ئەو دەلاقە بچووکەی نزیکی بن میچی ئەو ژوورە بوو کە (٣٢)کەسی هەمە جۆریان تێ تەپاند بوو. کە یەکێك بانگ دەکرا...

ئەوانەی ژوورەوە دەهاڕوژێن. چارەنووسی نا مەعلوم هەموو ئینسانێك دەهاڕوژێنێ! ئامامی دیاریش: چاك یا خراپ هەندێ دڵنیایی بەخشە. هەر جارێ کە یەکێك بانگ دەکرا، ئەوانەی ژوورەوە دەچوونە سەر شانی یەکدی و لە دەلاقەکەوە دەیانڕوانییە ئاودەستەکە تا بانگ کراوەکە بە ئیشارەتی دەست لە ئاکامی خۆی ئاگاداریان بکاتەوە.

وەختێ ترس هەڕەشە لە مرۆڤ دەکا میزی دێ. هەر بۆیەش بە دڵنیاییەوە دەڵێم چم باك نەبوو چونکە وەختێ خۆم بە ئاودەستەکەدا کرد نەمیزم دەهات و نەمیزیشم کرد، کە درزم خستە دەرگەکەوە تا بێمە دەرێ، نیگام لەسەر چاوە درشت و خەمگینەکانی ئەبو ئینقلاب گیرسایەوە کە لە دەلاقەکەوە تەمەشای دەکرد. نیگای ئەو لە بڕیاری مەحکەمەکە پتر رایچڵەکاندم! تا ئەو دەمە ئەوەندەم خەم لە هیچ نیگایەکدا نەدی بوو. بێ ماتەڵ بوون دەستم نایە گەردنی خۆم و بزەیەکم بە روویا دا.





چەند راڕەوێکیان پێکردم. چاویان بەستمەوە سواری ترومبێلیان کردم و باژۆ. ئەنجام لەم ژوورەدا خۆم دیتەوە. ژووری چی، یەکپارچە غوربەت و تەنیایی! بە ژوورەکەدا دەکەومە هاتوچۆ، وا هەست دەکەم تەنیایی هاوتای پیرییە، پیریش برای مەرگە.

* * *

ئەمڕۆ ١٩ی ئادار بوو. دایکم هاتە دیدەنم. سەراپا سورپۆش. باڵا بەرز. هەر چەند گاسنی رۆژگار دەم و چاوی کێڵا بوو، بەڵام میهرەبانی لە نیگا پڕ سۆزەکانی دەتکا، شوێنەواری ناسکیەکی ژنانە لە بەینی چرچەکانی دەموچاوییەوە بەدی دەکرا. حەزم دەکرد پڕ بە زار گۆرانی بڵێم. نازانم چ حەزێك بوو. تۆ بڵێی ئەم حاڵەتە رەواندنەوەی ترسی مەرگ نەبێ! دەستەمۆکردنی غوربەت نەبێ!... مرۆڤ کە دەکەوێتە ئاستەنگەوە دڵی ناسك دەبێ.. زۆر بە هێمنی بە دایکم وت: دایکە گیان خەفەتم بۆ مەخۆ ئەمشەو ئیعدام دەکرێم. هەوڵی وەرگرتنەوەی جەنازەکەم مەدە، چونکە دوای ئیعدام کردنیش (٢٠) ساڵ حوکم دراوم.

هەر بۆ ئەوەی بە تروسکە هیوایەکییەوە ببەستم و سوکناییەك بە دڵی پەشێوی ببەخشم وتم:

– هەموو ساڵێ، لەم ڕۆژەدا بەم جلە سوورانەوە، دەمەو خۆر ئاوا لە چوار ریانەکەی خوار شار راوەستەو چاو بڕە ئاسۆ، روحم لە شێوەی کلکە هەورێکی ئەرخەوانیدا خۆی دەنوێنێ و پاشان وردە وردە دەڕژێتە نێو جامی غەزەبی خەڵکی شارەوە.

دوای ماوەیەك، دیدەنی تەواو بوو. دایکم رۆیی. تا لە چاو ون بوو نیگام لێ نەگواستەوە. سەیرە، هیچ نەگریا!رەنگە خەمی قورس مرۆڤ مات و مەنگ بکا. دەنا فرمێسکی دایك بۆ رۆژێکی وا نەبێ بۆ کەی باشە! هەر چەند لە دواوە تەمەشام دەکرد. دیمەنی سەراپا سور پۆشی ئۆخژنی ... دەخستە نێو دڵ و دەروونم. هەر چەند دیقەتم دەدا هەر دەتوت بەیداخی بەشکۆی سەرکەوتنەو شنەبای شانازی دەیشەکێنێ.

لە چاوم ون بوو. لە پڕی شتێکم بیر کەوتەوە، بریا بە دایکم وتبا: دایکە ئەگەر نازە کوڕی بوو نێوی بنەن ئەحمەد فەتاح بە خۆت ناوکی بڕەو ئەوسا دەبی بەنەنکی و دەتوانی بە دڵی خۆت پەروەردەی بکەی و بۆنی من بەوەوە بنەی... حەیفێ بیرم چوو. نازانم بۆ وا لێم بووە بە خولیا! دوور نییە ئەمە جۆرە هەستێکی ئاڵۆز وکەڵکەڵەیەکی بێ هودەی جاویدانی بێ!





نازانم ئەم هەست و حەزەم لەبەر خاتری خۆمە، یان لەبەر خاتری دایکمە!

* * *

شەوە، ژوورەکەم یەکپارچە تەنیایی و غوربەت و چاوەڕوانییە، چاوەڕوانی چیش، هی مەرگ! سەیری میلی سەعات دەکەم، هەر دەڵێی دەفڕێ. زەمەن لە من بێزارە یا من لە زەمەن وەڕزم! بیرم لەسەر چ شتێك ئۆقرە ناگرێ، لە تۆ وایە ئینسانێکی ژەم بردەی ئشتیا تۆراوەو هەر جۆرە خواردنێکی بۆ دادەنەی تامێکی دەکاو بەبێ مەیلی دەیداتە دواوە.. بەمن بێ بەردەمی زەمەن رابگرم و لە شوێنی خۆی بیوەستێنم. خۆزی بکرایە زەمەن رابگری، حەیفێ خۆزیا دارێکی بێ بەرە... لەم خەیاڵانەدا بووم کە حەرەسەکان گۆڕان. ئەوا پۆلیسێکی داڵە گۆشتی (سورهول)ی تفەنگ لەشان بە بەر ژوورەکەمدا دێ و دەچێ. لە کونە بچووکەکەی دەرگەکەوە سەیرم کرد: چاوە زەردەکانی، لێوە ئەستوورەکانی. سیماو قەڵافاتی یەکجار ئاشنا بوون.

بە ژوورەکەدا کەوتمە هاتوچۆ. ئەمجارە ئەو لە کونجی دەرگەکەوە تێی روانیم. نیگای هێند مات و غەمگین بوو. ناخی ناخمی سمی. لە کوێم دیتووە؟! رۆیی. کەوتەوە هاتوچۆی خۆی. گەڕایەوە. لە کونەکەوە کەوتەوە نیگا کردن! لە

تاوانبارێك دەچوو شتێك رۆحی بێدار كردبێتەوە و ئۆقرەی لێ بڕی بێ! پرشنگی نیگای هەر جارەی جۆرێكی دەنواند، یا من وام دەبینی. تاوێ وا دەهاتە بەر چاوم كە خەمی هەموو مرۆڤایەتی هەڵدەمژێ. تاوێكی دی وام هەست دەكرد هێڵنج دەداو عەزابی ویژدان هەڵدێنێتەوە! ناچار چاوم بڕییە چاوی. نە ئەو چاوی دەتروكاندو نە من. كە منداڵ بووم زۆرم حەز لە یاری "چاو بەزێنە" دەكرد. هەر رۆژێ لە كۆڵان یا لە قوتابخانە ئەو یارییەم لەگەڵ هاوەڵێكمدا كردباو من زووتر چاوم تروكاندبا ئیدی شەو و رۆژێ بە خەفەتەوە دەتلامەوە. كە دەهاتمەوە لە مەراقا نانم نەدەخوارد. هەستم بە بەزیوی خۆ دەكردو پێم وابوو ئینسانی بەزیو نابێ نانی بدرێتێ. دەبێ ببوغزێنرێ و مامەڵەی خولام و خزمەتكاری لەگەڵ بكرێ. ئیدی بەردەمی ئاوێنەكەم دەگرت. بە سەعات چاوم تێدەبڕی، هەوڵم دەدا بە درەنگ ترین كات بیتروكێنم. ئێستەش بووبوومەوە بە هەمان منداڵی جاران بەرانبەر بەو نیگا ئاڵۆزو ئاشنایە. نەم دەویست ببەزێم. ماوەیەك رابرد، ئەو چاوی تروكاند لە كانگای دڵەوە لە قاقای پێكەنینمدا: دۆڕاندت.

وەك بەزیوێكی راستەقینە بەئەسپایی لێوی لەبەر یەك هەڵێناو وتی:

– تۆ ناوت چییە؟!





– ئەحمەد فەتاح.

دەنگی لە نیگای ئاشناتر بوو. دەنگە چەسپیوەكانی لاشعورم هاڕوژان:

– پێشمەرگەیە، پێشمەرگە نییە چاوی دەرەهات! خۆ بۆ من پێشمەرگە نییە. پێشمەرگایەتی لەسەر حیسابی ئابڕوو غروریی من! خەوو خۆراكیان لە عالەم حەرام كردووە گوایە پێش تەڕەماشن!

رۆیی. دوای تۆزێك هاتەوە. چاوی بە كونی دەرگەكەوە نا. دەتوت لە شكرێكی شكاوەوە دەیەوێ بۆ جارێكی دی بەختی شومی خۆی بجەڕبێنێ. لە دڵی خۆمدا وتم: "دەست پێكردنی شەڕ زۆر ئاسانترە لە كۆتایی پێ هێنانی... پاكمان لە پاك. تۆ شایەتی لە دایك بوونی من بوویت و هەر ئەمشەویش ئەگەر خۆت بتەوێ، رەنگە بە دەستی خۆتیش نەبێ وخۆشت بێ و ترشت بێ هەر دەبێ ببی بە شایەتی مەرگم! منیش بە چاوی خۆم، بە هەموو هەستەكانم دوو بەزینی تۆم بینی..."

سەیری سەعاتم كرد: "یانی عومری درێژم چەند سەعاتێكی دییە! ئاخ زەمەن بوەستە، چۆنت رابگرم؟!"

لە پڕ رۆیی كەوتەوە هاتو چۆی خۆی. بڵاچەیەك بۆ ساتێك ناخی رووناك كردەوە: دیتمەوە! داوای كاغەزو قەڵەم دەكەم و بەڵكو بتوانم ئەم چەند ساتە زەمەنە لە وشەدا بەند بكەم.

قەڵەم کاغەزی بۆ هێنام. زۆرم بەلاوە سەیر بوو!
لە سوچێکی ژوورەکەدا دانیشتم. کەوتمە نووسین. ئەویش لە پشت دەرگەکەوە بۆ نیو نەخت چاوی لێ نەدەگواستمەوە.
هەر سا نا ساتێ دەڕۆیی و بەپەلە دەگەڕایەوە بەر دەرگەکەو چاوی بە کونەکەوە دەنا. نیگای یەکجار سەیر بوو دەتوت دەست و قەڵەمەکەم بەنج دەکا. زاتم خستە بەر خۆ و بەردەوام بووم. ئێستا ١٩ی ئادارە... چەند دێڕێکی دیکەم نووسی. سەرم هەڵبڕی، پۆلیسەکە لە کونی دەرگەوە چاوی بڕی بووە قەڵەم کاغەزەکەم... بە ئەسپایی لێوی لەبەر یەك ترازاند:

- هەستە بڕۆ.
- بۆ؟!
- هەستە بڕۆ، هەوڵ مەدە بزانی بۆ، کارێکی بێ سوودە!

* * *

گوێم نەدایێ. بەری کونەکەی بەردا، گوێم لە داکورکاندنی بوو!! دەستم بە نووسین کردەوە. نازانم چەند سەعاتم پێ چوو. ماندوو بووم، سەرم هەڵبڕی و هەناسەیەکم هەڵکێشا. دەتوت بارێکی قورس لەسەر شانم لاچووە. بەدەم ڕێوە قەڵەمەکەم دەرهێنا، هەڵوەستەیەکم کرد و ئەم چەند وشەیەشم نووسی: لە پڕ کابرای پۆلیس وەك شێت خۆی بە ژوورێدا





کرد. هەر لە باڵم نەوی و هەڵی ستاندم، کاغەزەکانی تەپاندە باخەڵمەوە و بە پاڵ لە ژوورەکە وەدەری نام...

(٤)

سەیری سەعاتم کرد. شەو درەنگ بوو. کەوتمە پێچانەوەی کاغەزەکان. کامەران لە پڕو توند دەستی گرتم. چاوی بڕییە کاغەزەکان. نیگای لە نیگای دایکێکی جەرگ سووتاو دەچوو کە نەیەوێ جەنازەی ڕۆڵەکەی لەبەر دەستیا هەڵگیرێ. بە دەنگێکی گیراوەوە وتی:

- لەتیف بۆ ئەم نووسینەت حەپس کردووە. بۆ بڵاوی ناکەیەوە؟! با هەموو خەڵکی ژنە سوور پۆشەکە ببینن.
- باشە نێوی بنەم چی؟!
- بەیداخ!.

یاخسەمەر
حەمەکەریم عارف :١٩٨٧

# دانی مار

مەرجان..خوانەکا شەو وبیابان بگەنە یەکدی، هەرکە دەستیان تێکەڵ کرد شتێك چێدەبێت کە پێی دەڵێن بێدەنگی. ئیدی لەو دەمانەدا لێزمەی بیرەوەری دادەکات..بیرەوەری تا خەیاڵ بڕ دەکات پڕە لە بێدەنگی و رازی دنیا..بەم تەمەنەشەوە، لە سەردەمی هەرزەکاریم مندالآنەتر، بوێر و بە غیرەت، غەریب و ئەتوار غەریب، بێ هیواو ئومێد، بێدۆست، بێ یارو یاوەر،شکستم بە هەستانەوە، هەستانەوەم بە شکستم دەسپێرم ودەیکەمە بیانوییەك و خۆمی لە سایەدا دەگێڕمەوە..دەیانگوت: هەوڵبدە نەتەویٚ سەر لە کاروباران دەربێنیت.پرسیار مەکە، بێوەڵامی دەتکوژێت، هەوڵبدە..هەنگیٚ دڵرەحەت،بارسووك وسەرسەلامەت بە ناو ژیان دەکەوی،خێر لە ژیان دەبینیت،ئەمە فەلسەفەی راستەقینەی ژیانە،ئەوی دی هەمووی بارەو بە نەهەق لە ژیان نراوە..خۆت رزگار بکە...دەمگوت: نا، ئەمە پیلانێکی گەورەیە، هەوڵدانە بۆ ڕواندنی دانی ماران،لە هەر





قەڵەمڕەوێکدا دانی مار بێتە رواندن پیاوکوژان بەرهەم دێن. نا.. هەرکەسەو جۆرە شێتییەکی لەگەڵە.من لە هەموو شت زیاتر لەزەت لە شێتی خۆم دەبینم.بگرە شانازی پێوەدەکەم.کە شێتیم لێدێت،جەزمە دەمگرێت،عەینی تەبیعەت مەغروور،وشك، تەنیا وبێباك، ئاسمان بە چاتۆڵ دەزانم..

تەحا لە لەزەت و ئەفسوونی گێڕانەوە! ئەگەر گێڕانەوە نەبوایە مرۆڤ چیدەکرد،چی بەسەر دەهات! بووم بە تاقیگەی شکستان،لە هەر شکستێکا بۆ قۆناغێکی تازە گوڕ دەبەستمەوە، هەرکە تووشی شکست دەبم، یەکسەر دەزانم دەبێت بۆ قۆناغێکی تازە خۆم سازبدەم.شکست کۆتایی هەموو شتەکان نییە..کۆتایی ئەو بیروکردارانەیە کە شکستیان لێدەکەوێتەوە..ئیدی ئەمە ژیانە ژیان،مەحکومە بە هەورازو نشێوان...من دەزانم هیچ ئاینێك لە سەرووی ئاینی مەحەبەتەوە نییە،ئاینی تێکرای تیرەی بەشەرە.کە کەسێك دەبینم دەمامکی هێمنی دەبەستیٚ،زۆر دەترسم،هەستدەکەم گرفتی ئەو خەڵکە ئەوە نییە کە مەحەبەت ناناسن،بەڵکو شتێك بە مەحەبەت دەزانن کە فڕی بە مەحەبەتەوە نییە.نەمدەویست لە سەرگەردانیدا بژیم، لیٚ چبکەم لە دایکبووی سەردەمی سەرگەردانیم.سالآنێك عەودالی لەزەت بووم، بە رێکەوتیش تووشی نەبووم.یان زۆر لە بەرزیدا بۆی دەگەڕام یان لە

نزمیدا.وەختێ هەستمکرد لەزەت زادەی خودی مرۆڤە ولەبن دەستی خۆیدایە و پێی نازانێت، ئیدی کار لە کار ترازا بوو.زۆر بەجێمابووم،ئیدی مرۆڤە مرۆڤ، سەرگەردانی خۆی داوە بە کۆڵیداو دەگەرێت،سەر بە هەموو دیارو نادیارێکدا دەکات.هەقی خۆیەتی، دەیەوێت چارەنووسی خۆی کۆنترۆڵ بکات.دەسەڵاتی بەسەر چارەنووسی خۆیدا بشکێت.جا ئەم گەڕانە ئەگەر خەملێنی مرۆڤانی بەگەڵ نەکەوێت، زۆر پڕ مەترسی دەبێت.هەر کاتێ ئەم گەڕانە نەتوانێت مرۆڤانی مرۆڤ وەدیبێنێت،پاشاگەردانییەکی پڕ مەترسی نامرۆڤانی لێدەکەوێتەوە.بەو داخەوە سەر دەنێتەوە کە نەبوو بە مرۆڤ.جڵەوی چارەنووسی خۆی نەکەوتە دەست،خۆشەویستی،ئاینی ئاینەکانی نەجەڕباند.لە دەرێی جەستەدا، لە دەرێی جوانیدا، لە دەرێی خێردا، خۆشەویستی نەجەڕباند.نەگەییە ئاستی خۆشەویستی لە پێناوی خۆشەویستیدا کە هەوێنی ئاشتی و ئاشتبوونەوەیە،بەزاندنی هەموو ڕق و ڕکونییەکە.

مەرجان،گیانەکەم،رۆحەکەم:لەوەتای فامم کردووەتەوە، بە دووی هەنگاوەکانمدا وێڵم،سەیرە هەرکە یەکەم هەنگاوت نا، ئیدی تراویلکەی هەنگاوان بکێشێت دەکەن..تاراوگەی من لە تۆدایە.تۆ لە کوێیت! من دەزانم کە خەڵکێك پێم دەڵێن





کەسێکی توندە مجێزو دڵ بە حەسرەت بوو،حەسرەتێکی مەنگ و نادیار.بەڵام ئێستاش قسەکانی تۆم لە بیرە کە دەتگوت: جوانترین زمان بێدەنگییە،ئێمە هەمیشە بە بێدەنگی یەکتر دەدوێنین،لێکدی حاڵی دەبین،پێویست ناکات زار هەڵێنین، بە وشە و پەیڤان خۆمان لێکدی بشارینەوە،زمان زۆرجار بەکەڵك نایەت،واباشە مرۆڤ ئەوەی دەیەوێ بیڵێت بە وشە نەیڵێت! یان ئەوەی دەیەوێ بیشارێتەوە بە وشە دەریبرێت..ئێمە شتێکمان نەبوو تا بە وشە لێکدی بشارینەوە..

مەرجان،من فرینێکم بێ باڵ، خۆم لێرە تۆو داوە.ئەگەر حەزدەکەی بۆم بگەرێی،لە هەر خەتێکی کێڵگەی ئەم بوونەدا بۆم بگەرێ،ئەگەر دەتوانی کۆم بکەرەوە.خۆم تۆوی تۆ داوە.من رووداوێکم کۆتایی خۆمم بۆ ناگێڕدرێتەوە.تۆ لە کوێی مەرجان؟! چییە مەرجان،دیسان لێم هەڵاتی! بەو تروسکەیە دەژیم کە لای تۆوە دێت.ئێستا لێت دەگەم کە دەتگوت: دۆزەخت لا شیرین دەکەن، لە خەیاڵی چەتوونتی دەکەن بە بەهەشت،تێیت فڕێ دەدەن و ئیدی ئاوڕت لێنادەنەوە! هەرکەسەو ڕێیەك دەگرێت.من ڕێگەی هات و نەهاتم هەڵبژارد، بە ڕێگەی رزگاریم زانی. زۆرم بە دڵ بوو.هەم وەکو خۆکوژی بەلامەوە پەسند بوو،وهەم فشە سەرکەوتنێکم

تێدا دەبینی. دۆزەخم لێکرا بە بەهەشت، ریشیان نایە سەری،ئا ئەوەتا، چەن هەنگاوێکەو دەیگەیتیێ..کەچی ئەوەتا بە بەرچاوی منەوە قاچاخچێتی بە مستۆوە دەکەن،دزانی سیاسی،قاچاخچێتی بە شکۆی ئەویشەوە دەکەن.ئۆخەی کە هیچ شکۆیەك لە دوای خۆم جێناهێڵم تا قاچاخچیەتی پێوە بکرێت.کەوتوومەتە سەردەمێکەوە باوی شکۆمەندی نەماوە!..هەزار ڕیانە هەزار ڕیان!..هەڵمبژارد،بە قەناعەتەوە هەڵمبژارد،هەر لە منداڵیمەوە ئاشقی ڕێگای هاتونەهات بووم،کە بەلەزەتە، هەر کارێك بە ئەشقەوە بکرێت،دەبێت بە لەزەتێکی سەیر..هەر ئەو لەزەتە بوو،ڕۆژی گەیانمە ئەم ڕۆژگارە!مەرجان من بۆشاییم کێڵا،بە چارەنووسێکی نادیار تۆوم دا،تەنیا مەحاڵی لێهاتە بەر..مەرجان ،ئەوەتا سەفەرێکی دوورو درێژم لەبەرە چ دەڵێی هەندێ ئاشقێنی بکەین، خۆ ئەم ڕێگەیە هەر نابڕێتەوە..شەرم لە نیگا نەوسنەکانم مەکە،تامەزرۆیی پەنجا ساڵیان لێدەچۆڕێ، تازە لە خەسین هەستاونەتەوە.بووم بەوکوڕانەی بە نیگا پۆشتەترین ئافرەت رووت دەکەنەوە.

دەمویست قەت ناوت بە زارما نەیەت،بەڵام ئیستا لە هەڕەتی هەرە سهێنانما ناوت دێنم،ناوت دێنم،بە ناوی تۆ تۆڵە لە خۆم دەستێنم،تا زارم بگرێت ناوت دێنم..هەموو شتێك بەرەو





بۆگەن بوون دەچێت، تەنیا هەتاو نەبێت.ژیانم دەرخواردی چی دا؟! هەموو شتێك بوو تەنیا ئەو شتە نەبێت کە من بۆی دەژیام!کەربووم،یان تەنیا دەمامکەکەم دەبینی یان تەنیا دەموچاوەکەی ژێری،هیچم بە هیچ نەکرد..ئاخ مەرجان،چ گومانێکم تێوڕوکاوە،گومان مرۆڤ دەلەوتێنێت،لە هەموو دینێکی دەکات.نایەڵێت هەرگیز پێ بنەیتە مەلەکوتی ئاسمانەوە،ئیدی لە مەملەکەتی زەویدا دەمێنیەوەو بۆگەن دەکەی.دەمەوێ ڕۆحم لە تۆ وەربدەم،مەگەر تەنیا بە تۆ پاك ببێتەوە..

***

ئاخ مەرز چی پێکردم. دان بە مەرزو کەوشەناندا مەنێ.هەموو مەرزەکان بڕوخێنە.وامدەزانی ئەو تۆوەم کە مەرگ غەزوو دەکەم..مرۆڤ بە بێ ئەزموون هەڵناکات،ئەزموون ئەقڵ و جەستە لە تەمەڵی دەخەلەسێنێت.

هەندێ مەرز هەیە،مەگەر تەنیا لە تەنیاییدا مرۆڤ لێی بدات،بیبڕێ.مەرزی شەڕو جیدال لەگەڵ خودی خۆمانا..تۆ چارەکە سەدەیەك لەمەوبەر ئاوێنەی ژیانت دام بە عاردیدا،پارچە پارچەت کرد..کەچی منی بێعار لە خۆڕا،بێ هیچ ناوبژیوان و ناوبژیوانییەك خەریکە لە گەڵت ئاشت دەبمەوە،گەردنت ئازادەکەم..ئاوێنەکە! هەموو پارچەکانی

لێکدەدەمەوە،لە پاڵ یەکدا دایدەنەمەوە، بەڵام هەیهات! ئاخر من بۆچی هاتبوومە ئاقاری تۆ؟! لە مردن دەگەڕام؟!

نەهەقت نییە کە هیچ وەڵامێك نادەیتەوە! منی ئەحمەق کە وامدەزانی خاوەنی چارەنووسی خۆمم،بگرە وامدەزانی دەتوانم چارەنووسی خەڵکیش بگۆڕم. ئای کە ئەحمەق بووم!نەمدەزانی خۆم داوەتە دەم گەردەلوول وباهۆزێکی وەهاوە کە مرۆڤ لە ڕەگەوە هەڵدەکەنێت و دەیبا و دەیبا، کەس نازانێ لە کوێ بە عاردیدا دەدات، غەریب و گۆڕغەریب،مەگەر وەکو سێبەرێکی خەمزەدە، بەرێکەوت لە خەیاڵێکی پەژموردەدا، بۆ ساتێك بلاچەیەك بدات و هیچی تر.

***

دەزانم مەرجان،دەزانم گلەیی دەکەیت..دەزانم.ئیستاش دەنگت لە قوڵایی ڕۆحمدا دەزرینگێتەوە:کە مرۆڤ ژیان و مەگی تێکەڵ کرد،لە بیری دەچێت ژیان زۆر جوانە، لە بیری دەچێت کە هەموو ساتێك لە بەردەم ئەگەری نەماندایە..ئیدی لەو سەرگەردانی و غەفڵەتکارییەدا،بەرەڤانی لە ژیان لە بیردەکات، مرۆڤیش تا ئەو کاتە مرۆڤە کە بەرەڤانی لە ژیان بکات دەنا...

ئاخ مەرز! مرۆڤ گیرۆدەی مەرزانە،لە ترسی مەرزەکان زۆرجار دەچێتە کونجی مەرزە پەنهانەکانی ناو ناخی خۆی، بە خەیاڵی خۆی،بەتەنیا هەر خۆی تێدایە،کەچی لەوێدا تووشی





خەڵکانێك دەبێت کە هەرگیز لە مەرزە ئاساییەکاندا تووشیان نابێت،لەم مەرزە پەنهانانەدا خەڵکانی فەرامۆشخانەی هزر و تەنانەت مردوانیش زندوو دەبنەوە!چار نییە و دەبێت مامەڵەیان لەگەڵدا بکەیت.

ئەمشەو هاتیت،ماکی خەندە ئەفسوناوییەکەی جاران لە چاوەکانتدا بلاچەی دەدا.مەرجانەکەی جاری جاران لەو دیو روخسارتەوە چاوشارکێ لەگەڵ ڕۆحی پەژموردەمدا دەکات..من دەزانم تۆ ئێرەت بەجێنەهێشت،هەر ئامادەش نەبوویت بە جێی بێڵیت.مەرجان ئێرە تۆی وەدەرنا.منی کوشت.تۆ هەر زوو کونجی مەرزە پەنهانەکەی ناخی خۆت گرت،غافڵ بووی لەوەی کە پەنهانە مەرزان لە هەر مەرزێکی دی قەرباڵغترە! من گرێوت لە گەڵدا دەکەم لەو قەرەباڵغییەدا،لە ناو ئەو ئاپۆڕایەدا زۆرجار منت دیتووە،راتگرتووم،سەرزەنشتت کردووم..ئەوەتا ئەمشەو تۆ میوانی ئازیزی مەرزە پەنهانە جەنجاڵەکەی ڕۆحی منی.ئەوەتا بە ئاشکرا دەنگت دەژنەوم،وەکو ئاوێکی سازگار بە کەناری ڕۆحمدا خوڕەخوڕ دەڕۆیت،ڕۆحم بینت پێوە دەنێت و دەڵێیت:ژیان ڕۆژانە ئەزموونە،تەنیاو تەنیا لە خۆشەویستیدا دەجەڕبێنرێت..

مەرجان،خۆت بە منەتبارم مەزانە،هەر منەتم لێ هەڵمەگرە،من منەتباری تۆم،کە تەنیایی ئەمشەوی خۆم، لە دەوری یادی لە دایکبوونی تۆ دەگێڕم، ئەمە کەفارەیەکەو لە بەرخاتری خۆم دەیدەم..دەزانی ئەمشەو یادی لە دایکبوونی تۆیە!..بۆشاییەکم تێئاڵاوە مەگەر هەر بە تۆ پڕ ببێتەوە..

گلەیی لە چارەنووسی خۆم بکەم؟!یان لە دڵی گومڕام! هەموو جورئەتێکی من هاتووەتە سەر ئەو ساتە خەونانەی کە وەکو ڕێبوارێکی غەریب بە بیابانێکی لمەڵانی تەژی بیرەوەریاندا هەر ڕێدەکات و دەرباز نابێت..تەبیعەتی بەشەر هەزار ڕیانێکە تا بڵێی سامناك،هەر ریگەیەکیشی ڕێبواری خۆی هەیە،مرۆڤ کە ئەو ریگایانە دەگرێت،رەنگە هەموو شتێکی پێ کەشف بکرێت،بەڵام دەرەقەتی خۆی نایەت،پەی بە خۆی نابات،خۆی پێ کەشف ناکرێت..بۆیە پەیوەندی دۆستانە،زۆر زەحمەتە،باجی خۆی هەیە،لایەنی کەمی ئەو باجە متمانەیە! بێ متمانەیی ئافەتی ئەم سەردەمەیە،دژمنی مەحەبەتە..تۆ تەمەشا تەمەشا،چ هەزار ڕیانێکە،هەر کامێکیان دەگریت،بەرەو ونگەیەکت دەبات،خۆت ،ناسنامەت،ون دەبن،لەم زەمانە نەزۆکەدا بێهودە بە تەمای لە دایکبوونی..

فریشتەکەم،با واز لەم فەلسەفەڕێسییە بێنم..ئەمشەو،٣/١١، جەژنی لە دایکبوونتە..بەخۆت دەزانی کە ئەمە دەڵێم هەموو





مەوداکان دەبن بە کێردی تیژی دەستی قەسابێك و بەرخی سەبرم لە بەرەبەیانی جەژنی قوربانێکدا سەردەبڕێ..

سامت وەکو دەریایەکی مەنگ و کپ گرتومی..ئەوەتا لەوسەری مێزەکەوە،بە تاجی بووکێنی و باڵای لاولاو ئاساتەوە لە خەیاڵم ئاڵاوی..کادۆکەت،کە بە گەڵای زەیتونی سەوز پێچراوە،بە قامکی شووش و بزەی ڕۆشن دەکەیتەوە،چاوان بە نەوسنییەوە تێت دەوڕوکێن و بە بێدەنگی لێم دەپرسن:ئەم گوڵە کێیە؟!

ئازیزەکەم هێشتا لە بەرچاوی خەیاڵم منالێکی چکۆلەیت و دەترسیت بە تەنێ لە ژوورەکەتدا بنوویت.ئەو مۆمانەی لە مەیدانی ململانێدا دات گیرساندوون هیچ کێشەیەکیان تێدا نییە،دڵنیاییم پێدەبەخشن.رابردووی کەسکم لەلا زیندوو دەکەنەوە.دڵی تینووم ئاو دەدەن..وەکو زیندانییەك بە تاسەوە چاوەڕوانی سەردانی دەنکەکەی بێ...منداڵان لە دەورم خڕدەبنەوە داوام لێدەکەن چیرۆکی خۆمانیان بۆ بگێڕمەوە.بۆم گێڕانەوە چۆن بە دزییەوە یەکمان دەبینی.باسی خۆپەرستی کەسوکاری خۆم وتۆم بۆ گێڕانەوە، بۆم گێڕانەوە کە چۆن بە تەنیا ڕێکردن لەم وەڵاتەدا قەدەغەیە..هەرچییەك هەی دەبێ بە ئاراستەی خەڵکی برۆیت،یان دەبێت یەکێك بی لەوان یان لێدەدرێی،بۆیە تەنیایی قەدەغەیە..کەس زات ناکات مۆمێك

لەم تاریکستانە داگیرسێنێت،ئەم ونگەیە روناك بکاتەوە،خۆی بناسێت..لەم وڵاتەدا خۆناسین ترسناکترین خەتایە،لە بەخشین نایەت!قەدەغەیە،زۆر قەدەغەیە!!!..ئا،باسی خەونە لاڵەکانی خۆمانم بۆ گێڕانەوە چۆن لە ژێرپەردەی ترسدا و لە چواردیوارێکی تاریکی رازاوە بە گوڵی سپی گۆشاوگۆش سەردەبردرا..چۆن وشە لە زارماندا قەتیس دەما،دەمەیی و ئەشق لە نەوتندا مردار دەبووەوە..

ئازیزەکەم،بە خۆت دەزانی من چۆن خوێنەرێك بووم،پێیان دەگوتم مۆریانەی کتێبان.ئێستا ناتوانم بخوێنمەوە،هەرکە پەڕەیەك هەڵدەدەمەوە پڕ دەبێت لە تۆ، لە باسی تۆ..هەر پرسیارێك دەکەم وەڵامم نادەیەوە.بڵێی ئەوەندە لێکدی دوور کەوتبینەوە لە زمانی یەکدی حاڵی نەبین!..

***

لەم قەڵەمڕەوەدا راستگۆیی و دڵسۆزی خەتەرە،مرۆڤ دەکات بە تاوانبارێکی ئەبەدی.تۆ تەمەشای شەیتان بکە،چونکە کرنۆشی بۆ ئادەم نەبرد...تەنیایی گوناحێکی نابەخشەنییە،غافڵن لەوەی کە کۆمەڵگە بۆیە پێویستە تا مرۆڤ،مومارەسەی تەنیایی خۆی تیا بکات..تەنیایی،لە دیاردە هەرە جوانەکانی ژیانە.مرۆڤ ئەگەر شتێکی پێبکرێت لە تەنیاییدا پێی دەکرێت،لە تەنیاییدا ڕەسەنایەتی پەیوەندی





بەدیاردەکەوێ.تەنیایی ناسنامەی هەر پەیوەندییەکی مرۆڤانییە.هیچ پەیوەندییەك لە دەرێی تەنیاییدا نییە،گەر تەنیایی نەبێت نە تۆ تۆیت،و نە من منم..بۆیە من لەو دوورکەوتنەوە جەستەییە پەشیمان نیم.لە دووریدا،نزیکی بەرجەستە دەبێت..خۆشەویستی گوزارشتە لە شتێك کە نایەتە گوزارشتکردن..ئەمە نهێنییەکە زۆر ئاڵۆزەو بەو ئاسانییە هەڵناهێنرێت..مەودا بێدەنگەکان،مەودا خامۆشەکان،مەودا بێ کۆتاییەکان شکۆو گەورەیی ڤیان بەرجەستە دەکەن.ڤیان رەوتێکە بەرەو بێ کۆتایی..بەرەو نەبینراو...

***

لەم شەوەدا،لە گەرمەی شاکامیدا، دراوسێکەم،وەکو پڵینگێك پەلاماری نێچیرەکەی بدات،خۆی بە ژووردا دەکات.مۆمەکان دەکوژێنێتەوە.فرێیان دەدات.لێی دەپرسم:

– بۆچی؟

بە بزەیەکی دەمامکدارەوە تێم دەروانێت ودەڵێت:

– ئەم روناکییە خەوم دەزرێنێت.نایەڵێت بنووم.

دەروات. چ تاریکستانێکە،مۆمێك... خۆبوون قەدەغەیە!!.دەچمە بانیژەکە.دەنگێکی گڕ لە قولایی تاریکی

شەقامەکەوە تێم دەخوڕێت.بەلەز بە قاڵدرمەکاندا دادەگەرێم..بە دەنگێکی ناساز دەپرسێت:

– ئەم دەنگانە چییە لەماڵەکەتەوە دێت؟

– ئاهەنگی لە دایکبوونی مەرجانە.

دەپرسێت:

– تۆ غەریبی یان رێزی یاسای شارەکەت ناگریت،نازانی هیچ دەنگێك لە دوای سەعات دوانزەوە قەبوڵ ناکرێت؟!

– ببورە قوربان ،من غەریبم لەم شارەدا،چەند رۆژێکەو دەڕۆم.

هێدی هێدی بۆ لای ئاهەنگەکە دەگەرێمەوە..ئیستاش لەم دەڤەرەدا ددانی مار دەڕوێنرێت..بە دیار مۆمە داگیرساوەکانەوە دەوەستم:پەنجا مۆم!

به دەنگێکی کەلەپچەکراو:هەموو ساڵێك بە خۆشی..

دوای تۆزێك،دەست لە دووی دەست،دەستم دەگوشێت و بە دەم رۆیشتنەوەو لە بن لێوانەوە:هەموو ساڵێکی دڵدارەکەت بە خۆشی..





# چەند چیرۆکێکی زۆر کورت

## ١–دیدار

بە چاوی خۆم دیتم.تەم ومژ چیاکەی گرتبوو.تاپۆیەك، هەر بە ئەسپ سوار دەچوو،لە چیاکەوەو بە ناوجەرگەی تەمتومانەکەدا نشێو بووەوە.کە دیقەتت دەدا هەر لە باڵدار دەچوو،تا پتر بەرەو نشێو دەهات روونتر دەکەوتە بەرچاو..هەر بە ڕاستی ئەسپ سوار بوو!سوارێکی پیرو بەساڵاچوو، نیگا پڕ لە حەسرەت وسیما نیگەران..هات،هات..لە کەنار روبارێکی لێڵدا وەستا.جوڵەی نەما، لە تۆ وایە بوو بە پەیکەرێکی رەق و تەق..ئەسپ سوارێکی دی لە هەمان شوێنەوە،بەهەمان شێوە هات.گەییە هەمان کەنار.حەوت شەقاوێك لە دووری ئەویترا رەق ڕاوەستا. بوو بە پەیکەر.سامم لێنیشت.ئەمە چییە! چ غوربەتێکیان لێدەباریٚ! پیاو ڕاست بڵێ خۆفێکی گەلەك گەورەم کەوتە دڵ ودەروون..چاویان بڕییە یەك، بەشەڕ دەهاتن! یا چارەنووسی خۆیان لە یەکتردا دەخوێندەوە؟ئیعترافێکی بێدەنگ بوو وبۆ یەکتریان دەکرد!لەپڕو لە هەمان ساتدا لە قاقای پێکەنینێکی بەکوڵ

وجۆشیان دا.پێکەنین درێژەی کێشا.دەتگوت هەر ئیستا هەناسەیان دەرنایەتەوەو دەخنکێن..ئەوجا بە ویقارێکی پڕ لە غوربەتەوە دابەزین..بەرەو پیری یەکدی جمان.گەیشتنە یەکدی، باوەشیان بە یەکتردا کرد.لە هۆڕژنی گریانێکی هێندە بە سوویان دا،بەرد بۆیان دەبوو بە ئاو..لەپڕ بوون بە یەك تاپۆ...ئەدی ئەویتریان چی بەسەر هات؟لە یەکتردا توانەوە؟!تاپۆکە رونتر بووەوە.سیمای بە دەرکەوت.مات وخەمین، هەنارێکی لە گیرفانی دەرهێنا، دایە بەرنیگا.هەنار چ هەنار! حەزی مرۆڤی دەهاڕوژان.بە دەستییەوە هەڵیدەسوڕاند، لە دەمی نزیك کردەوە.تۆ بڵێی بیخوات! لێوی کەوتنە جوڵە.ئەوجا فوویەکی پێداکرد..ئەوسا وەکو کەسێکی متمانە بەخۆ ئاوڕێکی لای روبارە لێڵەکەی دایەوە.بە دڵنیاییەوە هەنارەکەی تێ فڕێدا..هێندەی نەبرد ئەو ئاوە لێڵە، بە لرفەوشەپۆلە ،ڕوون ڕوون بووەوە، کپ وئارام ملی ئاوەڕۆی خۆی گرت..

کە ئاوڕم دایەوە سوارەکان شتاقیان لەوێندەر نەمابوون.گازییەك لە ناخی ناخما هەر دەیگوت و دەیگوتەوە:"قەدری ئەسپ بە سوارەوەیە"





## ٢- ڕێگە

من تازە ئەندازیار بووم.زۆرم کەیف بە خۆ دەهات.دامەزرابووم.لەپڕ داوام لێکرا نەخشەی ڕێگەی نێوان دوو گوندی نزیك بکێشم.هیچ سەرم لەم کارە دەرنەدەکرد.رۆژێ دەگەڵ کۆمەڵێك کرێکاردا بە درۆوە خۆم مژول کردبوو. کامیرایەك لێرە، دووربینێ لەوێ، سێ پایەك لەولاتر.ئیدی کەسێ نەیزانیبا دەیوت ئەم زانایە چ مژولە..لەپڕ دۆزیمەوە..کەرو عارەبانەیەك هات، بەینی هەردوو گوندەکەی بڕی.بەندەش ڕێك شوێن پێی کەرەکەم نیشان کردو نەخشەکەم کێشا..ئەو جادەیە ئیستاش ماوە.ساڵ نیە چەند رووداوێکی کارەساتاوی لێنەکەوێتەوەو کەچی...

## ٣- سەندوقۆکە

*سەدارزادە:* وامدەزانی بە دووزمانی دەگەمە هەموو ئاواتەکانم.بە دووزمانی شەڕی خۆم بە خەڵکانی دی دەکەم.کە بەسەر پردی درۆدا دەپەڕیمەوە، درۆیەکم دەگەیاندە ئەوبەر کۆڵێکم دڵ بەخۆ خۆشدەکرد..دووزمانی،دووزمانی،دووزمانی!.ڕەگی لە بن پەڕەی رۆحمدا داکوتی بوو. کەسم دەست نەکەوتبا دووزمانیم

بۆ خۆم دەکرد:داوەشێی ئەوەتا فلان وات پێدەڵێت، بۆ ناچیتەوە بە گژیا، ریسوای بکە.

وەکو قەلەموونی حیزەڵە خۆم پڕبا دەکرد،ڕاوەستە بۆم،با دەستم بتگاتێ، بزانە چیت لێدەکەم!کە رووبە رووی دەبوومەوە، لێم دەبوو بە نەڕەشێر، بچووک بچووک دەبوومەوە، نەمدەوێرا فزەبکەم،بگرە دەڵەچەییم لەبەردەکرد..دەکەوتمە نەسحەتکردنی خۆم،دەبەسە، کوڕە بۆ خۆت هەندێ پیاو بە پیاو، دە ئەم زمانە حیزە ببڕە،تەمەنێکە ئەم خەسڵەتە حیزە دەجەڕبێنی وهیچت بە هیچ نەکردووە..

*دەنگ: کەسی دووزمان وەکو سیسرکە، تەنیا لە زێراب وئاوەدەستاندا دەژی.کەسی دووزمان دەبێ بە ئاوەدەست و زمانی وەکو سیسرکە لە ناو ئەو ئاوەدەستەدا نەبێ ناژی..*

..دەکوڕە پیاوبە پیاو،جارێکیش ڕاستگۆیی ودروستکاری بجەڕبێنە.ئەوەی بوێرێ راستگۆ بێ، دەوێرێ بژی..

*دەنگ: کەسێك لە مەزاتخانەدا زمانی بپژێ، دەبێ چ خێرێك بداتەوە!..ئەم وڵاتە مەزاتخانەیە بچووك بکەوە،لە قاڵبی مەزاتخانەی شارێکی بدە، مەزاتخانەی شار لە قاڵبی یەك مەتر چوارگۆشەدا خڕبکەوە، یەك مەتر چوارگۆشە لە سەندوقۆکەیەك کۆبکەوە..یەکەم معامەلە، پارەیەکی دووقات، لە ناخدا بوویت بەدز..*





..نابڕدرێ،زۆرجارم بڕیوەو فڕێم داوەتە بەر سەگ، سەگیش بەلایدا نەچووە، بۆنێکی پێوە کردووەو بەجێی هێشتووە.هەڵبەزیوەتەوەو هاتووەتەوە ناو ئەم سەندووقە..لێرە دەیبڕم لەوێ دەڕوێتەوە..دووزمان ناوێرێ بژی..

## ٤-شێت

بەسەر شۆستەکەدا دەهات وەدەچوو..بەدەم هاتووچۆوە، بە دەنگی بەرز دەیگوت و دەیگوتەوە:بۆ خوا پێتان دەڵێم، دوایی نەڵێن کەس پێی نەوتین، نەخەڵە تابن دزی بکەن ها!..ئەگەر دزیش دەکەن هی بچووك نەکەن، هی گەورە بکەن،دزی بچووك جێی زندانە..بەڵام دزی گەورە جێی لەسەر کورسی دەسەڵاتە.

## ٥- سەرۆك

ڕۆژنامە نووس:نازانم، بچم، نەچم! بپرسم ، نەپرسم.. دەی کوڕە بچۆ چ دەبێت با ببێت ، سیروان لێشت نەدەم هەر دەمبەیت!!

- قوربان بە ئەرك نەبێت پرسیارێکی زۆر شەخسیم هەیە
- فەرموو.
- دەڵێم، سەرو سیما و جل و بەرگت لە هی سەرۆك ناچێت!!

- ئەدی لە هی خزمەتکار دەچێت؟
- تەقریبەن..
- دەیسا باشی بۆچوویت، چونکە من خزمەتکاری خەڵك و خاکی خۆمم.سەرۆك نیم.

## ٦- براکوژی

دایکێك دەچێت بەسەر دوو منداڵی خۆیدا سەیر دەکات یەکتریان کوڵەوار کردووە، سەر و گوێلاکی یەکیان خلْتانی خوێن کردووە..دڕندانە بە گژ یەکتردا دەچن. کە ئەم دیمەنە دەبینێت کزە لە جەرگییەوە هەڵدەستێت، ئیدی دایکە دایك..چ دەسەڵاتێکە نابێت، بە سۆزێکی یەجگار ئینسانییەوە، بە دەنگێکی زۆر بە شکۆو سامەوە دەڵێت:

- ئەیەڕۆ..برایەتی ئاوا دەبێت!؟

وشە بڕاو درکاندنەکەی هەردوو منداڵەکە بەنج دەکات. سەردادەخەن، دەست هەڵدەگرن و ئیدی لەو ڕۆژەوە تێدەگەن کە براکوژی کردەوەیەکی حەرامە.

## ٧- پەپوولە

کە یەکەمین مامۆستا، خۆی بە ەکەمین پۆلدا کردووە، قوتابییەکان لە بەری هەستاون..

- ڕۆژتان باش.





- ژیانت باش
- فەرموون دانیشن.

دادەنیشن.کپی و خامۆشی باڵیان بەسەردا دەکێشێت. دوای تۆزێك پۆلەکە دەبێت بە باخچە، قوتابییەکان بە گوڵی هەمە ڕەنگ. مامۆستاش بە پەپولە...ئیدی لەو ڕۆژەوە سووتانی لە چارە دەنووسرێت و تا ئیستا ڕێگە بۆ تیرەی بەشەر روناك دەکاتەوە.

## ٨- پەیژە

ازە یەك دوو پلە سەرکەوتبووی، لەلایەکەوە سەرکەوتنەکە سامێکی قورسی هەبوو. لەلایەکی دییەوە سەگوەڕێك دەستی پێکرد ئەمما سەگوەڕ! هەترەشی زەلامی دەبرد، حەیر مابووی، بگەڕێیتەوەو یەك دوو کوچك بە دووڕدەو سەگەدا بدەی و لە حەپەی بخەی! کێ دەڵێ بەر دەوی دەکەوێ، بە چ مەعلوم هێندەی دی شێلگیر نابێ و کسۆکانی دیکەی بەدەنگەوە نایەن، ئەدی چ بکەی! لاقت دەلەرزێ، هێزی سەرکەوتنت نییە خۆ ناشکرێ هەر لێرەدا بوەستی! لە پڕ دەنگێك هاتە گوێت، خوایە ئەمە چ دەنگێکە! ئاشنایە زۆر ئاشنایە، خۆشییەك لە ناختدا بڵاچەی دا دەنگی باپیرەت بوو، هێندە بەمیهرەوە هاتە قسان سەراپات غەرقی گەشکە بوو.

– حەمە تاڵ! وەی لەمنت کەویٚ ئەوە بۆ وا حەپەساوی کوڕم. بۆ واهی سەری دنیات لێهاتۆتەوە یەك. نەترسیت، ترس بیرکردنەوە لغاو دەکات. یانی ئێستا تۆ نازانی چ بکەی، خۆ من دڵم بە تۆ خۆش بوو... بڕۆ، مەترسە، سەرکەوە، هەر ئاوڕ مەدەوە.

ڕۆیشتی، تەواویٚ سەرکەوتی. دەنگەکە گوتی: ها حەمە تاڵ ئێستا دەنگی سەگوەڕ دەبیستی؟! دەبا هێندە بوەڕیٚ تا قوڕگی دەدریٚ.

## ٩- بلیمەتکوژی

نەء. لە هیچت کەم نییە، لە خوێنەواری خوێنەوار، خۆ کارنامەکەت بە قەد بەرماڵێکە و زۆر کەس خۆزیت پیٚ دەخوازن... نەء.. نازانی ئەو پۆلیسانە بۆ لەبەرت هەڵناسن، گەمژەن گەمژە، فایدەی نییە دەبیٚ پێیان بڵێی. نازانن چ بلیمەتێك لە ناختدا پەنهانە! چ فریاڕەسێك بە پیریانەوە هاتووە. نەء، پەلە مەکە جاریٚ فلامەرزی سەرنووسەر بێنە ڕەدا، زۆجی بکە زۆج با گوتاریٚ دووانت بۆ بڵاوبکاتەوە، بزانە چ تەقینەوەیەك ڕوو دەدات! خۆ ئەگەر وێنەیەکی دوا مۆدێلی خۆتیشی لەگەڵ دا بڵاو بکەیتەوە ئەوا نورون عەلا نور...





ڕۆژنامەکەی بە دەستەوە گرت، یەکەمجارە ناوی خۆی بە چاپکراوی دەبینیٚ. نەخێر تەواو، تەقینەوەکە ڕوویدا.. ئیدی بوو بە مۆم و بۆ ڕووناککردنەوەی ڕێگەی خەڵکی دەسووتا!

پێی سەیرە، ئەم مەزنە پیاوە، بەم شەقامە قەرەباڵغەدا دەڕوات، بیٚ فیٚز، بیٚ هەوا، کەچی تاقە کەسێك نەك هەر دەستەو نەزەر بۆی ناوەستیٚ، کڕنۆشی بۆ نابات، بەڵکو هەر ئاوڕیشی لیٚ ناداتەوە.

*

تەحا لەم کۆمەڵە سپڵەیە، تەحا لەم خەڵکە بیلمەتکوژە! توخوا ئەمە کۆمەڵە یا گۆڕستانی بلیمەتانە! ئاخر چۆن بلیمەتی نامرێت!!.

## ١٠- ڕۆژنامەنووس

ئەم پەدەر سوختەیە، حزب تڕۆی کردووەو بۆ ئێرەی نەفی کردووە. کەچی لە زماندرێژی خۆی ناکەویٚ. لە تۆ وایە یەکەمین قارەمانە و غەدری لێکراوە. دوور نییە بۆ جاسووسییان ناردبیٚ و ئەم تڕۆ کردنەشیان بۆ چاوبەستەکیٚ دابێتە پاڵی و ئێمەمانان زووتر چەواشە ببین و بەنابەڵەدی

بکەوینە داوییەوە. دەنا ئەم و رۆژنامەوانی کوجا مەرحەبا!. دوو دێڕی بە دروستی پێ ناخرێتە سەر یەك. ئەوەتا ئەو وتارۆکانەی بڵاویان دەکاتەوە، خەڵکی بۆی دەنووسن.. بەڵام ئەلهەقی ئەوەندەی باشە نەدەیشارێتەوەو نەفشەشی پێوە دەکات. راوەستە بۆم، شەرت بێ دار بدەم بە روحت دا، نامەردی ناپیاو، بزانە هەر بە حیزبە حەیاتەکەی خۆت بە کوشتت نادەم! خۆ لەوەتەی ئەم مۆتەکەیە هاتووە، دەممان بۆگەنی کرد، ناوێرین زار هەڵێنین. گوایە حیزبییەو نوێنەری گەلە! مەرحەبا نوێنەری گەل!... ئەدی بۆ جاسوس نەبێ، هەر کە پەیدا دەبێت قڕو قەپ دەکەین یان قسان دەگۆڕین.

راوەستە بۆم، بزانە چۆن داغت بکەم.

هەر ئەو رۆژە شڕە وتارێکی دزیاری جەنابیم گەییە دەست بۆم ژێرو ژوور کرد، هەموویم تێکەڵ و پێکەڵ کرد. لە لاپەڕە هەشتدا و لە شوێنێکی بەرچاویدا بڵاوم کردەوە. هەرچی خوێنەر هەیە کەوتنە گلەیی و تەوس و توانج، کەچی پاش حەفتەیەك لەسەرێ راگاز کرا، خۆشی خۆشی تەڵەکە گرتی و لە کۆڵمان بووەوە، لەو سەرەوە قیت پەیدا بووەوە.. لەبەر وتارەکە خەڵات کرابوو!...





## ١١- سانسۆر

بەڕێوەبەری نووسین:

- هەڵۆ، رێبوار
- بەڵێ.
- ئەو بابەتەی ئامیرزا سانسۆر بکە، مەیەڵە دابەزێ، زۆر خەتەرە ها!
- زۆر خەتەرە؟! چۆن، ئەدی بۆ من نەمزانیوە؟
- من دەزانم.
- مەعلوم بڵاونەبێتەوە.
- ئەرێ، ئەرێ...
- جەنابی مودیر، بوو بە فۆلکلۆر
- تێناگەم!
- قوربان دوێنێ بڵاو بۆتەوە!

## ١٢- ژن

لەوساوە کە رۆیی، لە ماڵی مندا ئاگر نەکراوەتەوە. گەردو تۆز فەتحی هەموو ناو ماڵەکەی کردووە.. داگیری کردووە، کەچی تاقە گەردێك تا ئێستاش نەنیشتۆتە سەر دڵی من.

## ١٣- کراسێك

کراسێك بە تەنافەوە بە ئاوەچکەکانی هەڵواسرا بوو. ناو بە ناو بە دەم شنەیەکی ڕێبوارەوە دەلەرییەوە. سەعید و مەریوان لە دوور دانیشتبوون، مەریوان چاوی کز بوو، وایدەزانی کراسەکە ئافرەتی ڕاستییە، و ئاماژە بۆ ئەو دەکات.

– تۆ تەماشا مامۆستا سەعید ئەو کچە چۆن ئیشارەتم بۆ دەکات.

– بەڵێ، بەڵێ.

*

لە مەجلیسێکدا:

– مامۆستا سەعید شایەتە کە چۆن چۆنی کیژێك خەریك بوو ڕەدووم بخات.

## ١٤- قەڵەوی

پیرۆت هەر کە دەیبینی پەزێکی زیاد لە پێویست قەڵەو بووە، زۆر لەوانی دی دیارترە، خێرا دەکەوتە خۆ، بیانوویەکی





دەدۆزییەوە: (منداڵەکان برسین، دەمێکە گۆشتیان نەخواردووە، دەرو دراوسێش با پشکێکیان پێ بڕێ) خێرا پەزەکەی سەر دەبڕی. دابەشی دەکرد: (بخۆن، ببێ بە غەزو بەزی ناو شانتان، نۆشی گیانتان بێ... ئێوە خواردنتان لەسەرە... ئێوە کاڵەکی خۆتان بخۆن، هەقتان بەسەر ڕنینەوەی بێستان نەبێ... هەر قەڵەو بوونێك بگری، ڕەگێکی دەچێتەوە سەر خیانەت!.

## ١٥- خاك

شەکەت و ماندوو، لە دەرگای سنورێکت دەدا هی تۆ نەبوو، چاوەڕێی تلیسانەوەی بەزەیی ئەو دیوو سنوور بوویت.

جووتێك سەرباز پاسەوانی سنوورەکەیان دەکرد. وەك بڵێی سیمات بخوێننەوە. قسەیەك لە تۆ قسەیەك لەوان. پرسیت:

– ئاخر ئێوە، لەمبەرو ئەوبەر لە پێناوی چدا ئەمە دەکەن، خوێنی ملیۆنان خەڵك بەم ئاگری شەڕەدا دەکەن... بۆ کێی دەکەن؟!

یەکێکیان دانەوییەوە، چنگێ خۆڵی هەڵگرت، بە شانازییەوە نیشانی دایت و سەراپای بوو بە نیگا. نیگاشی قوڵە قوڵ متمانەی لێهەڵدەقولا.

چنگی کردەوە، خۆڵەکە بە ڕەوانی و یەکگرتووی، چەشنی ئاوی زولاڵ و تامەزرۆشکێن دارژا:

– بۆ ئەمەی دەکەین!..

زۆر بە خۆتدا شکایتەوە. سەراپات بەرە بەرە لە گریانێکی بێدنگ دەنیشت. کڵپەیەك لە ناختدا لێکدا هەڵدەبوو و دەکوژایەوە.

دەنگێك وەك بڵێی لە بنەبانی ئەشکەوتەوە بێت، دەیگوت و دەیگوتەوە:

– هەر کەسێك خاکی نەبێ، دەبێ گۆڕی خۆی بە کۆڵدا بدات و بە ئاوارەییدا بیگێڕێت.

## ١٦- هونەرمەند

بە پەلە خۆی گەیاندە دیار هونەرمەندەکە، لە گیانەڵادا بوو... هەرچی کردو کۆشا، زاری هەڵنەیەنا، لە تۆ وایە ئیدی بە تەواوی لە دنیا زویر بووەو لە دڵی خۆیدا شەرتی کردووە کە جارێکی دی زاری لە زاری ئەم دنیا دون و ئەڵچاخە نەگەڕێت. تەواو نا ئومێد بوو، قەناعەتی وا بوو چی لێهەڵناکرێنێت، بۆیە وازی لە پرسیارەکانی هێنا و ڕێکۆردەرەکەی کوژاندەوە...





لەفکران ڕاچوو، نیگای ئاوارەی شوێنێکی نادیار کرد. ئەوجا لە پڕ ڕێکۆردەرەکەی کردەوە. دەمی وەپەنا گوێی ناو بە دەنگی بەرز پرسی:

– ئێستا حەزت لە چییە مامۆستا؟

وەك ئەوەی پەلەی بێ و فریای دوا گوتە بکەوێ، بێ ئەوەی گرێی بێنێتە بەر گوتی:

– حەز دەکەم ببمەوە بە منداڵێکی شڕۆڵەی چڵمن و هەر کە خۆم بە مەجلیسێکدا بکەم پێم بێژن: بڕۆ بڕۆ دەرەوە، هەیدیبە لێرە...

## ١٧- پیشانگە

حیکمەت، زوو زوو سوپاسنامەکەی لە بەرکی دەردێنا و ورد ورد دەیخوێندەوە. لە بن لێوانەوە دوا ڕستەی دەگوت و دەگوتەوە: "دەستو پەنجە ڕەنگینەکانت نەڕزن و نموونەتات زۆر بێت... لیژنەی هەڵسەنگاندنی هونەری".

ساڵ وەرسوڕایەوە، پیشانگەکەی پار بە دەقی خۆیەوە، دووبارە کرایەوە. ناوی ژێر تابلۆکان گۆڕا بوو. شوێنی دانانی

تابلۆکان گۆڕا بوو... سەرۆکی لیژنە هەمان سەرۆکی پار بوو. بەسەر سامی و گەشکەوە لە تابلۆکانی دەڕوانی!

مامۆستایەکی مێملْ خۆی گەیاندێ... لە تەنیشتییەوە وەستا، لەو قووڵتر روانییە یەکێك لە تابلۆکان، دەمی لە پەنا گوێی ناو بە ئاسپایی گوتی:

- هەتیو هیوا، ئەمە هەر ئەوەی پار نییە؟
- نەبابە.
- بان گرەو دەکەم...

مامۆستا نوری، گوێی لێبوو. سەیرێکی ناوی ژێر تابلۆکەی کرد و گوتی:

- ئەمە ئەو قوتابییە خڕکەلانەکەی پۆلی پێنجەم نییە؟!
- با.
- ئادەی بانگی بکەن...

هات.

- فەرموو مامۆستا.
- راوەستە.

مامۆستا نوری، مامۆستای هونەری بانگ کرد، ئەوجا بە بەرچاوی هەمووانەوە روویکردە قوتابییەکە:

- ئاراس، تۆ ئەم تابلۆیەت کردووە؟
- نەخێر مامۆستا.





- ئەدی بۆ ناوی تۆی لێدراوە...

نیگایەکی مامۆستای هونەرو ئەوجا لیژنە هونەرییەکەی کرد و هیچی نەوت.

## ١٨- بەرد

بەردێکی مل هوڕ، لە خۆبایی، ریاکار، بەگژ شوشەیەکی ساف بێگەرد، هەردوو دیوو روناك و بێ خەوش، بێ هەواو فیزدا چوو... تکاو پاڕانەوەی شووشەکە دادی نەدا.. خۆی پێدا کێشاو شکاندی. شووشەکە قاقا پێکەنی. بەردەکە سەرسام و واق وڕماو پرسی:

- بەچی پێدەکەنی!؟
- بە گەوجێتی تۆ...
- چۆن؟!
- چونکە غرور بەرچاوی گرتووی، بیرکردنەوەی شێواندوویت و نازانیت ئێمەی شووشە، لە شکاندن تیژتر دەبین....

١٩٩٤

## ١٩- زمان

(١)

بەردەم مەیتخانەکە قەرەباڵغ بوو... پاسەکە لەبەر ئاپۆرای خەڵکەکە هێواشی کردەوە. جامەکەی تەنیشت خۆت کردەوە. سەرت کێشایە دەرێ:

- ئەوە چییە؟
- دەڵێن ڕۆژنامەنووسێك ڕەشكوژ كراوە...
- لەسەر چی؟!
- نازانم...

(٢)

ڕۆژنامەنووس: جەناب وێڕای ئەوەی بۆ هەر شوێنێك دەڕۆیت قافڵەیەك ئۆتۆبیلی دۆشكا بەسەر ڕەدووی خۆت دەخەی. ئەوجاش جامی ئۆتۆمبیلەكەت ڕەشە... ئایا دابی مەنسوولانە كە ئەم دیوارە لە نێوان خۆیان و خەڵكیدا دروست بكەن، یان مەنسول لە بەرزییەوە خەڵكی لە شێوەی تارمایی ڕەشدا دەبینن. یان هەر مەنسولەو بەشی خۆی دڵنیایە كە لەبەر





چاوی جەماوەری خەڵك ڕەشەو دەیەوێ بەو جامە ڕەشە، ڕەشی خۆی وەشێرێ!؟

مەنسوول لە بن لێوانەوە: پرسیارێكی قۆڕە... ئەوجا بە دەنگی بەرز:

- ئەگەر زمان بوەستێ سەر سەلامەت دەبێ...

شوفێری پاسەكە رادیۆكەی كردەوە.. دەنگێكی ناسك: هەواڵەكانی ناوخۆ... ئەم بەیانییە تەرمی ڕۆژنامەنووسێكی نەناسراو، بە شێوێنراوی لە قەراغ شار دۆزراوەتەوەو تەرمەكەی لە مەیتخانەی شارە، تكا لەكەس و كاری دەكەین بە سۆراخییەوە بچن.

(٤)

چەند جارێك لە دڵی خۆتدا گوتت و گوتتەوە، چ سوكناییەكت نەهاتێ، بەرلەوەی دابەزێت بەدەنگی بەرز گوتت: لەم دەڤەرەدا، لەم ڕۆژهەڵاتە مێچكەیەدا گیانی دكتاتۆرانەی مەنسول نەلاوێنی.. گونی هەڵنەسەنگێنی.. قومار بەڕوحی خۆت دەكەیت.. دابەزین هەیە كاكە.

١٩٩٥

# ٢٠- بووکەڵە

منداڵەکە، سەرقاڵی گەمەبوو. بوکەڵەکەی دێناو دەبرد، تاویٚ قسەی خۆشی دەگەڵ دەکرد، دەمیٚ لێی تورە دەبوو:

- سەگباب، ئەوە چییە، بەقسەم ناکەی؟! چما من بوکەڵەی تۆم یان تۆ بوکەڵەی منی. بابی هەڵیدایێ:- زنار..

- بەڵیٚ بابە

- ئەوە چییە کیژم؟!

- چ نییە بابە، لەگەڵ بوکەڵەکەم بەشەڕ هاتووم. ئەیەڕۆ خۆ بە قەسەم ناکات! چۆن دەبیٚ بە قسەم نەکات؟

- بوکەڵەکەت ناوی چییە؟

- ناوی، ناوی، ناوی چیلەرە..

باب لەفکران را دەچیٚ: راستی لە منداڵ یان لەشێتان بزانە.. بە خودای ناوێکی پڕ بە پێستە.. تۆ بروانە ئەو تولفە چ وەڵامێکی دایەوە.. دەتۆ دیقەت بدە، هەست رابگرە بزانە لەم دەڤەرەدا، لەم رۆژهەڵاتە ماکەرەدا چ بۆڕ بۆڕێنێکی بە بوکەڵە بوونە!..





# ٢١-زاوا

- خۆێڕی، سەرە خۆرەی بەدێوم...

مهدی، نەیدەزانی بۆ بەو بیٚ رەحمییە سەرکۆنە دەکریٚ هێندەش شەرمنو روو نەرم بوو نەیدەتوانی چاو لەبەر کەس هەڵبڕیٚ. چۆن بچێتە بنجو بناوانی ئەم مەتەڵە؟!

زۆری تاقیب کرد، بۆی بەدیار کەوت کەدایکی ئافرەتێکی گەلێك باشو جوان بووەو بەسەر ئەمەوە چووە...

حەبیب، پیاوێکی ژن مردە بوو، رێحانی بۆ بەرهەق نەدەکرا: رێحانیش بەمەی دەزانی بۆیە شولی لیٚ هەڵکێشا بوو.. حەبیب هانای وەبەر خزمان برد، ختوکەی سۆزی دان. مهدی باڵق بووە، پیاوی چاك بن یەکێکتان بیکەن بە کوڕی خۆتان.. کوڕە ئێوە نازانن من لەچ نارەحەتییەك دام بەبۆنەی ئەو تولفەوە. فریام نەکەون توشی قەتڵێك دەبم.. کوڕە بەزاتی خوا عەیب بیٚو عار بیٚ من رێحانم بۆ بەرهەق ناکریٚ.. ئەو بستە منداڵەی وا چاوشکێن کردووە.. هەرچەند نیگام لە نیگای هەڵەنگویٚ خەریکە دەبم بە قەترەیە ئاوو بەناخی زەویدا رۆ دەچم.. کوڕە پیاوی چاك بن، مەهدی منداڵێکی سەلارە، بەستەزمانە، گویٚ رایەڵە.. با لەوەی پتر نەچەوسێنرێتەوە.

یەکێك لە خزمانی هێنایە رەدا، کیژێکیان لێ مارە بڕی.

مەهدی، لەوساکەوە کەزانی بووی دایکی بەسەر ئەمەوە چووە، هێندە تینوی سۆزی دایك بوو، وای لێهات هەموو ئافرەتێکی بە دایك دەزانی.. هەموو دایکێك مەحرەمە.. دەماری پیاوەتی لە ئاستی سامو شکۆداری دایك دا دەمرێ.. تەنانەت وای لێهات جوێنە ساردو سڕەکانی رێحانی زڕ دایکیشی زۆر لەبەر گران نەما.

– .. خوێڕی، سەرەخۆرەی بەدێوم.

* * *

مەهدی، کرایە پەردەوە، خەریك بوو هەترەشی بچێ. بووکێ لەو گەورەترو بە ئەزمون تر بوو.. هەرچی شوێنی ئارەزو بزوێنی لەشە، بۆی دەرخست. ئەم ئەو سەرەی دای خست هەر هەڵی نەبڕی.. هەستێکی زۆر سەیر گەماڕۆی دابوو. هەموو شوێنێکی بووکێی لەلا بوو بوو بە جەستەی ساردەوە بووی دایکی.. لە تەسلیم بووندا بوو، نەخێر هەستی گۆڕین تەواو تەواو بەسەری دا زاڵ بوو. لە پڕ هەستا، بەپەلە لە ژوور وەردەکەوت.

* * *





دوای نزیکەی سەعاتێك.. هەندێ کەمتر، هەندێ زیاتر، هاژەی نائاسایی روبارەکەی پشت ئاوایی، بێدارانی زارە تەرەكو نووستوانی بێدارکردەوە.. کەس لەجێی خۆی نەبزووت.. لەوەتەی ئەم گوندە لە کەنار ئەم روبارە دروست کراوە، پشتاو پشت هەر ئەمە گێڕدراوەتەوە: ساڵ نییە، لە ناوەختێك دا باجی خۆی بەتۆبزی لە خەڵکی گوند وەرنەگرتبێ.. نووستوان بەشپرزەیی بێدار بوونەوە، کەوتنە وێرد خوێندنو پاڕانەوە. بێداران بە سڵاوات ترسی خۆیان دەڕەواندەوە..

کە بەیانی چوونە سەر روبارەکە، جلەکانی مەهدی–یان لەسەر تاوێرێکی کەنار روبارەکەدا بینی.

خەڵکی گوند گریان..

گریانی کەس نەدەگەییە گریانی رێحان!.

١٩٩٥

## ٢٢- عوزرخوایی

کوڕە هەژارێکی ئەڤیندار، بەڵێن بە دڵدارەکەی دەدا کەبەجوانترینو باڵاترین مۆدیلی ئوتومبیل دەی گوازێتەوە.

**کیژێ چ شتێك بەئەڤیندارەکەی شك نابات.... دڵیشی نایەت لە کەمینی پرسیارانی بخات. دەزانێ ئەڤینداران درۆ ناکەن!**

**بڕیار دەدرێ. ڕۆژی گواستنەوەی بوکێ دیاری دەکرێ...**

**ئەڤینداری حەجمین لەبەر بڕاو، لەمێژە جوانترین ئوتومبیلی شاری داوەتە چاو.. لە بەیانی زووەوە بەناو شار دەکەوێ:**

**((چییە دیار نییە. دەترسم نەیەت. کێ دەڵێ بەرەو شارێکی دی نەچووە، جا چبکەم، چارم چییە؟!))**

**دەکەوێتە هاتوچۆ. لەو لاوە پێ خەسووو دەستەو دایەرەکەی لە ماڵی بوکێنو ئامادەی دەکەن، لەم لا ئوتومبیلی گۆڕین دیار نییە. چار چییە!!.. دەڕوانێتە سەعاتەکەی سەر دەستی. میلی سەعات هەر دەڵێی دەفرێ..**

**لەپڕ ئوتومبیلەکە دێ. رادەوەستێ. شوفێرەکەی دادەبەزێ، بەنێو ئاپورای خەڵکەکە دەکەوێ..**

**کەسێك ئەڤینی لەسەردا بێ، لە دێو ناپرنێکتەوە. ئەڤینداری شەیدا خۆی گەیاندە ئوتومبیلەکە. وەگەڕی خست، گەیاندییە جێی مەبەست. بە جوانترین شێوە رازاندییەوە. ئوتومبیلی بووکە، کێ گومانی لێدەکات! خاوەنەکەشی بیدینێ نایناسێتەوە. سوار بوو، ماڵی بووکێ خۆت بگرە وا هاتم. کات هەندێ درەنگ بوو. بووکێ لە ئوتومبیل نرا، باژۆ..**





**ئوتومبیل بوو بەقەترەیەك ئاوو زەوی قووتی دا.. هەواڵ بە پۆلیس درا.. پۆلیس کەوتنە تاقیب.. پۆلیس بۆ سبەینێ، لە هەمان شوێنی دوێنێ دا ئوتومبیلەکەیان بەرازوەیی دۆزییەوە، وەختێ دەرگاکەیان کردەوە، پارچە کاغەزێکیان بینی، بەخەتێکی درشتی جوان لە سەری نوسرابوو: زۆر سوپاس، گەلەك منەتبارم. ببوورە.**

**١٩٩٥**

## ٢٣-گومان

**-١-**

**ڕۆژنامەکەی هەڵگرت. سەرنجی بەناونیشانێکەوە گیرسایەوە: گومان!.. ناونیشانێکی پەسەندە.وەکو نوسنەك بە بەرۆکەوە دەنوسێت.. ئیشتیای خوێندنەوە دەجولێنێ.**

**-٢-**

ئائێرە باشە، پەنایە. کەسی بەسەروە نییە. بۆ خۆت دانیشە، کاتێ ئاوڕ دەدەیەوە، گشت خۆتەکانت لە دەور خڕ بوونەتەوە...

ئیدی بەکەیفی خۆ لە هەموو ئاشێ لێ بکەن، مرۆۋ هەر هێندەی زەحمەتە تا هەندێ بیرەوەری لەلا گەڵاڵە دەبێ. ئیدی دەتوانێ بەتەنێ بژی. هەر زۆر بێ تاقەت بوو، دەتوانێ گوێی یەکێك لە خودەکانی ناخی بگرێو بیهێنێتە دەرێو تێر تێر قسەی لەگەڵ بکات.

بچۆ لەسەر هۆو بەردە تەختە دانیشە. شوێنێکی چاکە. ئەها. زۆر باشە. دەی مەیو کەرەستەی مەی خۆرییەکەت دەربێنە.

*          *          *

پێکی یەکەمی تەژی کرد. بەخۆی گوت:

– دەی هەڵیدە ئەنوەر.. بەسەلامەتیت.

هەر خۆی:

– نۆش!

-٣-



بەیداخ ........................................................................ حەمە کەریم عارف

هیچ ئیعترافێك جێی متمانە نییە. هیچی لەسەر ڕۆنانرێ، تەنیا ئەو ئیعترافە نەبێ کە لە گەڵ خۆتدا تاك دەکەوییەوەو بێ سانسۆر بۆ خودی خۆتی دەکەیت. ئەرێ ئەگەر ڕۆژێ ئامێرێك دابێت و ئەو جۆرە ئیعترافانە تۆمار بکات و پاشان ئیعترافی خەڵکی شارێکی تەواو وەکو فیلم مونتاژ بکرێو بخرێتە سەر شاشە دەبێ چ دنیایەکی بێ سەروبن دەربچێ.. شێتخانەی چی!..

خەیر، هیچ ئیعترافێك جێی متمانە نییە، تەنیا ئەوە نەبێ کەبێ هیچ گوشارێکی دەرەکیو بێ هیچ سانسۆرێکی ناوەوە بۆ خودی خۆتی دەکەی.. ئای کە بیرو خەیاڵو ویژدان ئاسودە دەکات! تەنیا ئەو ئیعترافە،ئیعترافە کەویژدان دەپاڵێوێ. دەنا لەمە بترازێ هەر ئیعترافێك شیتەڵ بکەیتەوە، جۆرە شەرمەزارییەکە بۆ هەردوو لای هاوکێشەی ئیعتراف!..

-٤-

تا پێکی سێیەم وەکو کەشتییەکی، کەشتیوان نووستوی بەر شەپۆلانی شێت، خۆی خستبووە بەختی وێرانە شەپۆل. لە ناوەندی سێیەم پێك دا هاوسەنگی خۆی پەیدا کردەوە. خودەکانی ناوەوەی کەوتنە سەرە تاتکێو ملە قوتێ.. هاتن! وەرن، وەرن... شەرم مەکەن! هەموو لە دەوری خڕ بوونەوە، پێکەکەی هەڵبڕێ.

- بەخۆشیتان.

تێکڕا:

- نۆش.

-٥-

بەپەلە مراکێك مەزەی تەپاندە دەمییەوە. بەسەری قۆڵی دەمو سمێڵە زلەکەی سڕی. چاوە سەوزەکانی وەکو گلۆپی مرور هەڵبوون..

- ئەوی راستی بێ لەمێژە بەم مەراقەوە دەتلێمەوە. گومان کوشتمی. گومان لە حەلاڵ زادەیی تاقە کوڕەکەم.. لە حەلاڵ زادەیی ئاسۆ!

یەکێك لە خودەکان:

- ئەدی خۆت نالێی بەڕێوەبەری زیندان، زۆرجار بە شەوانی درەنگ ئیزنی دەدامو دەچوومەوە ماڵێ..

- دەزانی بۆ ئیزنی دەدام؟ چونکە دەیزانی بەناهەق گیراومو هیچم لەسەر نییە.

خودێکی تر:

- کەدەچویتەوە، نەدەچویتە لای ژنەکەت؟!

- ئەی مەعنای چی!.. وەکو ژەمبردە..

خودێکی دی:





- ئەدی ئەم گومانەت لە چییە؟

- نازانم، مەراقێکی سەیرە.. سەرو سیمای ئاسۆ.. هیچ لەمن ناچێ.. خودەکان، ئەبڵەقو واق وڕماو روانیانە یەکدی. ئەوجا یەکێکیان گوتی:

- باشە تۆ لە حەلاڵ زادەیی خۆت دڵنیای تا گومان لە خەڵکی دی بکەی؟!

- ها؟! ئەمەیانم زۆر لەبەر گران نییە..

خودێکی دی:

- دەزانی ئەم ورد کردنەوەیەی تۆ فەلسەفاندنی ژیانە..

- ئەم وردکردنەوانە، کاری فەلسەفەیە. فەلسەفەش پیشەی فەیلەسوفانە نەك ئێمەومانان.

خودێکی دی:

- ژیان وا دەخوازێت پڕ بەپێستی ژیان بژیت.. بڕۆ بژی.. واز لەم گەوجەوگەوج و فەلسەفە رێسییە بێنە..

ئەنوەر، رۆژنامەکەی دانا، هەناسەیەکی قوڵی هەڵکشا.. لەبەر خۆیەوە: ((ئەم، پیاوە هەمان مەراقەکەی منی هەیە.. بەڵام پەنا بەخوا ئازایە. دایك دانیشێ و رۆڵەی وا بێنێ.. بە هەموو دنیا دا جاڕی داوەو منەتی بە کەس نییە!.. کەس بە مێرولەش نازانێ..))

جۆرە ئاسودەییەك بە دڵو دەرونی دا گەڕا:

–

– .. گومان، گومان! بە راستی گومان سۆز دەلەوتێنێ..

١٩٩٥

## پێشەکییەکی کورت

بێگومان جیهانی منداڵان، وێڕای سادەیی و پاکی و بێگەردی، ئاڵۆزی و تایبەتمەی خۆی هەیە، دریاریشە منداڵ دەکاتە بەردی بناغەی ئایندەو هەر وەچەو نەوەیەك بەپێی سوننەتی ژیان و جەبریەتی مێژوو دەبێ ئاڵاکەی دەستی تەسلیم بە نەوەی پاش خۆی بکات. جا کە ئەمە سوننەتی ژیان و یاسای مێژوو بێ پێویستە کار بۆ ئەوە بکرێت منالان کە دەکەنە نەوەی ئایندە بە رێك و پێکترین شێوەو شێواز پەروەردە بکرێن و بە جۆرێ ئامادەو تەیار بکرێن کە شایستەی ئەوە بن بەبێ ترس ئالای ژیانیان پێ بسپێردرێت.

یەکێك لە لایەنە گرینگەکانی پەروەردەکردنی منالان، رۆژنامەوانی منالانە، رەنگە خەڵکانێك هەبن پێیان وابێ





نووسین بۆ منداڵان کارێکی ئاسانەو هەر کەسێك قەڵەمێکی هاکەزایی هەبێ، ئیدی دەتوانێ ببێ بە نووسەری منالان و وا بزانێ نووسین بۆ منالان هیچ داهێنان و هونەرێکی تێدا نییەو بریتییە لە کورتکردنەوەو سادەکردنەوەی هەست و هزری گەورە، واتا هەر هەمان هەست و هزری گەورەیەو بە شێوەو زمانێکی سادەو منالانە دێتە دەربڕین... ئەمە لە کاتێکدا کە هەموومان دەزانین منداڵییەتی چەند قۆناغێکی هەیەو هەر قۆناغە تایبەتمەندی خۆی هەیەو دەبێ لە هەر قۆناغێکدا بە زمانێك و بە رۆشنبیرییەکی تایبەت و گونجاو لەگەڵ ئەو قۆناغەدا منال بدوێنین و ئەوە رەچاو بکەین کە رۆشنبیریی منال تایبەتمەندی خۆی هەیەو پێویستە رۆژنامەوانی منالان لایەنی پەروەردەیی و دەروونی و هونەری منال رەچاو بکات و ببێ بە پردێکی ئەمین بۆ منال.

هەڵبەتە نووسین بۆ منال، هونەرێکی یەجگار حەساسەو لەناو کوردەواریدا یەجگار تازەیەو دەتوانم بڵێم هێشتا بە تەواوی نەچەسپیوەو ئەو هەوڵ و تەقەلایانەشی کە بە شێوەیەکی پەراگەندە دراون، یاساو رێساو داب و نەریت و بناغەی پتەویان بەرهەم نەهێناوە.

گوتمان پرۆسەی نەشونمای منداڵ پرۆسەیەکی بەردەوامەو بە قۆناغی جیاوازدا تێدەپەڕێت، هەر قۆناغە

تایبەتمەندی خۆیو ئاراستەی خۆی هەیە، ئەمەش وا دەخوازێ منالّ بە ناچاری لە هەر قۆناغێکی تەمەنیدا، گۆڕانێك بەسەر هەڵسو کەوتی خۆیدا بێنێو سەر لە نوێ پەیوەندییەکانی ڕێك بخاتەوە.. جا بەم پێیە ڕۆشنبیراندنی منالّ مانای وا نییە گەورە بێت هەرچی زەخیرەی ڕۆشنبیریی گشتی هەیە بە زمانێکی هەندێ سادە بئاخنێتە مێشکی منالەوە، بەڵکو دەبێ ئەو شتانە بخەنە بەردەستی منالّ کە قۆناغی تەمەنی منالّ دەیخوازێو لەگەلّ توانا و پێداویستییەکانی منالّدا دەگونجێت. هەر چەندە سەردەمی منالّیی بۆ خۆی سەردەمێکی سەربەخۆیە، بەلاّم قۆناغی خۆیشی هەیە، تایبەتمەندیو توانا و پێداویستی منالّ لە قۆناغێکی منداڵییەوە بۆ قۆناغێکی دی دەگۆڕێ، پسپۆڕانی بواری منالّناسی، تەمەنی زەمەنی منالّیان کردووە بە پێوەرو پێوانەی تەقریبی بۆ ئەو قۆناغە جیاوازانەو چوار قۆناغیان دیاری کردووە:

١- قۆناغی یەکەم: (٠- ٧ سالاّن)
٢- قۆناغی دووەم: (٦- ٨ سالاّن)
٣- قۆناغی سێیەم: (٨- ١٢ سالاّن)
٤- قۆناغی چوارەم: (١٢- ١٧ سالاّن)





هەڵبەتە کۆمەڵگە بەشەرییەکان بە تەجروبە ئەوەیان کەشف کردووە، کە گوێزانەوەی ڕۆشنبیریی میللەتان بۆ منالاّنیان نابێ بە ڕێککەوت بسپێردرێت، بەڵکو بەرنامەو سەرپەرشتی تایبەتی دەوێت، بۆیە هەر میللەتێك بە شێوازی خۆی سەرپەرشتی پەروەردەکردنی منالاّن دەکاتو دەیەوێت دەنگی خۆی لە منالاّندا بڕوێنێ تا لە ئایندەدا بەر بگرێو لە ڕێگەی منالاّنەوە کە کلیلی ئایندەیان لە دەستە درێژە بە بوونی مەعنەوی خۆی بدات. ئیدی منداڵیش لە میانەی پرۆسەی پەروەردەی کۆمەلاّیەتیو ڕۆشنبیرییەوە شیلەی ڕۆشنبیریی کۆمەڵگەی خۆی وەردەگرێتو ئاوێتەی ئەزموونو دابو نەریتو بەهاو فیکرو ڕەگەزەکانی دیکەی ڕۆشنبیریی سەردەمی خۆی دەکات. ئیدی بەدەم گەشەکردنەوە، قۆناغ بە قۆناغ پەیوەندییەکانی پەرە دەسەنێو لە ڕێگەی کەناڵەکانی ئەو پەیوەندیانەوە کۆمەڵگەو خۆیو خەڵکی پتر دەناسێتو دەکەونە ژێر کاریگەری خێزانو قوتابخانە... هەڵبەتە خێزانو قوتابخانە وەکوو دوو ژینگەی سنووردار دەرەقەتی گوێزانەوەی ئەو دنیا هەرە فراوانو تازە بوونەوەو گۆڕانە بەردەوامەی ڕۆشنبیرییو ئاڵۆزانی ژیانی کۆمەلاّیەتیو ڕەوتو ڕێچکە جیاوازەکانی ژیان نایە، ئیدی دامو دەزگای ڕۆشنبیرییو ڕۆژنامەوانیو ڕاگەیاندن، لە ڕێگەی چاپەمەنیو

بلاّڤۆك و فیلم و فیلمی کارتۆن و بەرنامەی رادیۆیی و تەلەفزیۆنی تایبەت بە مندالآن، شان بە شانی خێزان و قوتابخانە کەوتنە بایەخدان بە مندالآن و گوێزانەوەی رۆشنبیریی بۆ منالاّن.

بێگومان رۆژنامەوانی منالاّن رۆڵێکی گرنگ لە پرۆسەی رۆشنبیراندن و پێکهێنانی کەسایەتی منالّ دەبینێ، چونکە ئاراستەیان دەکات، فێریان دەکات، کەسایەتی و زەوق و سەلیقەیان پەروەردە دەکات، زمانیان دەوڵەمەند دەکات، خەیاڵیان پاراو دەکات، حەزو ئارەزوویان پەروەردە دەکا، هەڵبەتە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی رۆژنامەوانی مندالّ، لەپالّ وشەدا، وێنەو رەنگە. ئاشکرایە هەر بلاّڤۆکێکی منداڵان وەکو ئەوزارێکی گەیاندن و راگەیاندن زمانی منداڵ دەوڵەمەند دەکات، چونکە خوێندنەوە پرۆسەیەکی زهنییەو بەبێ مانای زمانەوانی مەیسەر نابێت، فێر بوونی مانای وشەش کلیلی کردنەوەی رەمزە نووسراوەکانە بۆچوونە ناو دنیای مانای وشەو زمان، جا تا سەرو سەختی منالّ لەگەڵ زماندا زیاتر بێ، زەخیرەی زمانەوانی زیاد دەکات و بەرە بەرە ئاستی گوزارشت کردنی منالّ بەرز دەبێتەوەو ئاشنای هزرو شێوازی هەمەرەنگ دەبێت و ئەمەش دێتە سەر ئەزموونی خۆی و بەرە بەرە توانای ئەوەی لەلا پەیدا دەبێت گوزارشت لە ناخی





خۆی و بیری خۆی بکات و بیروبۆچوونەکانی خۆی دابڕێژێتەوەو بە وشەو زمانی بسپێرێت.

واتە خوێندنەوە بازنەی زانیاری منالّ فراوان دەکات و گەلێك راستی و زانیاری لەمەڕ خۆی و ئەو ژینگەو دونیایەی کە تێدا دەژی پێ دەبەخشێت کە رەنگە بە تەجروبەی شەخسی یان بە ئاسانی پێی نەگات، واتا خوێندنەوەی جدی لەو رووەوە رێگاکانی بۆ قەدبڕ دەکات. ئەمە جگە لەوەی خوێندنەوە چاوی منالّ دەکاتەوەو گیانی رەخنەگری لەلا دروست دەکات و پێم وایە ئەو منالاّنەی دەخوێننەوەو بەپێی بەرنامە موتالاّ دەکەن، لە قوتابخانەشدا لەو منالاّنەی کە ناخوێننەوە وریا ترو زیتەڵەترو چاوکراوەترن.

هەڵبەتە دەبێ دان بەوەدا بنەین کە منالّی کورد، لە رووی ژمارەی رۆژنامەو گۆڤارو بلاّڤۆکی منالاّنەوە، لە چاو منالاّنی وڵاتانی پێشکەوتوودا هەر هیچی بۆ نەکراوە، دیارە ئەمە حالّەتێکی زۆر خراپەو جگە لەوەی زادەی ئەو بارە سیاسییە دژوارەیە کە کوردی تیدایە، نیشانەی ئەوەشە کە ئاستی هۆشیاری گەورە سەبارەت بە بایەخ و گرنگی منداڵ زۆر نزم و لاوازە، جا بەندە لە بواری کاری رۆشنبیریی خۆمدا، منالّم فەرامۆش نەکردووەو زۆر کارم لەو بوارەدا کردووەو ئەم

***چیرۆکانە، یەکێکە لەو کارانەمو وا لێرەدا پێشکەش بە منداڵانی کوردی دەکەم، هیوادارم بە دڵیان بێ.***

## ١- باشترین هاونشین

منداڵە ئازیزەکان..سڵاو

دەزانن نزیکەی پەنجا ساڵێك بەر لەمرۆ منیش وەکو ئێوە منداڵ بووم.من قوتابخانەم زۆر لاخۆش بوو.ئەگەر رۆژێك پشووبوایە خواخوام بوو زوو تەواوبێت و بچمەوە بۆ قوتابخانە..رێزی مامۆستاکانم دەگرت..نازانم ئێوەش وان یان نا؟!

هەندێ جار کە دەرس تەواو دەبوو،چەند دەقیقەیەك بۆ پشوو دەما،مامۆستا هەم بۆ مژولکردنی ئێمەو هەم بۆ ئەوەی خولیای خەیاڵی ئێمەی منداڵ کەشف بکات ئەم پرسیارەیان لە هەندێ قوتابی دەکرد:





– ئەگەر گەورە بیت دەتەوێ ببی بە چی؟

ئیدی هەر منداڵەو بە خەیاڵی خۆی وەڵامێکی دەدایەوە.هاوپۆلێکمان هەبوو ناوی مەهدی بوو.کە مامۆستا ئەو پرسیارەی لێکرد،وەڵامی دایەوە:

– دەمەوێ ببم بە عەسکەری سەر تۆپ.

وڵامەکەیم نەچووە ئەقڵەوە.نازانم بۆ؟ ئەوسا وەکو ئیستای ئێوە منداڵ بووم،لە خۆمەوە وەڵامەکەیم بە دڵ نەبوو..هەڵبەتە هۆیەکی پەنامەکی هەبوو،بەڵام بۆم هەڵنەدەهات..بەڵام ئیستا دەیزانم، پێتان بڵێم؟! نا..نا،خۆتان بیربکەنەوەو هەڵیبێنن..

جا مەهدی بۆ نەگبەتی مەکتەبی تەواو نەکرد.بەڵام ئاواتەکەی هاتە دی.بوو بە عەسکەری سەرتۆپ!..

چەندم حەزدەکرد مامۆستا ئەو پرسیارە لە منیش بکا..خواوڕاسان رۆژێك پرسیارەکەی لێکردم.هەرهات بە زارمداو وتم:

– مامۆستا دەمەوێ ببم بە نووسەر..

مامۆستا گوتی:

– ئافەرین،دەی چەپڵەیەکی قایم قایمی بۆ لێدەن..

لە دڵی خۆمدا گوتم:دیارە نووسەریی کارێکی چاکە،دەنا بۆچی چەپڵەم بۆ لێدرا!..

کە زەنگی ڕۆیشتنەوە لێدرا،ئاقڵ و ئاغر جانتاکەم هەڵگرت و بەسەر شۆستەکاندا بۆ ماڵ گەڕامەوە..بە دەم ڕێوە بیرم لە وەڵامەکەی خۆم دەکردەوەو لە بن لێوانەوە دەمگوت:ئاخر هەی سەرخڕ ئەم وەڵامە زلە چی بوو بە دەمتا هات!.خۆ تازە وەعدت دا،وەعدت بە مامۆستا دا،لە بەردەم هەمو قوتابییەکاندا وەعدت دا،شەرمە ژێوان ببیتەوە.ئەی خوایە چیم بەخۆم کرد؟! چۆن وەعدەکەت ببەیتە سەر؟!

بۆ سبەینێ،مامۆستا لێی پرسیم:

– ها نووسەری چکۆلە لەسەر وەعدی خۆت ماوی؟!

هەستامە سەر پێیان،گوتم:

– بەڵێ مامۆستا گیان.

مامۆستا جانتاکەی کردەوە،قەڵەمێکی جوان و گۆڤارێکی ڕەنگاو ڕەنگی دەرهێناو دایمێ.

گوتم: مامۆستا،ئاخر ئاخر ،چۆن بەبێ پارە دەبێت!..

گوتی: نا،ئەمە دیاریی منە،دیاریی پارەی نییە.

مامۆستای ئەوسا زۆر دڵسۆزبوون،نازانم هی ئیستا وان یان نا؟! هەقە باشتربن..

لە ماڵەوە کەوتمە خوێندنەوەی گۆڤارەکەم.هەر هەموویم دەورکردەوە..زۆر شتی لێوە فێر بووم.ئیستاش هەڵمگرتووە، دیاریی ئازیزە..ئیدی بەرەبەرە گەورەو گەورەتر دەبووم،زیاتر





دەبووم بە هاوڕێی گۆڤارو کتێبان.دەزانن کتێب باشترین هاوڕێیە.

جا با زیاتر سەرتان نەیەشێنم، ئیستا خەڵکانێك بە من دەڵێن نووسەر!..منیش هیچ لە خۆم ڕازی نیم، نازانم وەعدەکەی خۆم بردووەتە سەر یان نا! دەزانن کام وەعد؟ ئەو وەعدەی کە بە مامۆستام دابوو گوایە دەمەوێ ببم بە نووسەر..جا من وا ئەم نووسینەم دەخەمە بەر دەستی ئێوەی ئازیز.ورد ورد بیخوێننەوە،بزانن ئاخۆ وەعدی خۆم بردووەتە سەر،بووم بە نووسەر؟! ئەگەر ئەمە نووسین بێت ئەوا دەیکەم بە دیاریی بۆ مامۆستا لەتیف گیان کە ئەوسا ئەو قەڵەم و گۆڤارەی بە دیاری دامێ..دەزانن دیاریی زۆر خۆشە،مەحەبەت وخۆشەویستی زیاد دەکات..دەزانن پەیامی نووسەریش تەنیا بڵاوکردنەوەی مەحەبەت وخۆشەویستییە..دڵ و دەروون بە مەحەبەت ئاوەدان دەبێتەوە،بە قەد هەموو دنیا گەورە دەبێت..بەڵام ڕکونی دڵ و دەروون تەنگ دەکات،بە قەد کونی دەرزییەکی لێدێڵێتەوە..بۆ ئەوەی لە هەر ڕقێك پاك ببیتەوە هەمیشە راستی بڵێ..خودایا،لە ڕکونی بە دوورمان بکە، ڕکونی ژەهرە،خۆرەیە دەداتە گیان و دڵ. خودایا ڕق بە ڕق پاك نابێتەوە..خودایا،لە ڕکونی بە دوورمان بکە..

دەی بەسە هیلاك بووم.. لە بیرتان نەچێت ئەگەر بووم بە نووسەر چەپڵەیەکی قایم قایم بۆ لێدەن..قەیناکات ئەگەر نەشتان بینم گوێم لێتان دەبێت،گوێی خەیاڵ زۆر سووکە...ئەگەر نەشبووم بە نووسەر، ئەوا ئەدرەسەکەم بدۆزنەوە، ئاسانە هەر لەم کوردستانە ئازیزەم،قابیلە بۆ کوێ دەچم،لە ولآت شیرنتر هەیە؟!ئا، گلەیی نامەم بۆ بنێرن..خەمتان نەبێت لێتان زیز نابم..

## ٢- نەخشە

ئەم ئێوارەیە لە ماڵەوە دانیشتبوو، سیما خەمبارو نیگا تەماوی.. مەگەر هەر خۆی بزانێ بیری لە چی دەکردەوە، لەپڕ شێرزادی کوڕی وەژوورکەوت. ئەتڵەسێکی بە دەستەوە بوو، بێ چ قسەیەك دەمەو روو پاڵ کەوت کەوتە هەڵدانەوەی پەڕەکان، نیگای بابی لەگەڵ هەڵدانەوەو دادانەوەی لاپەڕەکاندا دەهاتو دەچوو، خورپەیەکی شادی بەدڵیدا گەڕا، سیمای تۆزێ گەشایەوە لە دڵی خۆیدا گوتی:

((ئەمساڵ پۆلی دووی ناوەندییە، هەشت ساڵی دی دەوێ تا خوێندن تەواو دەکاو پێدەگا، هەیهو... زۆرە! بەڵام بۆ کەسێ





نەمرێ، هەشت ساڵ پێچی مێزەرە، خۆزیا منداڵێکی دیشمان هەبوایە، باشتر منداڵێك کەمتر تەمەنێك ئاسوودەتر.. خانووم هەیە، ئۆتۆمبێلم هەیە، ژیانم خراپ نیە، خۆ دوکانەکەم لە هەمووی چاکتر، هەرنەبێ دەتوانێ ببێ بەدوکانداروخۆی بژێنێ. هەموو ئەمانە بۆ ئەم دەمێنێتەوە، ئیدی یاسای ژیان وایە: نەوە بەنەوەی دەسپێرێ...))

شێرزاد لە نکاو ئەتڵەسەکەی بە توڕەیی داخستەوە، بەرزی کردەوەو بەتوندی بەعاردی دا دایەوە، تاتوانی شەپێکی بە بەرگەکەیدا کێشا، پەنجە باریكو ناسکەکانی بەسەردا بڵاوکردنەوە، پەنجە کەڵەی بە زمان تەڕکرد. بە تووڕەیی کەوتەوە هەڵدانەوەی پەڕەکانی، لە ئاستی هەر پەڕەیەکدا هەڵوەستەیەکی دەکردو تفێکی خەستی لێ دەکرد. هیچ نەخشەیەکی نەبوارد، نەولآتانی عەرەب، نەولآتانی ئیسلامیو نە ئەورووپاو نە ئەمریکا. کە تەواو بوو وەك یەکێك داخێکی گەورەی هەڵڕشتبێ هەناسەیەکی هەڵکێشا... نیگایەکی پرسیاراوی بابی کرد. بابی گوتی:

- ئەوە بۆ ئەو نەخشانەت تف باران کرد رۆڵە؟
- بۆ؟!
- ئەدی نازانی خاوەنانی ئەو نەخشانە زویر دەبن؟
- کێ خاوەنیانە؟

– هەریەکەیان هی وڵاتو میللەتێکە.

– باشە ئێمە میللەت نین؟!

– با...

– ئەدی بۆ نەخشەمان نیە؟!

بابی هەندێ داما، لە فکرانڕاچوو، بیری بە هیچ کوێڕا نەگەیی، ئەوجا شێرزاد هەڵی دایێ:

– دەبا من پێت بڵێم بابە.

بابی تۆزێ گەشایەوەو گوتی:

– ئادەی شێرۆ گیان، بڵێ.

– چونکە ئەو وڵاتو میللەتانەی کە تۆ دەیڵێی زویر دەبن، نەخشەکەمانیان دزیوە.. ئێستا زانیت بۆ ئەو نەخشانەم تف باران کرد!

## ٣- ئاخ وەتەن

ماڵی نەوزاد لە قەراخ شار بوو، هەموو رۆژێ بە پێیان هاتوچۆی قوتابخانەی دەکرد.رۆژێک لە گەرانەوەدا مەلێکی بچووکی گرت، شاد و بەکەیف لەگەڵ خۆی بردییەوەو لە قەفەزی نا..دان و ئاوی بۆ دانا.نەوزاد زۆر نازی باڵندەکەی دەکێشا..کەچی باڵندەکە رۆژ بە رۆژ کزتر دەبوو، سەری وەبن





باڵی دەناو خەمگین و بێتاقەت هەڵدەکورما، ناوە ناوە لەپڕ وەکو یەکێك لە خەونێکی ناخۆش بێدار ببێتەوە ڕادەچڵەکی و جوکە جۆکێکی غەمگینی دەکرد و لە جێی خۆی مت دەبووەوە.

نەوزاد سەری لەمە سوڕمابوو. لە دڵی خۆیدا دەیگوت: خۆ زۆر نازی دەدەمێ، لە هیچی کەم نییە، کەچی هەمیشە خەمبارو بێتاقەتە !!

بریری دا هۆی ئەمە لە بابی بپرسێت. رۆژێك بابی لە ماڵ بوو، باڵندەکە لەپڕ راچڵەکی و جوکە جوکێکی کرد. نەوزاد تۆزێ گرژییەوەو بە بابی گوت:

–بابە ئەم تەیرە دەڵێت چی؟

بابی نەوزاد پیاوێکی دنیا دیدە بوو. دەردی باڵندەکەی دەزانی. تۆزێ راماو گوتی:

– دەلێت ئاخ وەتەن !

– ئاخ وەتەن یانی چی؟!

– یانی بە زیندان رازی نییە، بری وەتەنی خۆی دەکات.

– وتەنی خۆی لە کوێیە!؟

– ئەگەر بەرەڵای بکەیت و شوێنی بکەوی دەیزانیت.

نەوزاد، باڵندەکەی بەرەڵاکرد. لەگەڵ بابیدا شوێنی کەوتن. لەسەر بنچکە درکێك نیشتەوە. بای باڵی خۆی دا و هەڵیکردە خوێندنێکی بەسۆز..نەوزاد گوتی:

- بابە دەڵێت چی؟!

بابی بزەیەکی شیرینی بە روویدا داو گوتی دەڵێت:

- ئۆخەی وەتەن!!

ئەوجا دەستێکی بەسەر نەوزادا هێناو گوتی:

- ئەدی چۆن ڕۆڵەی شیرینم ، وەتەن ئەگەر بنچکە دڕکێکیش بێت هەر شیرینە .

## ٤- کۆلارە

مریشکێکی بێوەی، لەگەڵ جوجەڵەکانیدا لە کەنار چۆمێکدا بە ئاسوودەیی دەژیا، گشت ڕۆژێك پاش گەڕان و دانەوێڵە خواردن لەگەڵ خۆر لە زەردەی ئێوارەدا بۆ پەناکەی خۆیان دەگەڕانەوە، لە نێو جوجوڵەکان دا، جوجەڵەیەکی سورخنی زیتەڵە هەبوو، دایکی زۆری کەیف پێ دەهات، مقۆ مقۆ کەوتە ئەو هەرێمە کە کۆلارەیەك پەیدا بووەو مرخی لە هەموو پەلەوەرە بێوەیەکان خۆش کردووە.





مریشکە رەشە، هەواڵی مەرگی یەکێك لە بێچوەکانی پوورە مراوی دراوسێی بیست و ویستی بچێت بۆ پرسەو سەرخۆشی... جوجەڵەکانی خڕکردەوە:

- وەرن ڕۆڵەکانم، من دەچم بۆ پرسەی پورە مراوی..

جوجەڵەیەکیان، بەسەرسامیەوە گوتی:

- پرسەی چی دایکە؟!

- ئەدی چۆن گیانی دایکە، کۆلارەی ناجسن هاتۆتە سەریان و ورگی یەکێکیانی هەڵدڕیوەو کوشتویەتی، جا وامن دەچم بۆ ئەوێ، ئێوەش ئاگاتان لە خۆتان بێ لە یەکدی جودا مەبنەوە، زۆریش دوور مەکەنەوە.

هەموو بای باڵی خۆیان داو گوتیان:

- بەسەرچاو دایکە، بڕۆ خوات لەگەڵ.

مریشکە ڕەشە کەوتە ڕێ، بەڵام بیری هەر لای بێچوەکانی بوو، لە دڵی خۆیدا دەیگوت: زۆر دانانیشم، زوو دەگەڕێمەوە.

هەر کە دایکیان دوور کەوتەوە. جوجەڵە سورخنە زیتەڵەکە رووی کردە خوشك و براکانی:

- ئازیزان، وەرن با ئێمە ترسنۆك نەبین، باتۆڵەی بێچوەکەی پورە مراوی بکەینەوە.

هەموو لێی هاتنە پێشێ و گوتیان:- چۆن؟

- پرسیارەکەتان بەجێیە، من رایەکم هەیە جا نازانم ئێوە پەسندی دەکەن یان نا؟
هەموو گوتیان:- فەرموو رایەکەت بڵێ.
گوتی: تۆڵە بێ قوربانی نابێ، ئەو کۆلارەیە تەنیا دوژمنی مراوی نیە بەڵکو دوژمنی ئێمەشە.
هەموو کەوتنە جوکە جوکو گوتیان- راستە ئەمڕۆ ئەوبوو، سبەی نۆرەی ئێمەیە.
جوجەڵە سورخنەکە لەسەر قسەکەی رۆیی:
- با هەموو بچینە مەیدانەکەو دەست بە گەمەو وازی بکەین، کۆلارە چاوی پێمان دەکەوێو پەلامارمان دەدات!
جوجەڵەکان کە گوێیان لە وشەی پەلامار بوو ترسیان لێ نیشت. هەندێکیان گوتیان:- ئێمە نایەین بۆ یاری لێرە دەمێنینەوە!
هەندێکیان گوتیان:- ئێمە دێینو لە تۆ جیانابینەوە، ئەدی دایکە نەیگوت لە یەکدی جیا مەبنەوە!
جوجەڵە سورخنەکە گوتی:- هەرکە پەلاماری داین، هێندەی بتوانین خۆمان دەپارێزین، بەڵام رەنگە یەک- دوانێکمان بمرین. جا گرینگ نیە هەرکاممان بین...
جوجەڵەکان هەموو رازی بوون، هێندەیان یەکتر خۆش دەویست هەرکە ناوی مردن هاتە گۆڕێ هەموو یەکیان گرت،





هەریەکەیان حەزی دەکرد خۆی بمرێ، بەڵام مەرگی خوشکو براکانی نەبینێ، رۆیشتن بەیاریەوە خلافان.. لەپڕ کۆلارەی نەگریس پەیدا بوو هەموو لە ترساندا سەریان بەیەکدا کرد.
جوجەڵە سورخنەکە بە دەنگێکی دلێر گوتی:- مەترسن، خۆتان مەشڵەژێنن..
کۆلارەی ناڕەسەن، لەگەڵ، یەکەم پەلاماردا یەکێکی لێ بردن بە حەوادا، کە هەستی کرد بێ خاوەننو دایکیان لەوێ نیە، تەماح گرتی ئەوجا هات لە ناویان دا نیشتەوە، هەموو جوجەڵەکان چاویان بڕییە، جوجەڵە سورخنەکە، لە دڵی خۆیان دا دەیانگوت: ((ئاخۆ چۆن تۆڵە دەکاتەوە، ئاخۆ چ تەگبیرێکی پێ بێ؟!))
لەو کاتەدا کۆلارەکە خۆی بادەداو چاوی دوژمنایەتی تێ دەبڕین، جوجەڵە سورخنەکە لێی چووە پێشەوەو گوتی:
- بەخێر بێی قوربان فەرموو ئەمرکە،کام جوجەڵەت بەدڵە بابۆت سەربڕینو سوری بکەینەوە.
کۆلارەکە بزەیەکی هاتیو گوتی:- ئەدی کوا دایکتان؟
جوجەڵە سورخنەکە گوتی:- دایکمان قەزاو بەلای تۆی بردووە، دەمێکە مردووە، خۆ ئەگەر تۆ بێیو ببی بە گەورەمان زۆر مەمنوون دەبین.

کۆلارەی لە خۆبایی گەوج، زۆر کەیفی بەمە هات، پشتی لێ کردەوەو بە فیزێکەوە قەڵەوترین جوجەڵەی دەست نیشان کردو گوتی:

– ئا ئەو نەرمۆڵەیەم بۆ سەر ببڕەو سوری بکەوە.

جوجەڵە سورخنەکە خۆی هەڵکرد، بەمی گوت چەقۆ بێنە، بەوی گوت ئاگر خۆش بکە، بەوی گوت ئاو بێنە... ئەوجا دۆشەکێکی پەڕی نەرمی بۆ کۆلارەکە هێناو گوتی:

– فەرموو قوربان.. تۆش لەسەر ئەم دۆشەکە نەرمە پشویەك بدە، ئەمە هی دایکی رەحمەتیمانە، فەرموو تۆ ماندویت، سەرخەوێ بشکێنە تا خواردنەکە پێ دەگا.

کۆلارەکە لێی راکشا چووە ژێری، خەوی بە گۆشتی سوورەوە کراوەوە دەبینی! مریشکە ڕەشە بە گارەگار لە دوورەوە دەرکەوت، جوجەڵە سورخنەکە بەگوێی یەکێك لە جوجەڵەکانیا چپاند:

– بڕۆ بڵێ دایکە گارەگار مەکەو فریامان بکەوە، ئەم حاڵەی بۆ بگێڕەوە، کۆلارەکە ماندوو بوو هەر زوو خەوی لێ کەوت، خەوی بە گۆشتی سورەوە کراوەوە دەبینی.. بەدەم خەوەوە وڕێنەی دەکرد، گەر باش سورنەکرابێتەوە هەموویان دەخۆم، ورگیان هەڵدەدڕم.





لە کاتێکدا کۆلارەکە ئەم وڕێنانەی دەکرد، مریشکە ڕەشە گەییە سەری و پەلاماری دا، تاتوانی دەنوکە تیژەکەی لە گلێنەی چاوی چەقاند، کۆلارەکە کاتێکی بە خۆزانی دنیا لەبەر چاوی تاریك بوو بوو، بەچوار دەوری خۆیدا وەك مزراح دەخولایەوە، ئەوجا هەموو پەلاماریان داو گیانیان لەبەر بڕی.

جوجەڵە سورخنەکە چووە سەر کەلاکی کۆلارەکەو گوتی:

– ئا ئەمەیە ئەنجامی تەگبیرو قوربانی دان.

پاشان هەموو کڕنۆشیان بۆ گیانی برا شەهیدەکەیان بردو مژدەشیان بە پورە مراوی دا....

## ٥- ڕاوچی

ئەورەحمانی راوچی، ئەو بەیانیە لە خەو هەستا، چاوێکی بە ئاسماندا گێڕا، ڕۆژەکەی ڕۆژێکی بەهاری خۆش بوو بە هەمینی ژنی گوت:– ئافرەت توێشەبەرەیەکم بۆ بپێچەوە دەچمە راوێ.

هەمین، توێشەبەرەی بۆ پێچایەوە، ئەویش نان و چای خوارد، توێشەبەرەی لە پشت بەست، ساچمە زەنی لە شان کرد، تاژی بۆری رستکردو کەوتە رێ، لە دڵی خۆیدا بیری دەکردەوە کە چۆن نێچیرێکی خرت و قەڵەو دەگرێ. بەکۆڵیدا دەداو بۆ نێو گوند دەکەڕێتەوە خۆی بە نێچیرەکەیەوە بادەداو دەنوێنێ. خێرا خێراش مژی لە جگەرکەی دەدا، لە گوند وەدەرکەوت گەییە سەرباسکێك، هەڵوەستەیەکی کرد، زەینی قەدپاڵ و نێو دۆڵەکانی دا، لەدوورەوە کەروێشکێکی بەدی کرد، مەزەندەی لێگرت لەبەر خۆوە گوتی:– دوورە، باوەڕناکەم بیپێکم، ئەدی تاژی بۆرم بۆ چییە؟

کەوتە پارێزی بەدزە دزە خۆی نزیك خستەوە لە دڵی خۆیدا گوتی:– جا ساچمە زەن بۆ! هەر گوناحیشە! ئەدی تاژی بۆر بۆ رۆژێکی وەها نەبێ بۆ چ باشە؟

تەواو نزیك بووەوە، کەروێشکەکەی بۆ تاژی بۆر دەست نیشان کرد، رستەکەی لەملی کردەوەو دەی لێکرد..

تاژی بۆر تاوی دایێ بە چەند قەڵەم بازێ تەنگی پێ هەڵچنی.. هالێرە هالەوێ لەم پەلامارو لەو راکردن و گوژم بردن، لە ئەو رەحمان دوور کەوتنەوە، کەوتنە نەدیوی.. ئەو رەحمان بە هانکە هانك کەوتە شوێنیان، لەودیوەوەش کەروێشکەکە تەواو هیلاك بووبوو بە تایبەتی تاژی بۆر بەری هەورازی لێ گرتبوو و





بەرەو نشێوی تاو دەدا، ئاخر کەروێشك چونکە دەستی کورتن لە نشێویدا وەزعی شڕە، هەستی کرد لە پەلاماری تاژی بۆر ناخەلەسێ.. لە فکران راچوو: "خۆ ئەو غەدار بابە هەر دەمگرێ واچاکە بە کوشتی بدەم، بەڵکو هاوڕێکانیشم دەحەسێنەوە..."

لە جێی خۆی وێستا رووی کردە تاژی بۆر:

– قوربان تۆ هەر دەمگری دەمگری، جابەر لەوەی بمکوژیت حەزدەکەم دوو قسەت لە خزمەتتاندا بکەم.

تاژی بۆر هێندەی دی بای چووە کەوڵەوە، بە پۆزلێدانی دەسەڵات دارێکەوە گوتی:

– قسەی خۆت بکەو چ شتێ لە دڵی خۆت دا مەهێڵەوە.

کەروێشکەکە گوتی:

– تۆ بەخۆڕایی خۆت هیلاك دەکەیت ئەم راکردن و هەڵپەیەت بێ ئەنجامە.

تاژی بۆر تووڕە بوو و گوتی:

– چۆن؟

کەروێشکەکە بێباك و بێدەربەست گوتی:

– تۆ بۆ بێگانە رەنج دەدەی، بۆ زەوت کردنی ئازادی منی بێ گوناح، بۆ زیاتر دیل کردنی خۆت غار دەدەی، بەمە دەڵێن

بێگانە پەرستی، ئەنجامی بێگانە پەرستیش قەت چاك نەبووەو نابێ.

تاژی بۆر نەڕاندی:

– ئەدی تۆ، هەی قسە زل!

کەروێشکەکە گوتی:

– من بۆ خۆمو لە پێناوی ئازادی خۆدا غار دەدەم، بۆیە مردنی من گەلێك لە ژیانی تۆ سەربەرزانەترە.

تاژی بۆر دەهری بوو.. بەرچاوانی تاری بوو، ویستی پەلاماری کەروێشکەکە بدا، کەروێشکەکە قیژاندیو گوتی:

– ئەگەر وانیەو راست دەکەی بۆ خۆتم بخۆ، مەمدە دەست ئاغا دڵ رەقەکەت.. دەی بزانم دەتوانی؟

تاژی بۆر کە دیقەتی کەروێشکی خورتو قەڵەوی دا تەماح گرتی، ئاو زاییە دەمیو لە دڵی خۆیدا گوتی:" من لەوەتەی هەم بۆ ئەم کابرایە راو دەکەم، لە ئێسقانو پێست زیاتری نەداومەتیّ، با ئەمجارەیان ئەم نێچیرە بۆ خۆم بخۆم.. وەفای ئاغاشم تاقی بکەمەوە.."

پەلاماری کەروێشکەکەی دا، یەك- دوو سەر بەتوندی رایوەشاندو گیانی لەبەر بڕی. بۆی وەرکەوتو سەری تێژەند. ئەو رەحمان پاش قەدەرێك لە ئاسۆگەکە بەسەرکەوت. سەیری کرد تاژی بۆر نیوەی کەروێشکەکەی خواردووە. کە ئەمەی





بینی بەرچاوی تاری بوو. ساچمە زەنی سوار کردو لەگەڵ یەکەم شریقەدا، تاژی بۆر پەلەخوار بووەوە.

بەدەم ئازاری گیان دەرچوونەوە، قسەکانی کەروێشکەکەی بیر کەوتنەوە: (تۆ بۆ بێگانە رەنج دەدەی.بۆ زەوت کردنی ئازادی منی بێ گوناح، بۆ زیاتر دیل کردنی خۆت غار دەدەی.. ئەمە بێگانە پەرستییە، ئەنجامی بێگانە پەرستیش قەت چاك نەبووەو نابێ).

## ٦- کانییە قارەمان

قارەمان، هەمیشە ماتو بێدەنگ، سیما خەماویو نیگا نیگەران بوو. گیانی بەوە بوو شوانێکی هەردە وێڵ بوو. خەمی خۆی بۆ گوڵ، دەشت، چیا، با، هەور، باران، هاوین، پاییز، زستانو بەهار هەڵدەڕشت.. بۆ تەیرو تو، سەرچاوەو کانیاوو زنە هەڵدەڕشت. خەمو کەسەری خۆی بە گەروی بلوێردا دەکردو بەدەم شنەی باوەی دەدا. ئیدی بۆ کوێ

دەڕۆیی، دەگییە کوێ؟! بەلای ئەمەوە گرینگ نەبوو. خەمێکی گەورەی لە دڵ بوو. لەوەتەی هاتبووە ئەم گوندە، ئەو خەمەی توش بوو بوو. دەنا جاران بە هەمان سادەیی سروشتەوە پێشوازی لە ژیان دەکرد..

– زۆر چاکە، ئێمەش بێ شوانین. مردوو لەوەی پاکتر ناشۆرێ. بەڵام تۆ پێت نە گوتین نێوت چییە کوڕی باش؟

کەمێك داما، سەری داخست. چاوانی پڕ غوربەتی هەڵێناو لەبن لێوانەوە گوتی:

– قارەمانی برا بچوکتان.

– بەخێرێی، هیوادارین، نێوەکەت بە خەسار نەدەی!

لەو ڕۆژەوە کە کاری شوانی لەم گوندەدا گرتە دەست، هەستی بە گۆڕانێکی گەورەکرد. گلەیی و گازاندەی لە خۆ دەکرد: "دەك زارت بەبڕین چێ! ناو نەما قارەمان نەبێ! ئاخر تۆو قارەمانی کوجا مەرحەبا! دەك زارت بەبڕین چێ وەکو ئەم پەندەت بەمندا.."

گوند چی گوند! دەتگوت بە هەشتی خوایە.. کانی و ئاوێکی سازگاری لە داوێن بوو. سارد وەکو سەهۆڵ. شیرین وەکو هەنگوین، خەڵکی گوند لە سایەی ئاوی زۆری کانییەکەدا حەسابوونەوە. هەموو تەباو کۆك، سەرگەرمی باخ و باخات و مالات بەخێو کردن بوون. هەموو چوست و چالاك ژیانیان





لێدەچۆڕا. رووت دەکردە هەر کۆییەك سەلای پێکەنین و ستران و گۆرانی بوو. خەڵکی هەموو کەیف کۆك و لە نێو خۆدا سازگار، لەتۆ وایە کانی و ئاوەکەن و بەدەم سروشتەوە دەگرژێنەوە. کێ بێ لە بەهەشتا خەمبار بێ! قارەمان، دڵی بەهیچ نەدەکرایەوە. نەسێوە لاسورە، نەمیوەی هەمەجۆر، نە بەهێی زەردو بۆن خۆش، نە دیمەنی کەژو کێوان، نەباخی رازاوە، نەبارەی غوربەت مژی پەزوران، نەباعەی نەشئەبەخشی بەرخەل. نەتریقەو پێکەنینی شۆڕە بێرییان، نەتەبایی و برایی مرۆڤان. نەخۆڕەی قەڵبەزەی ئاو، نەنێسکەو کۆڕژنی ئەسپی کە حێلان، نەداگەڕانی درەنگ وەختی ئاسکی کێوان بۆ سەر کانی و ئاوەکە. نەنیشتنەوەی پۆلە مەلانی دەشت و چیا، ئەمانە هیچیان دڵی قارەمانیان نەدەکردەوە. خەمێکی لە دڵدا بوو بلوێرەکەش پێی نەدەوێرا. زۆرجار دەیویست شوانییەکەی بە نیوە چڵی بەجێ بێڵێ و سەری خۆی هەڵگرێ و بڕوا، بەڵام..

– .. هیوادارین نێوەکەت بە خەسار نەدەی!

وەکو نوسنەك بە بەرۆکییەوە دەنوساو لێی نەدەبووەوە. لە حەژمەتاندا هەزارو یەك جنێوی بەخۆی دەدا:

– .. دەك خەجاڵەت بی. زارت بەبڕین چێ، چما ناوبڕان بوو، هەرما ئەو ناوە زلە لەخۆ بنەی؟ چما قارەمانێتی کارێکی هێندە ئاسانە، هەر لات و لەوێرێ پڕی داتێ..

ئەوجا بلوێرەکەی لەبەر پشتێنەکەی دەردێنا، تا تاقەتی لەبەر دەبڕا، هەوایەکی غەمگینی لێدەدا. هێندە غەمگین هێندە غەمگین، تەیروتوی لە حەوا رادەگرت. بەردو چیای دەهێنایە زمان. تا رۆژێك هێندەی بلوێر لێدا، شەکەت و ماندوو ئاگای لەخۆ برا. خەوی لێکەوت.

گوڵاڵە سورەیەك هاتە خەونی و گوتی:

– ئەوە چییە برالە، چیت لێ قەوماوە؟ بۆ وا دەستت لەخۆ بەرداوە، خەریکی ژیان لە بەرچاوی ئێمەش دەخەی.. هەر خەمێکت هەیە بابێ، بەڵانەکی دەست لە ژیان بەرمەدە، دەنا نا ئومێد دەبێ، پیاوی نا ئومێد ئەقڵی بە هیچ کوێ ڕا ناگا. بەناو ژیان بکەوە، ژیان پڕە لە دەرگاو ئەو دەمە دەرگایەکت هەر لێ دەبێتەوە.

لە خەو هەستا، ئازای نیشتبووە ئارەقە، یەك دووجار کێشمانی خۆی دا، شنەبایەکی فێنك ئارەقەکەی هیشك کردەوە. شادییەك بە دڵ و دەرونیدا گەڕا.

* * *





بە یانییەك خەڵکی گوند رابوون. دیقەتیان دا کانییەکە وشکی کردووە. رەونەقی گوند شکاوە. هەرچەند بیریان کردەوە ئەقڵیان بە هیچ کوێ ڕا نەگەیی... خەڵکی بێ ئاو مانەوە. باخ و باخات وشکی کرد. مەڕو ماڵات بە کۆمەڵ مردار بوونەوە. خەڵکی ترسیان لێنیشت، دەیانزانی گەر کار وابڕوا هێندە نابا کە هەموو ماڵوێران دەبن و تیا دەچن. ئەنجام پەنایان وەبەر ئاپۆ عارف برد، پیاوێکی دنیا دیدەی قاڵبووی رۆژگار بوو.

– ئاپۆ عارف تەگبیرت بە چییە؟

سەرێکی لە قاند، وەکو یەکێك خۆی بدوێنێ گوتی:

– ئەم کانییە لە سەرێ ڕا دێ. بەزورگەکەی سەرووی گوندا هەڵگەرێن. ناوە ناوە گوێ بە عاردییەوە بنەن. لە کوێ هەستتان کرد، زەوی ورتە ورتی لێوە دێ، ناوی خوای لێ بێنن و بکەونە هەڵکەندی.

بە قسەیان کرد. پاچ و خاکە نازیان خستەکار، چاڵێکی زۆر گەورەو قوڵیان هەڵکەند. سەیریان کرد حەزیایەکی حەوت سەر دەمی بە ئاوەکەوە ناوەو نا یەڵێ تاقە چۆڕێکی بێتە خوارێ. کە چاوی بەخەڵکەکە کەوت لە نەعرەتەی دا:

– لەجێی خۆتان بوەستن. نەخەڵەتابن ببزون! وادیارە ئاواتان دەوێ! ئاو، هەروا خۆڕایی نییە. گوتیان:–ئەدی چۆن؟

– دەبێ هەموو رۆژێ کیژێکم بۆ بێنن، ئەو ماوەیەی تا لە خواردنی دەبمەوە، ئاوەکەتان بۆ بەر دەدەمەوە.

– جا ئەو ماوەیە کەی هێندە دەبێ، تا کیفایەتی رۆژێك ئاو بێتە خوارێ؟!

– دەتانەوێ ئەوەیە، ناتانەوێ بڕۆن بۆ خۆ ئاو پەیدا بکەن. دەی خێرا لێرە بڕۆن دەنا.. خەڵکەکە نیگەران و شپرزەو هەراسان بۆ نێو گوند گەڕانەوە. چونەوە لای ئاپۆ عارف، روداوەکەیان لە نوکەوە بۆ گێڕایەوە. ئاپۆ عارف سەرێکی باداو گوتی:

ئای غەدار باب. پیشەی غەداران هەر وابووە. بۆ دەسرۆکەیەك قەیسەرییەکیان سوتاندەوە. ئێوە نازانن ئەمە چ ئۆینێکە. ئاوو ئافرەت هەردوکیان سەرچاوەی ژیانن. دەیەوێ بە جارێ هەردوو سەرچاوەکەی ژیانمان لێ وشك بکا.

ردێن سپیانی گوند، هەموو خڕبوونەوە تا تەگبیرێك بکەن. گەنجەکان کۆبوونەوەو هەموو ئامادەی خۆبەخت کردن بوون. شمشێر لەبن میچان هێنرانە خوارێ، تیژ کرانەوە. نەخشەی پەلامار دارێژرا. شەوێ هێرش کرا. پیرە حەزیای غەدار باب کلکلی لە عاردی چەقاند. زەوی لەرزی. لە نەعرەتەی دا. ئاگر لەهەر حەوت دەمییەوە داباری. هەرچی تاوێری سەرچیا بوو خل بوونەوە. لاوەکان لە ترسا پاشەکشەیان کرد. چار نەما یا





دەبوو گوندەکە چۆڵ بکەون، یا مل بۆ داواکەی پیرە حەزیا شۆڕ بکەن. چۆڵ کردنی گوندەکە هەر نەو، دەبوون بەگەپجاری دۆست و دوژمن: بێ غیرەتن، دەستبەرداری خاکی خۆ بوون... قڕ کەوتە کچان. تاقە کیژێك مایەوە. تاقانەی داك و بابی بوو. تا حەز بکەی لە بارو جوان بوو. بە تۆ بوایە نە بکەی نە بخۆی هەر دانیشی و تەمەشای سای گەردنی بکەی.. بۆ بەیانی نۆرە دەهاتە سەر ئەو. ئەو شەوە تا بەیانی نەخەوت. دەمەو بەیانی جوانترین جلکی لەبەر کرد، دەتگوت بەبووکی دەچێ! دوا ماڵی گوند گەڕا. گەردن ئازایی لەگەڵ وردو درشت دا کرد. بەرەو حەزیاکە کەوتە رێ. خەڵکەکە مات و خەمبار، داماوو بێ دەسەڵات، دورو نزیك دووی کەوتن. ئاوڕێکی لێدانەوە.

– من بەپێی خۆم دەڕۆم. شانازییە بۆ من گەر بۆ چەند سەعاتێکیش بووە، هەندێ ئاو بۆ هاوگوندییەکانم دابین بکەم.

قارەمان، لە هەموو خەڵکەکە خەمبارتر بوو. گوێی زرینگایەوە. دەنگی گوڵاڵە سورەکەی خەونی بوو:

– .. بەناو ژیان بکەوە. ژیان پڕە لە دەرگا، ئەو دەمە دەرگایەکت هەر لێ دەبێتەوە.

لەپڕ راچڵەکی. چاوەکانی بوون بە دوو کەڵە پشکۆ. لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئەم سامی ترسە چییە! ئەم هەموو کیژە بۆ وا ملکەچانە دەرخواردی حەزیا دران. خۆ با هەر کیژەو خۆی

تاقی کردباوەو بەگژ حەزیاکەدا چوو بوایە. لەوە بوو یەکێکیان حەزیاکەی کوشتباو هەموو شت بڕاباوە.. خۆ هەر دەمردن، دەمردن! دیسان دەنگی گولاڵەکەی خەونێتی:

– .. دەست لە ژیان بەر مەدە. دەنا نا ئومێد دەبی. پیاوی نا ئێومێد ئەقڵی بە هیچ کوێ ڕا ناگات. باشار لە دەست دەدات..

.. راست دەکات. ئەمانە تەنیا نا ئومێدی بەم دەردەی بردون.." بە پڕتاو بۆ نێو گوند گەڕاوە. شمشێرێکی لەگەڵ خۆ هێناو بەلەز هاتەوە دڕی بە خەڵکەکە دا گوێی لێ بوو بابی کیژەکە بەدەم کوڵی گریانەوە دەیگوت:

– هەر کەسێ حەزیاکە بکوژێ، هەم کیژەکەی دەدەمێ، هەم ماڵو موڵکەکەم.

دڕی بە خەڵکەکەدا، خۆی گەیاندە کیژەکە، باسکی گرتو بەرەو ناو گوندی گەڕاندەوە. خەڵکەکە حەپەسابوون. دەیەوێ چ بکا! گەنجەکان خۆزگەیان پێدەخواست. بە غیلیان پێدەبرد. دەڕوییو گوێی دەزرنگایەوە:

– .. هیوادارین نێوەکەت بەخەسار نەدەی.

هێندەی دی لەسەر بڕیارەکەی رژد دەبوو. لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "فرسەتە قارەمان! لە دەستی نەدەی. درۆیەکت کرد، دەمێکە پێیەوە دەتلێیتەوە. مەترسە، درۆکەت بسڕەوەو ئیدی بانێوت قارەمان بێ.."





گەییە ئاستی حەزیاکە، شمشێری هەڵکێشا. نەعرەتەی حەزیاکە نەی ترساند، بەڵکو پتر غیرەتو خوێنی هێنایە جۆش.. خەڵکەکە واق وڕماو وێستا بوون. کاتێکیان زانی گەردەلوولی ئاگر دنیای گرتەوە.

قیامەت رابوو. کەرتە شاخ بەر بوونەوە. درەختی زەلام زەلام لە ڕەگوریشەوە هەڵکەندران. هەراو هەنگامە گوێی بنیادەمی کەڕو کاس دەکرد. پاش قەدەرێك تەپو تۆزو گەردەلوول نیشتەوە. خەڵکەکە گەیینە دیار چاڵەکە. دیتیان قارەمان نوکی شمشێرەکەی لە گەروی حەزیاکە چەقاندوەو دیواو دەرکونی کردوەو حەیاتی لەبەر بڕیوە.

تەپڵو زوڕنای شادی کەوتە لێدان. ئاهەنگی حەوت شەووحەوت رۆژ گێردرا.

بابی کیژە، مەلای هێنا تا کیژەکەی لە قارەمان مارە بکا. بەڵام قارەمان قبوڵی نەکرد.

– ئەمەم بۆ پاداشت نەکردووە.. بەختیاری ئێوەم دەوێ. تەنیا ئەوەم داوایە کە بەیەکێك لە خۆتانم بزانن.

تێکڕا داواکەیان قبوڵ کرد. ئاپۆ عارف هاتە بەرەوە، نێوچەوانی ماچ کرد. بە ئەوکی پڕ لە گریانی شادییەوە گوتی:

– بەراستی ناوەکەت خەسار نەکردووە. رەحمەت لەو دایکەی مەمکی لە زار ناوی.

ئەوجا رووی کردە ئاپورای خەڵکەکەو گوتی:

– گەلۆ من داوای ئەوە دەکەم، کە ناوی کانییەکەمان بنەین کانییە قارەمان.

تێکڕا لە چەپڵەیان داو پێشنیازەکەیان قبوڵ کرد.

* * *

خەڵکەکە زۆر ماندوو بوون، ئەو شەوە تێر خەوتن، بەیانی درەنگانێ لە خەو رابوون.. سەیریان کرد، قارەمان، دەمەو روو دەمی لە نێو کانییەکە ناوەو بەو دەقەوە گیانی دەرچووە..

ئێستاش کەس نەیزانی ناوی چی بوو!

لە قەراخ شار بوو.هەموو رۆژێ بە پێیان هاتوچۆی قوتابخانەی دەکرد.رۆژێك لە گەڕانەوەدا مەلێکی بچووکی گرت.شادوبە کەیف لەگەڵ خۆی بردییەوەو لە قەفەزی نا..دان‌وئاوی بۆ دانا،نەوزاد زۆر نازی باڵندەکەی دەکێشا، کەچی باڵندەکە رۆژ بە رۆژ کزتر دەبوو، سەری وەبن باڵی دەناو خەمگین‌و بێتاقەت هەڵدەکوڕما، ناوە ناوە لەپڕ وەکو یەکێك لە خەونێکی ناخۆش بێداربێتەوە ڕادەچڵەکی‌وجوکە جوکێکی غەمگینی دەکردو لە جێی خۆی مت دەبووەوە.

نەوزاد سەری لەمە سوڕمابوو.لە دڵی خۆیدا دەیگوت" خۆ زۆر نازی دەدەمێ، عاجزی ناکەم، دان‌و ئاوی دەدەمێ، لە هیچی کەم نییە، کەچی هەمیشە خەمبارو بێتاقەتە."





ویستی هۆی ئەمە لە بابی بپرسێت، رۆژێك بابی لە ماڵ بوو، باڵندەکە لە پڕ ڕاچڵەکی‌و جوکە جوزکێکی کرد، نەوزاد تۆزێ گرژییەوەو بە بابی گوت:

– بابە ئەم تەیرە دەڵێ چی؟

بابی نەوزاد پیاوێکی دنیا دیدە بوو، یەدەردی باڵندەکەی دەزانی.تۆزێ راماو گوتی:– دەڵێ ئاخ وەتەن!

– ئاخ وەەن یانی چی؟!

– یانی بە زیندان رازی نییە، بیری وەەنی خۆی دەکات.

– وەتەنی خۆی لە کوێیە؟!

– ئەگەر بەرەڵڵای بکەی‌و شوێنی بکەوی دەیزانی.

نەوزاد باڵندەکەی بەرەڵڵاکرد، لەگەڵ بابیا شوێنی کەوتن.لەسەر بنچکە دڕکێك نیشتەوە، بای باڵی خۆی داو هەڵی کردە خوێندنێکی بەسۆز، نەوزاد گوتی:

– بابە دەڵێ چی؟!

بابی بزەیەکی شیرینی بە روویدا داو گوتی دەڵێ:

– ئۆخەی وەتەن!ئەوجا دەستێکی بەسەر نەوزادا هێناو گوتی:

– ئەدی چۆن ڕۆڵەی شیرینم، وەتەن ئەگەر بنجە دڕکێکیش بێ هەر شیرینە.

**حەمە کەریم عارف**

* کەرکووکییە و لە ساڵی ١٩٥١دا لەدایك بووە.

- لە ساڵی ١٩٧٥ کۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە.
- یەکەم بەرهەمی شیعرێکە بەناوی ( هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو ) کە لە ژمارە ( ١٧٠ ) رۆژنامەی هاوکاری لە ٨/٦/١٩٧٣ بڵاوبووەتەوە.
- لە ساڵی ١٩٧٥ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە.
- سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سکرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك، نووسەری کوردستان، کەلتوور، نووسەری کورد، گوڵانی عەرەبی، ئاڵای ئازادی تا ژمارە ٢٢٢، گۆڤاری نەوشەفەق.





* جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك، نووسەری کوردستان، کەلتوور، رۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: ٢٢٢ بەناوی گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح. ع ،هامون زێیاری، با زەوان عەبدولکەریم بەرهەمی بڵاو کردووەتەوە.

*لە ساڵی ١٩٧٤ – ١٩٧٥دا پێشمەرگەی شۆڕشی کوردستان بووە، لە هەشتاکاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ، بێ وابەستەگی حیزبی پێشمەرگە بووە و وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی رەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات، چونکە باوەڕی وایە کە رۆڵەی میللەتی مەزڵوم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.

- لە هەشتاکانەوە تا ٢٠/٨/٢٠١٠راستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کردووە.
- زۆر بەرهەم و کتێبی چاپ و بڵاو کردووەتەوە، لێ زۆربەی هەرە زۆریان، بە تایبەتی ئەوانەی لە چیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە کەم بڵاوبوونەتەوە، لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە کە لە فەوتان رزگار بوون. هەندێك لە وانە:

١- تیرۆژ، کۆ چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٧٩
٢- کۆچی سوور، رۆمان، چاپی یەکەم، ١٩٨٨، چاپی سێیەم ٢٠٠٧
٣- بەیداخ، چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٨٨
٤- داوەتی کۆچەرییان، کۆ چیرۆك ، چاپی دووەم ٢٠٠٥

٥- لە خۆ بێگانە بوون، کۆمەڵە چیرۆك، چاپی یەکەم (١٩٩٩) دەزگای گوڵان

٦- کوچ سرخ، کۆ چیرۆك، بە فارسی، وەرگێڕان چاپی یەکەم ١٩٨٧ شاخ

٧- نینا، ڕۆمان، سابت رەحمان، چاپی یەکەم، شاخ، ١٩٨٥ چاپی سێیەم ٢٠٠٥

٨- نامۆ، ڕۆمان، ئەلبیر کامۆ، چاپی یەکەم، شاخ١٩٨٧چاپی چوارەم ٢٠٠٩ وەشانخانەی سایە، سلێمانی

٩- ڕێبەر، ڕۆمان، مەهدی حسین، چاپی یەکەم (شاخ) ١٩٨٣، چاپی دووەم، ٢٠٠٧

١٠-شکست، ڕۆمان، ئەلکساندەر فەدایەف، چاپی شاخ (راه کارگر)، چاپی دووەم، ٢٠٠٩ خانەی وەرگێڕان.

١١- هاوماڵەکان، ڕۆمان، ئەحمەد مەحمود، چاپی دووەم ٢٠٠٠ دەزگای گوڵان

١٢ – بێناسنامەکان، ڕۆمان، عەزیز نەسین، چاپی سێیەم ٢٠٠٦

١٣- قوربانی، ڕۆمان، هیرب میدۆ، چاپی یەکەم ٢٠٠٤ دەزگای شەفەق

١٤- دووره وڵات، ڕۆمان ع. ڤاسموف، چاپی یەکەم٢٠٠٠ دەزگای گوڵان

١٥- ئازادی یا مەرگ، ڕۆمان، کازانتزاکیس، چاپی یەکەم ٢٠٠٣ کتێبخانەی سۆران، چاپی دووەم: ٢٠٠٨

١٦- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی، چاپی دووەم، ٢٠٠٤ کتێبخانەی سۆران هەولێر

١٧- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی، چاپی شاخ ١٩٨٥





١٨- ئەو ڕۆژەی کە ونبووم (کۆمەڵە چیرۆکی بیانی) چاپی یەکەم، ٢٠٠٦

١٩- جێ پێ (کۆمەڵە چیرۆکی فارسی) چاپی یەکەم ٢٠٠٦، نووسەرانی کەرکوك

٢٠- زندە خەون، کۆمەڵە چیرۆك، چیخۆف، چ١، دەزگای موکریانی

٢١- چیرۆکستان، کۆمەڵێك دەق‌ورەخنەی جیهانی چ١، ٢٠٠٥، نووسەرانی کەرکوك

٢٢-دیدارو دەق‌و رەخنە، چ٢٠٠٥، 1

٢٣-دیداری چیرۆکڤانی، چ٢٠٠٥، 1

٢٤-ئەو بەرخەی کە بوو بە گورگ، چ٢٠٠٨، ١نووسەرانی کەرکوك

٢٥- میوان، چیرۆك، ئەلبێر کامۆ

٢٦- مەسەلەی کورد لە عێراقدا، عەزیز شەریف، چاپی دووەم ٢٠٠٥

٢٧- مێژووی رەگ و ڕەچەڵەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا، چ١٩٩٨١، 1

٢٨- کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، د. کوینتەر دیشنەر، چاپی سێیەم ٢٠٠٤

٢٩- لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ کەنارێن ئاراس، نەجەف قولی پسییان، چاپی یەکەم ٢٠٠٦

٣٠- کورد لە سەدەی نۆزدەوبیستەمدا، کریس کۆچرا، چاپی چوارەم ٢٠٠٧

٣١ –کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا، چاپی یەکەم ١٩٩٨

٣٢- چینی کۆن، چ١(        )دەزگای موکریانی

---

٣٣- دلێریی خۆراگرتن، ئەشرەفی دەهقانی

٣٤- خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ، مەسعودی ئەحمەد زادە

---

٣٥- ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامە، پاول ئایز لەر

٣٦- بە دوعا شاعیرەکان، شانۆنامە، جەلیل قەیسی ( گزنگ ژ:١٢ )

٣٧- جولەکەکەی ماڵتا، شانۆنامە،کریستۆفەر مالرۆ.

٣٨- داد پەروەران، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ

٣٩- بەد حاڵی بوون، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ.

٤٠- چاو بە چاو، شانۆنامە، گەوهەر مراد ( غولام حسەینی ساعیدی )

٤١- ریچاردی سێیەم، شانۆنامە، شەکسپیر. چاپی یەکەم ٢٠٠٩، بڵاوەخانەی سایە، سلێمانی

٤٢- گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامە، عەبدوڵڵائەلبوسێری..

---

٤٣- مندالە دارینە، چیرۆکی درێژ بۆ منداڵان.

٤٤- فاشیزم چییە؟ کۆمەڵە چیرۆك بۆ منداڵان، یەلماز گونای

٤٥- شوانە بچکۆلەکە، چیرۆکێکی درێژی چینی یە بۆ منداڵان

٤٦- زارۆکستان ( چوار شانۆنامە بۆ مناڵان )

٤٧- چەند چیرۆکێك لە ئەفسانەی یونانی کۆنەوە ( ٢٣ئەفسانە )

---

٤٨- لە گە نجینەی حیکایەتی تورکمانییەوە. ( ئەفسانەی ئەسپی ئاشق )چاپی یەکەم٢٠٠٨





٤٩- ئەفسانەێن گریکی و رۆمانی، چاپی یەکەم ( ٢٠٠٤ ) کتێبخانەی سۆران، هەولێر

٥٠- ئیلیادە، هۆمیرۆس، چ١،دەزگای سەردەم ٢٠٠٩

---

٥١- گۆڤەند و زنار ( فەرهەنگی فارسی – کوردی ) حەمە کەریم عارف، چ١( ٢٠٠٦-٢٠٠٨ )دەزگای موکریانی

٥٢-چۆنیەتی فێربوونی زمانی فارسی، چ١، ٢٠٠١

---

٥٣- چرنیشفسکی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس

٥٤- چایکۆ فسکی، ژیان و بەرهەمی.

٥٥- ئیدگار ئالین پۆ، ژیان و بەرهەمی.

٥٦- جاك لەندەن، ژیان و بەرهەمی

٥٧- گوگول، نووسەری ریالیست

٥٨- یەڵماز گونای، ژیان و بەرهەمی

٥٩- سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی

٦٠- خافروغ لە شیعر دەدوێ، ژیان و بەرهەمی

---

٦١- راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا ( بە شەریکی ) چاپی یەکەم ( ٢٠٠١ ) دەزگای گوڵان

٦٢-راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا، حەمە کەریم عارف، چ( ١ )،٢٠٠٥

٦٣- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان ( لە کۆنەوە تا سەدەکانی ناڤین ). چاپی یەکەم٢٠٠٨

٦٤- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان ( لە سەردەمی رینیسانسەوە تا ئێستا ). چاپی یەکەم٢٠٠٨

٦٥- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان ( ئەدەبیاتی ئینگلیزی زمان- ئەمریکاو ئینگلیستان لە سەرەتاوە تا ئێستا ). چاپی یەکەم٢٠٠٨

٦٦- ریالیزم‌ودژە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا، سیروس پرهام، چ٢٠٠٤، ١، دەزگای سپیرێز

٦٧- قوتابخانە ئەدەبییەکان، رەزا سەید حسەینی، چ٢٠٠٦، ١دەزگای موکریانی

٦٨- مێژووی ئەدەبیاتی روسی، سەعیدی نەفیسی

٦٩- لێکدانەوەیەك لەمەڕ نامۆ ، لویس ریی ، چ٢، ٢٠٠٦

٧٠- هونەروژیانی کۆمەڵایەتی، بلیخانۆف، چ١( ٢٠٠٥ )دەزگای موکریانی

٧١- گوزارشتی مۆسیقا، د. فواد زکریا، چ١، یانەی قەڵەم ٢٠٠٦

٧٢- رێبازە هونەرییەکانی جیهان

٧٣- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت، ( چ١ ) ٢٠٠٦

٧٤- دەربارەی شیعروشاعیری، حەمە کەریم عارف، چ٢٠٠٧، ١

٧٥- دەربارەی رۆمان و چیرۆك، حەمەکەریم عارف، چ١، ٢٠٠٨

٧٦- مەرگی نووسەرو چەند باسێکی دیکەی ئەدبی-رۆشنبیری، حەمەکەریم عارف، چ١، ٢٠٠٥نووسەرانی کەرکوك

٧٧- ناودارانی ئەدەب، حەمە کەریم عارف، ( چ١ ) دەزگای موکریانی، ٢٠٠٩

٧٨- پەیڤستانی من، حەمە کەریم عارف، چاپی یەکەم( )





٧٩- پەڵکە رەنگینە، حەمە کەریم عارف، چ١، ٢٠٠٤

٨٠- خیانەتی حەڵاڵ، حەمە کەریم عارف

٨١-بووکی هەزار زاوا، کۆچیرۆك، بزورگی عەلەوی

٨٢-ئەبوزەر، د.عەلی شەریعەتی

٨٣-ریوایەت، ڕۆمان، بزورگی عەلەوی

٨٤-وقفات في رحاب الثقافة الكوردية، حەمە کەریم عارف

٨٥-هەژاران، ڕۆمان، دوستوفسکی

٨٦-دەیڤد کۆپەرفیلد، ( رۆمانی کورتکراوە بۆ نەوجەوانان ) چارلس دیکنز

٨٧-ئۆدیسە، داستان، هۆمیرۆس

٨٨-ظل الصوت و قصص اخرى، تقديم و ترجمة جلال زنطابادى

٨٩-شازادە و گەدا، رۆمان، مارك توین

٩٠-بۆ کوێ دەرۆیت؟

٩١-سفرەی فەقیران حەمە کەریم عارف

٩٢-باڵندەکەی من رۆمان، فرییا وفی

* لە را پەڕینەوە تا نهوو چالاکانە بەشداری بزاڤی ئەدەبی و رۆشنبیریی کوردی دەکات وبەرهەمی هەمە جۆر ( نووسین و ئامادە کردن و وەرگێڕان ) بڵاودەکاتەوە..

* ئەو بەرهەمانە و زۆری دیکەی ئامادەن بۆ چاپ و چاپکردنەوە و هەر کەس و گروپ و لایەن و دەزگایەك تەماحی بڵاو کردنەوەی هەبن، دەبێ پرس بە نووسەر بکات...

## ئەو کتێب و بڵاوکراوانەی لقی کەرکووکی یەکێتی نووسەرانی کورد پاش کۆنفرانسی ئازادی بەچاپی گەیاندوون جگە لە گۆڤاری گزنگ کە بەردەوام مانگانە دەردەچێت

| ز | ناوی کتێب | بابەت | نووسەر | وەرگێڕ | ساڵ |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| ١٠٨ | خوێندنەوەی چەند دەقێکی | خوێندنەوە | سامان محەمەد | | ٢٠١٠ |
| ١٠٩ | هەرمێیەکانی فیرعەون | شیعر | ئەحمەدی مەلا | | ٢٠١٠ |
| ١١٠ | تەونێك لە شیعر و وشە | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | مەحمود نەجمەدین | | ٢٠١١ |
| ١١١ | ١ ١ ١ نامەی سۆزداری | تێکستی دڵداری | کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: | | ٢٠١١ |
| ١١٢ | دانای کوێخا شەوکەت | ڕۆمان | موعتەسەم ساڵەیی | | ٢٠١١ |
| ١١٣ | سەمای روح | کورتە چیرۆك | نەوزاد یوسف کاکەیی | | ٢٠١١ |
| ١١٤ | سلێکوك هۆکلێر عاجباتیی هەشتەم | ڕۆمان | عەبدوڵڵا سەڕاج | | ٢٠١١ |
| ١١٥ | خەزان و شنەی بەیان | شیعر | غازی ڕەشید زەنگنە | | ٢٠١١ |
| ١١٦ | بزووتنەوەی ڕوانگە و شاعیرانی حەفتا و | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | د.هیمدادی حوسێن | | ٢٠١١ |
| ١١٧ | ئاوابوونی جەستە لە سەفەری دڵدا | شیعر | ستار ئەحمەد عەبدولرەحمان | | ٢٠١١ |
| ١١٨ | دەرگاکان | کۆچیرۆك | خالید مەجید فەتحوڵڵا | | ٢٠١١ |
| ١١٩ | تەنیا لەبەر مەعاشەکەیە | کورتیلە چیرۆك | بەکر دەروێش | | ٢٠١١ |
| ١٢٠ | گەشەکردنی زمانی منداڵ | زمانی منداڵ | | و: د.ئازاد باخەوان و | |
| ١٢١ | لە لووتکەی ئەدەبی ئەڵمانەوە | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | عومەر عەلی شەریف | | ٢٠١١ |
| ١٢٢ | وازیەکانی رەشە گۆم | ڕۆمان | کاکە مەم بۆتانی | | ٢٠١١ |
| ١٢٣ | شاری لەغەم ئاوسبوو | ڕۆمان | سالار ئیسماعیل | | ٢٠١١ |



| | | | | | |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| ١٢٤ | ململانێ لەگەڵ پرسیاردا | کۆدیدار | دانا عەسکەر | | ٢٠١١ |
| ١٢٥ | ئەو نامانەی بۆ پیرێتی خۆم دەیاننێرم | دەق | سوارە نەجمەدین | | ٢٠١١ |
| ١٢٦ | عامُ الصِّفْرْ | شعر | صباح رەنجدەر | ترجمة: المهندس | ٢٠١١ |
| ١٢٧ | ڕاکشان لە تەنیشت تارمایی نیشتمانەوە | چەند دەقێکی | عەبدولاّ سلێمان (مەشخەڵ) | | ٢٠١١ |
| ١٢٨ | لقاءات تحت أشعة الحروف المشرقة | مجموعة حوارات | سردار زنکنە | | ٢٠١١ |
| ١٢٩ | دزەکان | کۆمەڵە چیرۆك | | ئازاد نەجم | ٢٠١١ |
| ١٣٠ | ڕووبەڕێکی ڕەخنەیی | ڕەخنەی ئەدەبی | د. فوئاد ڕەشید | | ٢٠١١ |
| ١٣١ | کتێب | خوێندنەوەی بیست | جەلیل کاکەوەیس | | ٢٠١١ |
| ١٣٢ | لە سۆاخی عیشقدا | کۆمەڵە چیرۆك | سەلمان شێخ بزێنی | | ٢٠١١ |
| ١٣٣ | عومەر سەیفەدین | لێکۆڵینەوە | | و. لە تورکییەوە: | ٢٠١١ |
| ١٣٤ | مەحوی ناسی | لێکۆڵینەوە | هیمداد شاهین | | ٢٠١١ |
| ١٣٥ | بەیداخ | نۆڤلێت | حەمە کەریم عارف | | ٢٠١١ |